عیسی پژمان

# نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجەزایر

(لە ئارشیڤی تەواو نهێنی ساواک)

وەرگێر: ناسر ئیبراهیمی

عیسی پژمان

# نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ۱۹۷٥-ی ئەلجەزایر

(لە ئارشیڤی تەواو نهێنی ساواک)

وەرگێر: ناسر ئیبراهیمی

(پێشکەش بەوانەی کە بە دووای راستیدا وێڵن)

پێناسی کتێب:

ناوی کتێب : نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجەزایر
نووسینی : سەرهەنگی ستاد عیسی پژمان
وەرگێر : ناسر ئیبراهیمی
پیت چنین و مۆنتاژ : وەرگێر
چاپخانەی :
چاپی یەکەم - سوید ١٩٩٧

پێرست:


پێشەکی ........................................................ ١
نهێنییەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزایر-١٩٧٥................ ٧
پێشنیاری گەلالەی سەرکەوتوو.................................. ٥١
هەوەلین دیدار لەگەڵ شای ئێران............................... ٦٠
ئامادەکردنی گەلالەو دەستکردن بە کار...................... ٦١
بەڵێنی هاوکاری کردن................................................ ٦٣
سەربادان و دەستپێکردنی شەری پارتیزانی.................. ٦٥
داکەوتن و سەرکەوتنی عبدالسلامەکان و.................... ٧٢
دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستان.......................... ٧٩
شەرو پێکدادانی مەلامستەفا لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبی.......... ٨٢
پەیوەندی لەگەڵ رووس و خەیانەت بە قورئان................ ٩٢
لە سەردەمو لە نێو کاردا............................................ ٩٥
بیرو گەلالەی تازەی بەعسیەکان.................................. ١٠٠
ئەسپاردنی کار لە شارەوانی گشتی ولاتدا...................... ١٠٢
کاری تەیموری بەختیار پەرەی گرت.............................. ١٠٣
صدام حسین کۆلی نەدەدا............................................ ١٠٤
بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجەزایر............................ ١٠٦
دەنگدانەوەی پەیمانی ١٩٧٥ لە نێو کوردەکاندا................ ١١١
ئال و گۆر لە بابەت من و ساواک................................ ١١٤

## پێشەکی وەرگێڕ

نامیلکەیەکی لەبەردەستی خوێنەرانی بەڕێزدایە، وەرگێڕاوی کورتەی کتێبێکە بەناوی:« نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر لە ئارشیوی تەواونهێنی ساواک»، لە نووسینی سەرهەنگی ستاد عیسی پژمان.

ناوی عیسی پژمان لەلای تێکۆشەرانی سیاسی وگەلێک ڕۆشنبیرانی کورد ناوێکی نەناسراونیە. ناوبراو کوردێکی سنەیی و یەک لە ئەفسەرانی چالاکی دەزگای سازمانی ئاسایشی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران(ساواک) بوەو بە سیفەتی ئەوەی کورد بوە لە باڵیۆزخانەی تاران لەژێر ناوی وابەستەی نیزامی ولە ڕاستیشدا وەک کاربەدەستی ساواک، ودەزگای جاسوسی ئێران لەگەڵ تێکۆشەانی سیاسی کوردستانی عیراق وبەتایبەت هێندێ لەڕێبەرانی ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردستان وکەسایەتیەکانی دیکەی کورد دۆستایەتی پەیداکردوەو لە پێوەندی دابوە. بەم هۆیەوە کاروباری کوردەکانی کوردستانی خواروو لە دەزگای ساواک وسازمانی ئاسایشی ئێران بەو سپێردراوە ،وتەنانەت لەلایەن شەخسی محەممەدرەزاشاوە بۆ دەست خستنە ناو کاروباری کورد لەکوردستانی عیراق وهاندانی کوردەکان دژی ڕێژیمی عبدالکریم قاسم وئاژاوەنانەوە، ئەو بەکار هێنراوە.

ڕەنگە زۆرپێویست نەبێ ئێمەلەم کورتە پێشەکیەداعیسی پژمان زیاتر

به خوێنەرانی بەرێز بناسێنین. نێوەرۆکی ئەم وەرگێڕاوەیە خوێنەر لەچالاکی ونەخشی ناوبراو لەبارەی هاتووچۆ وپێوەندی بەرێبەرانی ئەوسای پارتی ویردنە پێشی سیاسەتی حکوومەتی ئێران لەکوردستانی عیراق وهاندانی کوردەکان بۆ شۆڕش وڕاپەڕین وئاکامی هەڵسوڕان وتێکۆشانی ناوبراو شارەزادەکا.

نووسینی عیسی پژمان ئەم ڕاستی یەتاڵ وداخدارەمان بۆ دەردەخا کەکورد چۆن دەبێتە داردەستی حکوومەتی کوردکوژی تاران وبەناوی، « کوردەکانی لەئێران جیابۆوە» و « شانازی کردن بە هاوپێوەندی وهاورەگەزی لەگەڵ ئێران وپێوەندی بەناسیۆنالیزمی ئێرانی» و « ئەگەر هەزار پارچە بکرێن رەگەزورەسەنی خۆیان وپێوەندی یان بەناسیۆنالیزمی ئێران وکولتوورو زمانی خۆیان لەبیرناکەن» و «ئەوانەی لەم بەرو ئەوبەری سنوور نیشتەجێن پێوەندی یان بەئێرانەوە هەیەو ئێرانیان پێکهێناوەو یەکەمین حکوومەتی پاشایەتی ئێرانیان دامەزراندوە و لەگەڵ ئێران پەیدا بوون ولە ئێران دەمرن و بەلام ئێران زیندوو دەبێ» وئەم جۆرە قۆڕیاتانە فریو دەدرێن و وەمەلە دەکەون. یان: «زۆر بەخێرایی وتادەرفەت لەکیس نەچوە لەگەڵ سەرۆکانی کورد لەعیراق گفتگۆ بکرێ وئەوان هان بدرێن لەبەغدا وەدەرکەون وبچنە ناوچەی باکوور ولە ناوچەیەکی لەبار خەڵک لەخۆ کۆوەکەن وبەگوێرەی مادە۳ی بەیاننامەی ژمارەی یەکی شورای بەرزی شۆڕش داوای مافی خۆیان بکەن»

بەڵێ عیسی پژمان کەدارێژەری کەلاڵەی هاندانی «کوردەکانی لەئێران جیابۆوە» بۆ « وەدەست هێنانی مافی خۆیان» بوە، لەکاتێکا کوردەکانی ئێران رێگایان نادرێ بەزمانی خۆیان بخوێنن وپشویان لەبەر بێتەدەر، نەخشەی کەلاڵەی خۆی بەمجۆرە بۆشای ئێران روون دەکاتەوە: «...... ئەگەر بارزانی وسەرۆکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەگەڵ بیروراو پێشنیاری ئێمە موافەقەت بکەن، لە سەتاسەت بە سوودی

ئێمەیە. ئێمە دەتوانین ئەوپەڕی کەڵکیان لێ وەربگرین. جگەلەوە ئێمە مامڵەیان لەگەڵ دەکەین ، نەک هاوکاری. ئێمە لە سەرەتاوە ئیمکاناتێکی پچوکیان لەبەردەست دادەنێین، ئەرکێکیشیان بۆدیاری دەکەین. ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا ئەرکەکەیان ئەنجام دا، ئەوە هاوکاری درێژە پێدەدرێ. ئەگەرنا رایدەگرین. دانی چەندتفەنگی برنۆ کەهەزاران هەزار لە عەمبارەکاندا کەوتوونەوە. لەگەڵ چەندمیلیۆن فیشەک و کەمێکیش پارە چ کاری گەریەک لەوەزعی ئێمەدا دەکات؟....»

عیسی پژمان کەخۆشی کوردە وپەروەردەی دەستی سازمانی جاسوسی ئێران بوە، کوردی باش ناسیوە. زانیویە کە ئەگەر هێندێ قسەی چەورو لوسی بۆ بکەی و تفەنگ و پارەی پێ نیشان بدەی، ئیتر بێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندی بارودۆخی خۆجێیی وجیهانی ولەبەرچاوگرتنی هێزوتوانای خۆیی ودوژمن، وەشاخی دەکەوێ و (شۆرش) دەکاو ئاخریەکەشی هەموو شانازیەکەی ئەوەدەبێ کە ٥٠ هەزار شەهیدی داوە.

پژمان بەسەرکەوتنەوە (شۆرشی کورد) دەخاتەرێ. بەڵام سەرەرای دەوری ناپیرۆزی لە رووداوەکانی کوردستانی عیراق ناچار دەبێ دان بەراستیدا بێنێ و بنووسێ :«...... لێکی بدەنەوە، لە ماوەی ١٣ساڵ شەری نێوان سەربزێوانی کوردو ئەرتەشی عیراق چەند کەسمان کوردی عیراقی لەئێران جیابۆوە، لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەند وقازانجی مڵک ومیللەتی ئێران، بەکوشت دا. لەبەین چوونی چەک وقۆرخانە و موخاریجی راگرتنی خاوو خێزانی کوژراوان و هیتر دەگەنە چ ژمارەیەک. ئەوانە هەموو بۆدابینکردنی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی ئێمە بوە. هەرچەندە ناومان لێناوە، بەرگری لەسنوورو وڵات و یالەبەین بردنی چەتەو یاخی یەکان»

عیسی پژمان لەسەرەتاوە کتێبەکەی بەم چەند دێرانە دەرازێنێتەوەو لە

نێوەرۆکی نووسینەکەشیدا سیاسەتی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەعیراق ومەسەلەی کورد وچۆنیەتی ڕووداوەکان وهەڵسورانی خۆی دەخاتە بەرچاو.

پژمان دەنووسێ :«...من دارێژەرو هۆکاری بنەرەتی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزایری نێوان ئێران وعیراق بووم. چونکە: بەپێشنیاری من دەوڵەتی ئێران بەتێکۆشانی شەو ورۆژی بەڕیوەبەرایەتی دەزگای سێخوری گشتی و چالاکی دەرەوەی ساواک، دەستی دا کارێک کە لە مێژووی ڕێکخراوی جاسوسی وئۆپەراسیۆن (عەمەلیات)ی ئێراندا بێ وێنەبوە. لە ئەنجامدا لەڕێبازی گەیشتن بەئامانجی ئەو ئۆپەراسیۆنە ولەگەڵاڵەیەکدا کە بوو بە هۆی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥:

- هەزاران ئەفسەرو دەرەجەدارو سەربازی ئەرتەشی عیراق، سەدان پێشمەرگەی کوردی عیراقی، دەیان کەسی ئێرانی کوژران.

-هەزاران ماڵ وێران وسەدان گوندو ئاوایی لەناوچەکانی باکوری عیراق بە جارێک خاپور کران.

- میلیاردها ریاڵ بۆ وەدەستهێنانی نەتیجەی پێشبینی نەکراو خەرج کرا.

- میلیۆنها فیشەک و گوللە تۆپ و خومپارەو بازوکا و بۆمبا تەقێندران.

- دەیان کەسی بەرپرسی کاروباری لوجیستێکی وپشتیوانی هێزەکانی شەرکەرو شەری پارتیزانی لەخاکی کوردستانی عیراقدابوون.

- تەنیا بەژمارەی قامکی دەستان، دارێژەرو ڕێبەری عەمەلیات بۆدابینکردنی بەرژەوەندوقازانجی دەوڵەتی ئێران لە تەقەلاو تێکۆشاندا بوون

- لەجیهاندا تەنیا دوو وڵات کە لە رازی ئەم گەڵاڵە مەزنەیەی ١٣ساڵە

ئاگـادار بوون ودەست تێـوەردانی راسـتـەوخـۆ ولەلاوەی ئەوان، نرخی راستەقینەی دەوڵەتی ئێرانی کە داهێنەرو بەرێوەبەری ئەم گەلاڵەیە بوو. لە لای شەرکەران تا رادەیەک دابەزاند.

بەلام شاهەنشای ئێران لەکاتی هەرمناسک وگرنگدا توانی لە دەرفەت کـەلک وەربگرێ، بۆ ویـستـی خـۆی و ئاواتی مـیللەتی ئێـران مل بەرێبـەرایەتی دەوڵەتی عـیراق رابکێـشێ. ئاخـرەکـەی پەیمانی سـاڵی ١٩٧٥کـە بە پەیمانی ئەلجـەزایر ناسـراوە لەنێـوان دەوڵەتانی ئێـران وعـیـراقـدا بەسـتـرا،و بوو بەهۆی شـانازی بۆ تەواوی بەرپرس وهەڵسـورێنەرو راپەرێنەری گـەلاڵە و بوو بە درک بۆ چاوی دوژمنانی ئێران زەمین.» (لاپەرەی ١و٢- فارسی )

بەڵێ... عیسی پژمانی کۆنە ساواکی بە کوشت دانی دەیان هەزار لاوی کورد وئاوارە کردنی دەیان هەزار خاو وخێزانی کوردو هەرەس هێنانی شـۆرشی ١٤سـاڵەی کـورد و وێرانکردنی دەیان هەزار گـوندو ئاوایی کوردستـان. کە بەرهەمی جـەبوونی وناپیاویی وبێ شەرەفی وبێ کەرامەتی شاهەنشای ئێران وگشت بەرپرس و کاربەدەستانی ساوکی رێژیمی شابوو، بەمایەی شانازییان دادەنێ!

پژمان بێشەرمانە بەشی زۆری کتێبەکەی بۆ تاریف و پێهەڵاگوتنی ساواک و ئەفسەرانی شکنجەگەرو پیاوکوژ وجنایەتکاری رێژیمی شا رەش کردۆتەوە کە ئێمە هەڵمان ئاواردوەو قەڵەمی رەشمـان بە سـەر درێژدادری و چەنەبازی عیسی پژمان داکیشاوە. سەرنج راکێش ئەوەیە، قەڵەمی عیسی پژمان و نەوشیروان مستەفا بۆ دەربرینی حقدو کینە و هەڵبەستنی درۆی بێشەرمانە لە ئاست سەرکردەو سەرۆکی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان بارزانی نەمر، هەر دەڵێی لە جۆگەیەک ئاویان خواردۆتەوەو لە مەکتەبێکدا پەروەردە کراون،

لە کـۆتایـیـدا لەگـەڵ سـوپاس بۆ ئەوانەی لە ئامـادە کـردنی ئەم

ناميلكەيەدا  يارمەتيان داوم، ئەوا كورتەى وەرگيرانى كتيبى عيسى پژمان كە بە ئيجازەى خۆى دەستم داوەتێ، بۆ خوێنەرانى بەڕێز بەجێ دەهێلم.

وەرگێر- بانەمەرى ١٩٩٧


Col. Issa PEJMAN
66, rue de Romainville
75019 Paris
FRANCE
Tel.: (33)1 42 39 94 16
Fax: (33)1 42 39 09 23

عیسی پژمان
سرهنگ


بدینوسیله به آقای ناصر ابراهیمی اختیار و اجازه داده میشود
که کتاب اسرار کشتن پیمان ۱۹۷۵ الجزیره
و هم چنین سایر کتب و تالیفات اینجانب
سرهنگ عیسی پژمان را به زبانی که خود مسلط
هستند ترجمه و مورد استفاده و بهره برداری
قرار دهند. ترجمه این نوشته به زبانی
معتبر و مورد تایید اینجانب است

Issa Pejman
Paris, 25/8/96

# نهێنی یەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزایر- ١٩٧٥

...... من بە ڕێنوێنی و سەرپەرشتی سەرۆکی ڕاستەوخۆم سەرهەنگ دووکتور پاشائی بێ وچان دەستم کرد بە خوێندنەوەی پەروەندە و کتێب و بەڵگەی ڕابردووی کوردو کوردستان (کوردستان و کوردەکانی تورکیە، عیراق، سوریە و ڕوسیەی جیاکراوە لە ئێران). بەم هۆیە بەشێک بە ناوی "کوردەکان" لە ئیدارەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست پێکهات کە من بەسەری ڕابگەم. هەرچەند دوواتر ئاگاداری ئەوە بووم کە فەلسەفەو هۆی دانانی من لە ئیدارەی دووهەمی زانیاری دەرەوە (ئیدارەی پشکنین)، بۆ سەرکۆنسولگەری ئێران لە سلێمانیەی عیراق بە ناوونیشانێکی تر، بۆ کۆکردنەوەی ئاگاداری لە ناوچەی حەساس و گرنگی کوردستانی عیراق بوو.

سەبارەت بە ئۆگری زۆرو و شارەزایم بە کارو ئیشی تایبەتیم و هەل و مەرجی ئەوکات، بوومە جێگای سرنجی سەرۆکەکانی خۆم تەیاننناردم بۆ دەرەوەی ولات و شوێنی دیاریکراو. بەراستی باسی پیاوەتی و لەکارزانی، هەریەک لە بەرپرسەکانی ساواکی ئەوەدەم ئەوەندە زۆر بوو کە بۆ هەر یەک لەوانە دەکرێ باسێکی درێژ لە وتارێکی جیاوازدا بنووسرێ. کە لەکاتی خۆیدا خوێنەر لەوانە ئاگادار دەکەم.

یەک لەمانە پیاوەتی سەرهەنگی دووکتور پاشائییە، کە ئەوکات عەقلم

بری نەدەکردو هۆش و هەستم توانای ئەو تێگەیشتنەی نەدەدا. ئەوە بوو کە چونکە خۆی ئەوەندە لێهاتوو ناسراوی گشتی و بەتایبەت بەرپرسەکانی بەرزی ساواک بوو، پێویستی بە بچوکترین خۆدەرخستن و فیزی پروپوچی نیزامیگەری نەبوو. هەولی ئەو دایم ئەوە بووکە بەردەستەکانی خۆی بە سەرۆکەکانی سەروتر بناسێنێ، بەم شێوەیە ئەوانی بۆ کاری باشترو زۆرتر هان دەدا.

بۆ وێنە ئەو پەروەندانەی کە پێویستییان بە شی کردنەوەی زارەکی هەبوو لە لای کاربەدەستانی سەروتری ساواک بانگیان دەکرد نەدەچووله جیاتی خۆی، کارمەندی روتبەی خوارەوەی دەنارد، لەوانە من کە دەرەجەی پچوکترو پلەی نزمترم هەبوو، بۆ سەرۆک و کاربەدەستانی سەروش نەناسراو بووم. هەرچەند پێمدادەگرت کە ئەو بانگکراوە و دەبێ بچێ و روونی کاتەوە، بەلام ئێمەی دەنارد و بەمجۆرە کەم کەم کاربەدەستانی سەرودەیانناسین. ئەمانە نیشانەی ئینسانیەت و خەسلەتی گەورەیی ئەفسەرێکە. دەنا لەناو ژیانی نیزامیدا مل بە ملەو ئێرەیی (دەڵێن پێشبرکێ یان مل بە مله شێوەیەکی ئێرەیی یە لە شکل و شێوەو هەل و مەرجی تایبەتیدا)، دەبێتە هۆی تێکچوونی کارو ناخۆشی و دووژمنایەتییەک کە لە گوتن نایە.

ئەم دووژمنایەتی و رکەبەریە، یا ئەم ئێرەییە هەمووکات زەرەرو زیانێکی لە رادەبەدەری بەو کەس و رێکخراوانە گەیاندوە.

ئەو نە تەنیادەگەل کەس دوژمنایەتی نەبوو، بەڵکو لە پێشبرکێش خۆی دەپاراست. ئەم ئەفسەرە بەو هەموو کەرامەت و لێهاتووییەوە کە لەسەرەوە باسکرا، لەسەر هەڵەیەکی بچووک، هەڵبەت لە روانگەی پاشای ئێرانەوە، لە کاتێکدا کە ئەرکی خۆی بەرێوە بردبوو، لە ساواک لەسەر ئیش دەرکراو شا فەرمانیدا کە ولاتەکەی بەجێ بێڵێ. ئەوکەسەی کە عاشقی ئێران بوو، و بێجگە لە خزمەت و گەورەیی و باشی ئێران و جگە

له تێرو تەسەلی و ئاسوودەیی بۆ میللەت و گەلەکەی ئاواتی دیکەی لەسەردا نەبوو، ئێرانی بەجێ هێشت و دەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو وڵاتی غەریبایەتی بارگەو بنەی تێکنا.

وڵات و میللەتی له خزمەت بێ بەش کردو ئیمەشی له پەژارەو ماتەمین دانا. ئێستاش ئەو هەر له دەرەوەی وڵات دەژی و کاتێک که ناوی ئێران دێت ئەسرینی به سمێله قەیتانیەکانیدا دێته خوارو جەرگان دەسوتێنێ، ئەوە بوو نەتیجەی خزمەت و ئەمەکداری و داوێن پاکی و ئەرکناسی. ئەم وەلانانەی له کاتێکدا بوو که وەک ئەتاشەی نیزامی، له لوبنان سەرۆکایەتی نوێنەری ساواکی له ئەستۆ بوو، رووداوی ١٥ی جۆزەردانی٤١یش هەر لەم ساڵەی وەلانانی ئەو دا روویدا بوو. بگەرێینەوه سەر باسەکەی پێش وەلانان ودوورخستنەوەی دووکتورپاشائی، رۆژێک سەرهەنگ پاشائی منی بانگ کرد و گوتی تۆ به نوێنەری ساواک له عیراق وەک یاریدەری کارداری نیزامی له باڵوێزخانەی ئێران له بەغدا هەڵبژێردراوی، راست ساڵێک دووای شۆرشی ١٩٥٨-ی عیراق، شۆرشێک که هەوەڵین خەبەری دەست پێکردنی ئەو شۆرشەم له مامۆریەتێکی ناوچەی کوردستان و له شاری سەقز بۆ تاران نارد، له ئیدارە هەموو گاڵتەیان پێدەکردم و هەروەها شای ئێرانیش تووشی تورەیی و سەر سوورمان هاتبوو، له کاتێکدا دووای مانگێک شۆرشی ٥٨ روویدا و هەموو ئاگاداربوون وگاڵتەو تورەیی و سەرسوورمان بوو به پێدا هەڵگوتن و دەستخۆشانه. بەسەرهاتی شۆرش، بەرێوەبەرانی سەرەکی، دەستێوەردانی بێگانه و دوواتر مل بەملەی توندی رێبەرانی کودیتا بوو به هۆی دووژمنایەتی و رکەبەری توند، و زیندانی کردنی سەرتیپ عبدالسلام عارف یەکێ له سەرۆکەکانی شۆرش له لایەن سەرۆک وەزیرانی شۆرش سەرتیپ(ژنرال) عبدوالکریم قاسمەوە. به کورتی، دووای کودیتای ناوبراو، قەومییەکانی لایەنگری

ناسرو بەعسیەکان  بە رێبەرایەتی عبدالسلام عارف کە ماوەی سالێک بوو لە بەندیخانە هاتبوە دەر و هەروەها سەرتیپ ئەحمەد حسن البکر و صدام حسین التکریتی لە سالی١٩٦٣ کودیتایەک کە بە  قسەی خۆیان شۆرشیان کرد کە  عبدالکریم قاسم ئیعدام کراو سەرتیپ عبدالسلام عارف بە دەرەجەی ئەرتەشبدی (مشیری بە قەولی ئەرتەشی عیراق) بوو بە سەرۆک کۆماروئەحمەد حسن البکر بە سەرۆک وەزیر. دووای ماوەیەک کێشەی  نێوان قەومیەکان و بەعسیەکان سەری هەلدا. عبدالسلام عارف، سەرتیپ ئەحمەدحسن البکری لە سەرۆک وەزیری لابردودووکتور عبدلرحمن بزازکەلە مامۆستایانی بەناوبانگی زانستگای بەغداو لە زانایان و سیاسەتمەدارانی ناسیونالیستی عیراقی و دۆستی هویدا سەرۆک وەزیری پێشوی ئێران بوو، کردی بە سەرۆک وەزیر.

بێجگە لە رووداوێک کە لە کاتی ئەرتەشبد عبدالسلام عارف دا روویدا هاوکات دەگەل مامۆریەتی من بوو لە عیراق،عبدالرحمن عارفی برای کە فەرماندەی لەشکری پێنجی بعقوبە بوو لە جێگای عبدالسلام  دانیشت و عبدالرحمن بزازیش وەک  سەرۆک وەزیر مایەوە.  حیزبی بەعس کە لە کاتی عبدالسلام عارف دا نهێنی ببوو، هەولی دەدا بۆ رووخانی دەولەت، لەسالی ١٩٦٨ بە کۆدیتایەک بە رێبەرایەتی سەرلەشکر حسن البکر،حکومەتی گرتە دەست و عبدالرحمن عارف-ی دوور خستەوە بۆ تورکیا. ئەم حیزبە کە هاورەگەزەکەی لە سوریا بە رێبەرایەتی حافز ئەسەدە، لەسەر حوکمە، ئیستاش لە عیراق هەر خەریکی فەرمانرەوایی و پەرەخوازییە.

تێکۆشانی ساواک کە لەسەر ویست و نیەتی شای  ئێران بۆ گێرانەوەی رێژیمی پاشایەتی لە عیراق  دەست پێکرابوو، هەر لەو کاتەشدا بۆ هاتنە سەر کاری حیزبی بەعسیش  کاریگەر  بوو. ئەم دۆستانە   ئەم خۆشەویستانە!! کە سەدان هەزار براو  رۆلەو

جگەرکۆشەی ئێرانی ئێمەیان لە ماوەی هەشت ساڵ شەری داسەپاوی ماڵ سوتێنەردا، نابوت کرد، هەر ئەوانەن کە بۆ وەدەست خستنی دەسەلات لە پارمەتی ئێران کەلکیان وەرگرت. ئەمانە مەسەلەو مەبەستگەلێکن کە تا ئێمرۆ لە ریزی رازو کردەوەی نهێنی ولات دا بوون کە کەس نەیتوانیوە بیاننووسێ و تەنانەت لەو مەسەلانە ئاگاداریش نەبوە. ئەمانەو گەلێک مەسەلەی دیکەی سەرنج راکێش کە بە تەواوی نهێنی و لە ماوەی پێنج ساڵ تێکۆشانی ساواک و ماموریەت و مانەوەم لە بەغدا کە دەستم لە زۆربەی رووداوەکاندا هەبوە، بە درێژی لە وتاری جیاوازدا بۆ تۆمارکردن لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بە ئاگاداری خوێنەران و هاونیشتمانانی دەگەیەنم.

لەبەر ئەوەی خوێنەر تووشی ماندوو بوون و سەرئێشە نەکەم دەمەوێ بچمەوە سەر ئەسلی باسەکە کە مەبەست و ناوونیشانی ئەم نووسینەیە، بەلام دەبێ بە کورتی سەرەتایەک لە دەستپێکی چوونم بۆ عیراق و دەستپێکردنی کارەکەم لە بەغدا بنووسم، تا بگەمە سەر چیرۆک و دەست پێکردنی کارەکانم و پێکهێنانی تواناو نفوزی نهێنی لە عیراق کە بوو بە هۆی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەالجزایر لە کاتی سەرۆک کۆماریی هواری بومەدین دا.

لە سەرەتادا لەگەڵ ئامادە بوونی کەل و پەل ولێکۆلینەوەی پێویست لەسەر رووداوەکانی عیراق، بە تایبەت مەسەلەکانی رۆژی عیراق، چونکە ساڵێک بوو موتالام لەسەر کردبوو، سەبارەت بە بوونی دوو ملێون کوردی جیاکراوە لە ئێران، و نیشتەجێ لە باکوری عێراق کە لە مەسەلەکانی گرنگ و رۆژی ئەم ولاتە بوو، زانیاری و دەسەلاتی تەواوم وەدەست هێنابوو. بە هەست و سۆزێکی لە رادەبەدەرو دلێکی پر لە هیوا بۆ خزمەت بە نیشتمانەکەم بەرەو عیراق کەوتمە رێ و لە ناوچەی مەنسور لە دەرەوەی بەغدا، لە ماڵی برادەر عبدالهادی چلبی، پاریدەدەری

پێشووی سەنای عیراق کە دووای شۆڕشەکەی ٥٨ هەڵات و لە لوبنان خۆی گرتبۆوە، نیشتە جێ بووم. ماڵێکی گەورەو پڕ لە کەل و پەلی ژیان بوو، لەبەر ئەوەی خاوەنی ماڵەکە رای کردبوو، وەکیلەکەی بە قیمەتێکی هەرزان بۆ ماوەی چوار ساڵ خانوەکەی بەکرێ دا بە من. لێرەدا خراپ نییە کە ناوی عبدالهادی چەلەبی هاتووە، بۆ گۆڕانی چێژەکە بە کورتی باسێکی چۆنیەتی ئاشنایەتیم دەگەڵ ناوبراو بکەم کە کاتێک لە تاران بووم.

لەسەرەتای پێکهاتنی ساواک،لە ئیدارەی ئیتلاعاتی دەرەوە گەڵاڵەیەک بەدەستەوە بوو کە بۆ پێکهێنانی نفوزو دۆزینەوەی دۆستانێک بۆ ئێران لە ولاتانی دراوسێ و پاشان لە وڵاتەکانی دیکەش بە گوێرەی پێویست وگرنگی، لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی و یا غەیرە دەوڵەتی داوەت بکرێ کە لە کاتی سەفەر بۆ ئێران و ئاشنایەتی لەگەڵ بارودۆخی رۆژی ئێران لەگەڵ کاربەدەستانی یەکەمی دەوڵەت ولەکاتی پێویست دەگەڵ شای ئێرانیش چاوپێکەوتن و وتووێژیان هەبێ. لەسەر ئەم بناخەیە عبدالهادی چلبی کە شیعەو لە دەرەبەگەکانی گەورەو یەک لە کەسایەتیە سیاسی و دەستڕۆیشتووی مەسەلەکانی سیاسی و ئابوری عیراق بوو. هەروەها سەرتیپ مهداوی سەرۆکی رێکخراوی ئیتلاعات و ئەمنیەتی عیراق، داوەت کران کە بێنە ئێران. هەر دووک داوەتی دەوڵەتی تارانیان قبول کردو هاتن بۆ ئێران. میوانداری ئەم جۆرە میوانانە لە کارمەندانی بەشی پێوەندیدار و یا لەو کەسانە هەڵبژێردران کە زمانی میوانەکانیان دەزانی،

چلبی شارەزای چەند زمان بوو لەوانە زمانی فارسیش، هەر دووکیان چەند رۆژێک لە تاران و ئیسفەهان و شیراز بۆ دیتنی شوێنە مێژووییەکان گەران و دەبوایە چەند رۆژێکیش لە باکووری ئێران بە پێی بەرنامە رابوێرن، بەلام سەرتیپ مهداوی رۆژێک پێش چوونیان بۆ شیمال

گوتی: "زۆر نیگەرانم و هەست دەکەم کە کارەساتێکی ناخۆش لە بەغدا روو دەدا. لەبەر ئەوە داوای لێ بووردنم هەیە بۆ سەفەرەکەی شیمالی ئێران و دەبێ بچمەوە بەغدا". هەرچی چلبی و ئێمە باسمان دەگەڵ کرد کە شتی وا نیەو لە خۆرا خۆت نارەحەت دەکەی، قایدەی نەبوو. دووای مال ئاوایی دەگەڵ سەرۆکەکانی سەرەوەی ساواک بەرەو بەغدا فری. بەلام عبدالهادی چلبی بە پێی بەرنامەی سێ رۆژ لە شیمال و دوو رۆژ لە تاران مایەوە و دوایە بەرەو بەغدا تێی تەقاند.

من بۆ ماموریەتێکی ناوچەی کوردستان ناردرام، هەوالی دەست پێکردنی شۆرشێکم لە عیراق پێ گەیشت، خەبەرەکەم بە تێلگراف لە سەقزەوە بۆ تاران نارد. وەلامی ئەم تێلگرافەو چوونی نهێنی من بۆ عیراق و ناوچەی کوردستانی عیراق و سەرهەلدانی شۆرشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ و پاشان چوونم بۆ عیراق، وەک ماموریەتی سابیت کە لەسەرەوە ئیشارەیەکی بچووکم پێ کردووەو وتووێژ دەگەڵ زۆربەی بەشدارانی شۆرش و،وەدەست هێنانی خەبەری دەقیق لەمەر شۆرش و کودیتاکانی دیکە کە لە ماوەی پێنج سالەی خزمەتم رووی داوە لە وتارێکی جیاوازدا بە درێژی بە ئاگاداری خوێنەرانی خۆشەویستی دەگەیەنم.

باسی ئەوەم کرد کە لە خانووی تازە ئێجارەی مالی برادەر عبدالهادی چلبی کە دوای شۆرشی ٥٨ رایکردبوو بۆ لوبنان نشتەجێ بووم. لە یەکەم رۆژەکاندا هەستم کرد لە ژێر چاوەدێری پیاوەکانی ئەمنی عیراقدام. وەسەرخۆم نەهێنا، بێ ئەوەی خەتایەک بکەم و سرنجی ئەوان راکێشم وەک ئەتاشەی نیزامی کاری رۆژانەی خۆم دەکرد. هەموو رۆژێ زۆرتر دەکەوتمە ژێر چاوەدێری ئەگەر رۆژەکانی هەوەل فولکس واگونێک وەدووام دەکەوت، یەکی دیکەش زیادی کرد. لەبەر ئەوەی لە ئینگلستان و ئێران دەورەی ئەم کارەم دیبوو، ئاگاداری تەواوی هەلس و کەوتی

پیاوەکانی ئەمنی عیراق بووم. کاری وام دەکرد کە بروام پێ بکەن و دەست لە راوە دوو،و چاوەدێریم هەلگرن.لەدانیشتنەکانمدا لەگەل کارمەندانی بالویزخانە لە کونسولگەری بەغدا، یا لەگەل ئێرانی و یا عیراقی وام نیشان دەدا کە جگە لە یاریدەدەری ئەتاشەی نیزامی، ئیشی دیکەم نیەو هەر حەز لە مەسەلەکانی ئاگاداری ناکەم کە لە ئەرکی خۆم بەدەر بن، چونکە دەمزانی دەبێ کارمەند یان کرێکاری سەر بە ئەمنی عیراق لە بالویزخانەی ئێراندا هەبن. لەگەل ئەوانە جۆرێک دەبزوتمەوە کە وابزانن بەراستی یاریدەدەری ئەتاشەی نیزامیم و هیچ کاری دیکەم پێ نەسپێردراوە و بەرپرسییەتیم نیە، ئەوان راپۆرتی رۆژانەی خۆیان دەدا بە ئەمنی عام. تا وەدووا کەوتن و چاودێری من کەم دەبۆوەو پاش ماوەیەک دەستیان هەلگرت، بەلام دلنیا نەبووم چونکە هەستم دەکرد تەلیفۆنی مالێ کۆنترۆل دەکرێ و جاروبار وەدووای خۆم و مال و مندال و تەنانەت شۆفیرەکەشم دەکەوتن. ئەوانم فێر کردبوو لە جم و جۆلی مامورەکانی عیراقی کە زۆربەی نەزانانە بوو، ئاگادار دەبوون. لە مەدرەسەی شەرافەتی ئێرانیان لە بەغداو هەروەها لە دەبیرستانی کچانەی فەرانسەیش بە شێوەی جیاواز مندالەکانیان چاوەدێری دەکردو لەبارەی ئەرک و کاری من پرسیاریان لێ دەکردن. چونکە لە رێگای منەوە، وریایی پێشوویان هەبوو، وەلامی لەباریان دەدانەوە. وردە وردە تێکۆشانی خۆم لەگەل هاتووچۆی سەرکردەو پیاوە ماقولانی کوردو هەروەها ئەفسەرانی عیراقی دەست پێکرد، هەلبەت دیارە ئەم کارە ئەوەندە هاسان نەبوو کە بە دوو دێر لێرەدا باسی بکەم. بۆ نمونە ئەگەر ویستبام کەسێکی وەک جەلال تالەبانی لەناو کوردەکان یا سدیق شنشل لە پارتی قەومیەکان-ی عیراق ببینم، بەلانی کەمەوە چەند مانگ یا سالێکی هەر دەخایاند. بۆ ئەم دیتن وتووێژانە گەلالەو رێگای جۆراو جۆر لەبەر چاو دەگیران کە بە گوێرەی کات و شل و توندی زیرەوانی و

هەلکەوت و بارودۆخی کەسەکان فەرقی دەکرد. ئەنجامی هەر گەلالەیەکیش کە دەگەیشتە چاوپێکەوتن و وتوویژیکی ئاسایی، پیویستی بە خەرج و کات و شوینی لەبارو کەسانی بروا پیکراو هەبوو، چونکە ئەنجامی کردەوەی تایبەتی و بە هەستی دژی راونان و چاوەدیری و هەلەیەکی بچوک گیرو گرفتی زۆری بۆ هەر تک لای چاوپیکەوتن ساز دەکرد، ئەوەش لە رۆژگاریکدا کە سالیک بەسەر شۆرشی ١٤ی تەمموزی ٥٨دا تینەپەریبوو، دەزگای ئاگاداری قەومی کە بە بەشداری و تیکوشانی رووسەکان و هاوکاری ولاتانی پشتی پەردەی ئاسنی دامەزرابوو، وایاندەزانی بەرەوشتیکی کە ژەنرال عبدالکریم قاسمی سەرۆک وەزیرگرتوویەتە بەر، پاش ماوەیەک عیراقیش دەچیتە پشتی پەردەی ئاسنی، بە توندی دیپلۆماتەکانی بیگانە بە تایبەت ولاتانی رۆژئاوا و ئیرانیان خستبۆوە ژیر چاوەدیری تەواوەوە. یەکیک لە مەبەستەکانی من دیتن وپەیڤین لەگەل مەلامستەفا بارزانی، رێبەری پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق بوو. کە دووای گەرانەوەی لە سۆڤیەت بۆ بەغدا لە مالی فیصل-ی کوژراوی کوری نوری سعید، سەرۆک وەزیری مردووی کاتی سەلتەنەت، نیشتەجێ ببوو. دەولەتی عیراق چەندماشین وشۆفیروخزمەتکاری بۆ مەلامستەفاو بنەمالەکەی تەرخان کردبوو، کە هەموویان فیرکراوی سازمانی ئەمنیەتی عیراق بوون.

لیگەرین باواز لە باسی چاوپیکەوتنی خۆم دەگەل مەلامستەفا بینم و باسی شەخسیەتی ئەم مەلای نا مەلایە بۆ خوینەرانی بەریز بکەم کە بۆتە مامۆستا. چونکەلەو مەسەلانەداکەپاشان لەگەلیان رووبەروودەبین مەلالە هەموو رووداوەکاندا دەبینیدری، و لە یاریەکانی بە قەولی خۆی سیاسی و لە راستیشدا ناراستی و لاریی دەوریکی گرنگی دەبی. هەرچەندە چەندین سالە کە خەلکی ئیمە بەم ناوە گەورە، بەلام بەتالە ئاشنان و هیچ زانستییەکی ئەوتۆیان لەسەر شەخسیەت و کاراکتیرو

شەرحی حالی ئەو نیە.

وا بەناو بانگ و مەشهورە کە بارزانی عەشیرەو تایفەیەکە، بەلام بە پیچەوانە بارزان پیشتر گوندیک بووە لە ناوچەی شارستانی دەهۆک و سەر بە ئوستانی هەولێر لە ناوچەی هەرە باکوری کوردستانی عیراق. خەلکێکی زیرەک و نەبەز بە ریبەرایەتی، ریبەری ئاینی شیخ بابۆ، بابی مەلا مستەفا، لەوێ دەژیان. خەلکی ئەم گوندە لە باری کۆمەلایەتی و عەشایریەوە دەگەرێنەوە سەر تایفەی زێباری، هەرگیزاو هەرگیز بارزان یان بارزانی وەک عەشیرە، تایفە یان عیل نەبووە. ئەوە کە دەلێن عیلی بارزان بە ریبەرایەتی مەلا مستەفا شۆرشی کردووە، راست نییە.

مستەفا دووەمین مندالی شیخ بابۆ و شیخ ئەحمەد هەوەلین کوری گەورەی کە دووای کۆچی دووایی بابی، بوو بە جێنشینی ئەو وەک ریبەریکی ئاینی. مستەفا نەتەنیا هەرگیز نەچۆتە مەدرەسە، بەلکو لە لای بابیشی کە کۆلکە خوێندەواریکی هەبووە هیچ فیر نەبووە، تا کاتی مردنیش کە بە نەخۆشی سەرەتانی خوێن لە واشینگتۆن دی.سی. گیانیدا، جگە لە ئیمزایەکی خواروخێچ هیچ نوسینێکی لەپاش بەجێ نەماوە. وەک پیاوە پیرەکانی کۆنی گوندی بارزان باس دەکەن، بە تەشەرو سووکایەتی ناز ناوی (مەلا)یان لێ ناوە. لەبەر خوێندنەوەو نووسینی زۆر!! گەیشتۆتە پلەی مەلایی. لەو کاتەی کە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر عیراقدا گرتبوو، لە دووای شەری یەکەمی دنیاگر کە عیراق لە دەولەتی عوسمانی جیا کراوە، لە شوێنە حەساسەکانی باکورو باشور سەرکۆنسولەکانی ئینگلیز سەقامگیر بوون. مەلا مستەفا لەکاتی لاویەتیدا، دەپێشدا وەک کریکار لەسەر شەقام و ریگاوبان کاری دەکردو دوایەش وەک سەرکریکار. هەر لەو سەرو بەندەدا بوو کە لە سلێمانییە دەگەل نوێنەری ئینگلیزەکان، سەرهەنگ ئیدمۆند پێوەندی گرت. بەدووای ئەم پێوەندیەدا دەستی کرد بە ئیشی شەریفی جاسوسی بۆ ئەوان.

دووای چەند ساڵ دەستی لە ئیشی ڕێگاو بان هەڵگرت و چۆوە بۆ ناوچەکەی خۆی و دەستی کرد بە کۆکردنەوەی خەڵکی چەکدار. دووای مردنی بابی چونکە شێخ ئەحمەدی برای گەورەتر، جگە لە کاروباری ئاینی خۆی لە کاری دیکە وەرنەدەدا، بە ناچار مەلا مستەفای کرد بە بەرپرسی کاروباری کۆمەلایەتی و عەشایری خەڵکی بارزان.

ئەگەر خەڵکی بارزان گوێ یان بۆ مەلامستەفا ڕادەگرت، لەبەر توانایی ئایینی شێخ ئەحمەدی بوو، نەک کەسایەتی مەلامستەفا ،چونکە تا ئەو دەم نە شەڕێکی کردبوو، و نە ئازایەتی و کەسایەتیەکی لە خۆی نواندبوو ئەگەر ئینگلیزەکان یا دەولەتی عیراق لەسەردەمی سەرپەرستیدا لە ناوچەی سەروو کاریکیان هەبایە زیاتر دەچوونە لای مەحمودئاغای زێباری کە لەبارەی عیلی و ژمارەی خەڵکی شەرکەرو عەشیرەتی بەسەر عیلەکانی تردا زیدەیی هەبوو. نەک مەلامستەفا یا کەسانی تر. لەشەری دووهەمی دنیاگردا، پاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، لەسەرەتاوە رووس و ئینگلیز و پاشان ئەمریکا، مەلامستەفا بە یارمەتی بارزانیان لەباکوری عیراق دەستی کرد بە سەربزێوی و یاخی بوون و دزی. لەبەر ئەوەی ئەرتەشی عیراق ئەم کارانەی پێ قبول نەدەکرا، ناچار پولیکی سەرباز بۆلێدانی مەلامستەفاناردە باکور،مەلامستەفا خۆی پێ ڕانەگیرا، چوە ئێران ولە مەهاباد کاتێکی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەمەدی ئیعدام کراو دامەزرا، لەمەهاباد نیشتەجێ بوو.چەند کەس لەئەفسەرانی ئەرتەشی کوردزمانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە ڕەگەڵ مەلامستەفا کەوتبوون و خەریک بوون کەسەربزێوی و دزی چەکدارانەی مەلامستەفا بکەنە بزوتنەوەیەکی حیزبی، لەلایەن ئەرتەشی ناردراو بۆ باکوری عیراق گیران و هەر لە ناوچەی باکور گوللەباران کران. مەلامستەفاو ئەوانەی لەگەل ئەو هاتبوونە مەهاباد ڕەگەل لەشکری

کوردستان کەوتن و دەست بەجێ ئونیفۆرمی نیزامی دەبەر کرد و بوو بە ژنرال و دەستی کرد بە جاسوسی و تێکدەری و پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ کەسانی ئێرانی بەدەر لە ناوچەی کۆماری کوردستان لەگەڵ چەند کەس چوە تاران و لە باشگای لەشکری دووەمی ئەودەمی، لە لایەن سەرلەشکر رەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئەودەم، میوانداری لێکرا. . ناوبراو دەگەڵ خوالێخۆشبوو سەرلەشکر رەزم ئاراء و هەروەها وەزیری شەر سپەهبود امیراحمدی و قوام السلطنە سەرۆک وەزیری ئەوکات دانشتن و چاوپێکەوتنی هەبوو. لەو دانیشتنانەدا چەند پێشنیاری کردبوو بۆ لەبەین بردنی قازی محەمەدو هاورێکانی و هەروەها داوای کردبوو لە دەولەت و ئەرتەش کە چەکەمەنی پێویستی بدرێتێ و ئیمکانی مانەوەی خۆی و هاورێکانی لە مەهاباد پێک بێت. زوو زوو داوای دەکرد کە بچێتە لای شاو چاوی پێی بکەوێت، لەگەڵ ئەوەی چەند جار دەگەڵ شا باسکراو بەرپرسەکانی دەولەتیش ئەم چاوپێکەوتنەیان، هەرچەند تەشریفاتیش بایە بەلام بۆ دلگەرمی پێیان باش بوو.

هەرگیزاو هەرگیزلەگەڵ ئەم چاوپێکەوتنە موافەقەتێک نەکرا. شا ئەسلەن، لە فکریشیدا نەبوو کە بە چاو پێکەوتنی دەگەڵ ژەنرالێکی قولابی، ئەویش مەلا مستەفای بارزانی هەلاتووی لە عیراق کە پەنای هێناوە بۆ کۆماری کوردستان، رەوایەتێک بۆئەو وکۆماری کوردستان قایل بێ. شاو ئەرتەش لەسەر ئەم باوەرە بوون کە ئەگەر مەلامستەفا دەیهەوێت لە ئێران بمێنێتەوە، دەبێ چەک دانێت و لەو شوێنەی دەولەت بۆی دیاری دەکا نیشتەجێ بێ و دەولەتیش خەرجی ژیانیان بۆ دابین دەکات.

دیار بووکە مەلامستەفا بەوە رازی نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە دەست دەولەتی ئێران رزگار بکات، قەولی دا کە بگەرێتەوە مەهاباد

باسەکە دەگەڵ ئەو خەڵکەی کە لە عێراقەوە لەگەڵی هاتبوون بهێنێتە گۆڕێ و رای ئەوان بۆ ویستی ئێران راکێشێ و بۆ بەجێ گەیاندنی ویستی ئێران هەنگاو بنێ. تەنانەت بەڵێنیشی دابوو کە ئەگەر ئەرتەشی ئێران بۆ رووخانی کۆماری کوردستان وەرێکەوێ هاوکاری لەگەڵ بکات. ئەم مەلای نامەلایە هەر کە گەیشتەوە مەهاباد لە جیاتی وتووێژو هێنانەگۆڕی باسەکە، یەکسەر دەستی کردبە کۆکردنەوەی چەک و قورخانەو خۆی بۆ بەرەنگاری ئەرتەشی ئێران ئامادە کرد.

دووای هاتنەوەی ئەرتەش بۆئازەربایجان ودووایەش کوردستان(مەهاباد)، مەلامستەفا نەک هەر هیچ هاریکاری دەگەڵ ئەرتەش نەکرد، بەڵکوو دەگەڵ پێنجسەد کەس لە هاورێکانی مەهابادیان بەجێ هێشت و چوونە سەر چیاکانی سەر سنووری عیراق و تورکیا. ستوونێکی نیزامی بۆ لەبەین بردنی ئەوان یان وەدەرنانیان لە ئێران بەسەرکردایەتی سەرلەشکر هومایونی بۆ ناوچە ناردرا. دووای شەرێکی توندو کوشتن و بەدیل گیرانی چەند ئەفسەرو دەرەجەدار، مەلامستەفاو هاورێکانی دووای زەختی ئەرتەشی عیراق دیسان هاتنەوە بۆ ناو خاکی ئێران و بە شێوەی پاشەکشەی سەرکەوتووانە! چونە ناوچەی شنۆو دووایە زێوەو قتورو لە رێگای پلدشت خۆیان گەیاندە جلفا، لە کاتێکدا کە سۆڤیەتیەکان بە دەرگایەکی ئاواڵەوە چاوەروانیان بوون، لەوێ بوون بە پەنابەر.

ئەمە یەکێک لە هەزاران فێل وتەڵەکەی ناجوامێرانە و بێوەفایی مەلامستەفا بوو کە دووایی و لە جێگای خۆی هونەرەکانی! دیکەی ئەم مەلای نا مەلایە دێنمە پێش چاوی خوێنەرانی بەرێز.

مەلامستەفاوپیاوەکانی بەرێکران بۆناوچەی باکووکەوتنەژێرچاوەدێری سەرکردەکانی هەلاتووی دیموکرات وەک پێشەوەری وغلام یحیی و ژێنرالی قولابی پناهیان. لەبەر گەلێک هۆی جیاواز کە باسکردنیان

پێویستی به چیرۆکی دوور و درێژهەیە، سەرنجی رووسەکانی ڕانەکێشا، دایم خەتابار دەکرا کە بیری دەرەبەگی و پێوەندی دەگەڵ ئینگلیسەکان هەیە. پیاوەکانی بەکاری جۆراوجۆر سەرگەرم کران و زۆربەیان کچی رووسیان مارە کردو هیچ کاتیش ئیزنی رۆیشتن بۆ جێگاو ناوچەی دیکەیان پێنەدرا. جەنابی مەلا کە دایم لە فکری مفتەخۆری و چەوسانەوەی خەڵک دا بوو، هاواری رەخنەی لێ هەستا کە بوو بە هۆی دوور خستنەوەی بۆ سیبیری و یەک دوو ساڵ ئاوی فێنکی خواردەوە. کاتێ زمانی گرێ درا، هێنایانەوە بۆ جێگای هەوەڵێ.

به هاتنی هاوینی ١٩٥٨، قرچەی گەرما لە بەغداو ناوچەکانی باکوورو رۆژهەلاتی ئەوێ مێشکی سەرکردەکانی نارازی ئەرتەش و سیاسەتمەدارانی عیراقی گەرم داهات. بەگوێرەی بەرنامەی لە پێشداندراو دوو سەرکردەی ئەرتەش بە پێی قەراردادی هاوکاری نیزامی عیراق و ئەردەن کە دەبوایە چووبان بۆ عومان پێتەختی ئەردەن، لە بەغدا کردیانە کودیتا یان بە قەولی خۆیان شۆرش.

سەرتیپ عبدالسلام عارف و سەرتیپ عبدالکریم قاسم کە هەردووکیان لە ئەفسەرانی بە دیسیپلین، بە ئیمان، راستگۆو سەرکردەی ئەرتەش لە لەشکری پێنجی یعقوبە بوون، دووای پێکهێنانی تەشکیلات و پێوەندی دەگەڵ سەرکردەکانی حیزبی دژی دەوڵەت، کە تێکۆشانی نهێنیان هەبوو، هەروەها پێوەندی و وتووێژو راکێشانی ویستی سەرکردەکانی کورد چ حیزبی و چ غەیرە حیزبی و عەشایری، لەکاتی تێپەر بوونی پۆلی نیزامی لە بەغدا بەرەو ئەردەن لە شەوی ١٤ـی جولای١٩٥٨ کودیتایان کرد. هەر لە سەرەتادا دەسەڵاتی تەواویان گرتە دەست و هەوەڵین راگەیاندنی شورای بەرزی شۆرشیان بە قازانجی گەل! لە رادیۆ بەغدا بلاو کردەوە، چیرۆکی وردی ئەم کودیتایە و نەخشی دەوڵەتی ئینگلیز لە کاتی سەرۆک وەزیری ژەنرال نوری سەعید-ی به

ڕەگەز کوردی  خوێندەوارو پەروەردەی مەکتەبی ئینگلیس و یەک لە دۆستان و لایەنگرانی ئینگلیس کە بە دەستی خەڵک کوژراو لەت لەت کرا. هەر وەها ملک فیصل–ی دووەم پادشای لاو و عەبدالاله نایب السلطنه کوژران.

وا بیر دەکەمەوە جگە لە بەشێک ڕووداوی نهێنی ئەم کودیتایە، کتێبێکی زۆر بە چەندین زمان لە سەری نووسراوە. من ئاگادارییەکی زۆرم لەسەر ئەم کودیتایە لە لایەن دۆستان و هاوڕێیانی سەرۆکەکانی کودیتا کاتێک کە لە عیراق بووم وەدەست هێناوە، کە لە کاتی خۆی و لە جێگای تایبەتی بۆ خوێنەرانی بەڕێزی  باس دەکەم.

بە پێی مادەی ٣  هەوەڵین ڕاگەیاندنی شۆرای بەرزی شۆرش، کوردەکانی عیراق وەک نەتەوەیەکی، جیا لە نەتەوەی عارەب ناسران. دەوڵەتی شۆرشگێر قەولی دا کە بۆ مافی  کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان لە هەوەڵین کاتدا هەنگاو  هەڵدەگرێ.  ئەمەهەرئەوبەرنامەیە بووکە دەپێشدا سەرۆکەکانی کودیتاو حیزبەکانی هاوپەیمانیان لەسەری پێک هاتبوون. شۆرشی ١٩٥٨–ی عیراق سەرەتای ئاڵ و گۆڕێکی گەورە بوو لە بواری  سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری عیراقدا.

هەڵوەشانەوەی پەیمانی بەغداو چوونی عیراق بۆ ناو وڵاتانی بێ لایەن، گیرو گرفتێکی زۆری بۆ وڵاتانی دراوسێی پێکهێنا. کە هەر کام لەم وڵاتانە بەش بە حاڵی خۆیان بۆ لە ناو بردنی ئەم گیرو گرفتیانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ پترو ئاشکراتر دەبوون کەوتنە سەر فکری چارەسەر کردنی. لەوانە دەوڵەتی ئێران بڕیاری دا بۆ پتەوتر بوونی پێوەندی سیاسی ئەوەی لە توانایدا هەیە  بە ڕواڵەتیش  بێ   بیکات. بۆ ئەم ئیشە سپهبدنادرباتمانقلیچ باڵوێزی کاتی کودیتا بانگ کراوە بۆ ئێران و شەخسیەتی گەورەو دروستکار عباس ئارام کە بە ڕاستی ناوێکی پڕ لە مانا بوو (هەم عەبوس و هەم ئارام) لە وەزارەتی دەرەوە دیاری کراو وەک

سەفیرکەبیر بۆ بەغدا ناردرا...

تا کاتی چوونم بۆ عیراق وەک یاریدەدەری وابەستەی نیزامی (بە دەرەجەی سەرگوردی) و بەرپرسی نوینەرایەتی ساواک زۆر رووداوی بەرچاو روویدا بوو. لە راستیدا لە ماوەی سالێک و چەند مانگ دووای کودیتا کە ئەمن لەسەر ئیشی تازە سەقامگیر بووم، بەقەدرایی دەسال عیراق و ولاتانی دراوسێ تووشی گیرو گرفت و قرەو رووداوو ئالوگۆری سیاسی و شتی تر بوون.

بۆ پتەو بوونی پێوەندی سیاسی و دۆستایەتی و دراوسیەتی پەیامێکی زۆر بۆ سەرۆک وەزیری کاتی عیراق ژەنرال عبدالکریم قاسم ناردرا،کەدوای لابردنی عندالسلام عارف هاوکاری کودیتاچی لە عیراقدا ببوە خاوەن دەسەلات و توانای یەکتا. بەلام دەنگی تفەنگ و چەکی قورس و خۆ پیشاندانی خەلکی، دووای ئەو هەموو سالە بێ دەنگی و نەبوونی ئازادی و دیموکراسی گویی عبدالکریم قاسمی کپ کردبوو، بە هیچ شێوەیەک کەس ولامێکی لەباری لێ نەدەبیست، تەنیا ئەوەنەبێ کە لە قسەکانیدا عیراقی سەربەخۆ و خۆی بە چەپ و ئازادیخوازو لایەنگری سیستەمی سۆڤیەت نیشان بدات، بەئازادی گشت حیزب و کۆمەلی سیاسی و بلاوبوونەوەی رۆژنامەو گۆڤاری گەورەو بچوکی رەنگاو رەنگ کە سیاسەتی ولاتانی دراوسێ پەلامار بدەن وەهەمووهیواو هومێدیکی دەکردە ناهومێدی. کاتێک کە رەخنە دەگیرا لە بەرانبەر ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەدا دەولەتی عیراق لە وەلامدا دەیگوت کە لەم ولاتەدا ئازادی هەیە، ئەوە هەر ئەم شتەیە کە خەلک شۆرشیان بۆ کردووە و بە ئامانجی خۆشیان گەیشتوون. لێرەدا وام پێ باشە کە بۆ گۆرینی تام و چێژی ئەم باسە، باسێکی تایبەتمەندی ولاتەکەمان ئێران شی کەمەوە.

دووای چوونم بۆ عیراق و سەقامگیر بوونم لە بالوێزخانەی ئێران، رۆژێک لە خوالێخۆشبوو عباس ئارام سەفیرکەبیری ئەوکات کە دووای

من موافیق بوو.

هەر کە چوومە بەغدا داوای دیتنی سەرۆک وەزیرم کرد. هەڵبەت ئەمە هاوکات دەگەڵ ئەوە بوو کە لە شارع الرشید کە یەکێک لە شەقامەکانی بەناوبانگی بەغدایە، لە لایەن موخالیفانی دەوڵەتەوە کە لە دووایدا ئاشکرا بوو لە لایەن حیزبی بەعسی عیراق بە وەسیلەی صدام حسینی تکریتی و علی صالح سعدی سەرۆکی مەجلیسی ئێستای عیراق کە هەر دووکیان ئەوکات دانیشجوی حقوق بوون تەقەیان لە ماشینی عبدالکریم قاسم کردوە، کە بوو بە هۆی کوشتنی شۆفیرو ئاجودانەکەی و بریندار بوونی دەستی راستی و بەم شێوەیە نەجاتی دەبێ. ئەو دوو کەسە هەر ئەوکات دەرباز دەبن و دەچن بۆ سوریە کە ناوەندی سەرەکی حیزبی بەعس بوو.

دووای ماوەیەک بە شێوەی نهێنی دەگەڕێنەوە بۆ عیراق و هەوڵی روخانی دەوڵەتی عبدالکریم قاسم دەدەن. هەر لەم سەرو بەندەدا ژەنرال عبدالسلام عارف، رفیقی لەمێژینەو هاوکاری کودیتای عبدالکریم قاسم لە بەندیخانە بوو کە دووای دوو ساڵ زیندانی لە رۆژی جێژنی قوربانی ساڵی ۱۹٦۰، عبدالکریم قاسم بۆخۆی دەچێتە بەندیخانە و عبدالسلام عارفی بە ماشێنی خۆی دەیباتەوە ماڵێ و قراوین پێکەوە دەخۆن. عبدالکریم قاسم قەولی دەداتێ کە لە زوترین کات دیسان چاوی پێ دەکەوێتەوەو تۆڵەی رابردووی بۆ دەکاتەوەو ئیدی بەجێی دێڵێ.

عبدالسلام عارف لایەنگری قەومیەکان یا بە رواڵەت لایەنگری یەکگرتنەوەی عارەب و یەک لە لایەنگرەکانی توندی عبدالناصر سەرۆک کۆماری میسر بوو، ناوبراو دەگەڵ حیزبی بەعس بە رێبەرایەتی سەرتیپ ئەحمەد حسن البکری تکریتی خالی صدام حسین تکریتی شۆرشی ۱۹٦۳- پێک دێنن کە دەبێتە هۆی کوشتنی سەرتیپ عبدالکریم قاسم سەرۆکی دەوڵەتی ئەوکات. تێکۆشانی ئاشکراو نهێنی ئەوان و کودیتای

١٩٦٢ کە لە ماوەی مامۆریەتی من لە عیراق روویدا، بۆخۆی حەکایەتێکی تایبەتی هەیە کە لە هەوەڵین فرسەت لێرەدا یان لە نووسینێکی دیکەدا خوێنەرانی بەڕێزی لێ ئاگادار دەکەم.

با بادەینەوە سەر هەوڵی خوالێخۆشبوو عباس ئارام سەفیرکەبیری ئەوکاتی ئێران سەبارەت بە دیتنی سەرتیپ عبدالکریم قاسم. دووای گەرانەوەی بۆ بەغداو داوای چاوپێکەوتنەکەی، دووای ماوەیەکی زۆر کە دەگەڵ ئەخلاق و دابی دیپلۆماسی نەدەهاتەوە کاتی چاوپێکەوتن دیاری کراو لە لایەن وەزارەتی دەرەوە پێی راگەێندرا. ئارام درێژەی بە قسەکانیداو گوتی: "بیرم لێ دەکردەوە چی بکەم و لە کوێوە دەست پێبکەم و دەبێ چ بلێم و چ کەسێک دەگەڵ خۆم بەرم. فکرم کردەوە کە باشتر وایە دەگەڵ جعفر رائد سکرتێری یەکەمی بالوێزخانە کە زمانی عارەبی باش دەزانی و وابەستەی نیزامی کاتی سەرتیپ منصورپور کە بەرپرسی نوێنەرایەتی ساواک لە بەغدا بوو، بۆ دیتنی سەرۆک وەزیری عیراق برۆم.

هەر ئەو کارەشم کردو لە کات و رۆژی دیاریکراو چوومە وەزارەتی بەرگری کە جێگای ئیش و ژیانی سەرۆک وەزیر بوو. بە مهرەبانی و دلێکی فراوانەوە ئێمەی وەرگرت، دووای خواردنەوەی چایی باسی دۆستایەتی کۆن و تازەی هەر دوو وڵاتم بۆ کردو، سڵاو و درووودی شای ئێرانم پێ راگەیاندو درێژەم پێدا کە شا زۆر حەز بە دۆستایەتی هەر دوو وڵات دەکا. بەو پێیەی کە ئێرانییەکی زۆر لە عیراق دەژی و زۆربەی خەڵکی عیراق شیعەو برای دینی ئێرانیەکانن، باش نییە کە پێوەندی هەر دوو وڵات سارد بێ و هەموو رۆژێ لە گۆڤارو رادیۆی عیراقدا سووکایەتی بە دەوڵەت و میللەتی ئێران و بە تایبەتی بە شەخسی شا بکرێ. لە ماوەی قسەکانی من سەرتیپ عبدالکریم قاسم هەر گوێ بوو، و یەک وشەش لە زاری نەهاتە دەرێ. لە جێگای خۆی هەستاو دەرگای

وەتاخێکی چکۆلەی کە لە پشت مێزی کارەکەی بوو کردەوەو داوای لێ کردین کە بچینە ئەوێ، فەرشێکی ئێرانی و تەختە خەوێک و مێزو کورسی و چەند کومێدی دار ژوورە خەوەکەی پڕ کردبۆوە. عبدالکریم قاسم دەرگای یەک لە کومێدی لیباسەکانی خۆی کردەوەو گوتی: جوان چاوی لێ بکەن.

دەستێک لیباسی سەربازی لە خوێن هەڵکێشراومان دیت کە لەوێ هەڵواسرابوو. دوایە گوتی: من بەم وەزعەو کەسان و خەڵکی ئاوا کە نە تەنیا دەگەڵ ئێوە دووژمنایەتیان هەیەو لە ڕۆژنامەو گۆڤاردا بە ئاشکراو نهێنی هێرش و بێ حورمەتی دەکەن، بەڵکو دووژمنی گیانی منیشن. ئەمانە هەر ئەو کەسانەن کە لە شارع الرشید چەند مانگ لەمەوبەر هێرش و تەقەیان لێ کردم کە بە کەرەمی خودا بۆ خزمەت بە خەڵک و وڵاتەکەم نەجاتیم هات. هەر لەم کاتەدا قۆڵی کراسەکەی هەڵداوەو جێی برین و فیشەکەکانی پێ نیشان داین. چووینەوە بۆ دەفتەری کارەکەی و گوتی: سڵاوو ئیحترامی من بە شا بگەیێن و ئارەزوی سلامەتی و بەختەوەری و سەرکەوتنی بۆ خزمەت بە وڵات و میللەتەکەی بۆ دەکەم. پێی رابگەیێن کە ئێمە و میللەتی ئێمە دژی زوڵم و زۆرداری شۆڕشیان کردووە. ئێستاش تیشکی شۆڕش لە وڵاتی ئێمە هەر گرشەی دێت، ئەمە نمونەیەک بوو کە پێتانم نیشاندا. ئێمە ڕووخێنەری ڕژێمی پادشایەتی و تێکدەری پەیمانی بەغداین. عیراق و خەڵکی عیراق دەبێ چاک بناسن و دەبێ بزانن کە عیراق یانی بەردی سەخت و خەڵکەکەشی وەک ناوەکەی قایم و لاسار، هەرچەند کە لە چەند میللەت بە دین و ئاینی جیاوازەوە پێک هاتووە، بەڵام بۆ وەدەست هێنانی قازانجی هاوبەشی نەتەوەیی هەموو یەک دەنگ و یەک ڕەنگن. هەروەکی لە شۆڕشەکەی ٥٨دا دنیا بە باشی دیتی کە میللەتی عیراق بەتێکرا هەستاو شۆڕشی کرد. بەم پێیەو بەو ماوە کەمەی کە هێشتا خوێنی شەهیدەکانمان ویشک نەبۆتەوە ئێمە

ناتوانین ئەو پێوەندیەمان هەبێ کە لە پێش شۆڕشدا دەگەڵ ئێرانمان هەبووە. بێجگە لەمە وادیارە کە ئاگاتان لە جەمال عبدالناصر تیە، مەگەر نازانن ئەگەر بمانەوێ ئال و گۆڕیک لە سیاسەتی خۆمان دەگەڵ ئێران پێک بێنین، چۆن دەکەوینە بەر هێرش و زەبرو زەنگی ئەوو خەڵکی عارەب کە بە راست یان غەڵەت وەدووای کەوتوون. من بۆ خۆم ئێران و میللەتی ئێرانم خۆش دەوێ، بابم لە کوردە فیلیەکانە (کوردی فیلی بەو کوردە شیعانە دەگوترێ کە خەڵکی پشکوو پشتکۆی لۆرستان و کرماشان و ناوچەکانی دیکەی سەر سنوورن کە باریان کردووە و چوونەتە عیراق و خەریکی کەسابەتن. لە پێش ئەوەیدا صدام حسینی تکریتی تەواوی ئێرانیەکان دەرکات، بازارو دووکان و ئیشە سەرەکیەکانی ئابووری هەمووی بە دەستی ئێرانیەکان بە تایبەت کوردە فیلیەکان لە عیراقدا بوو)، بابی دایکیشم هەر ئێرانی بووە، کەوابوو هیچ هۆیەک نابینم کە لە بەینی ئێران و عیراقدا پێوەندی دۆستانی نەبێت. بە شا رابگەیێن پەلە نەکات، با گەرمایی شۆڕش و هەرا هەرای ئەو خەڵکەی کە دووای چەندین ساڵ رەنگی ئازادی و سەربەخۆییان بەخۆوە دیوە هێدی بێتەوە، من بەڵێنی دەدەم لە هەوەڵین کاتدا دووای چارەسەرکردنی گێروگرفتەکانی ناو وڵات بۆ ویستەکانی شا هەنگاو هەڵێنمەوە. بە شێوەیەکی تایبەتی و ئاسایی داوا لە گۆڤارەکان دەکەم کە لەسەرخۆ بن و رێز لە وڵاتانی خۆشەویستی دراوسێمان بگرن. دووا بە دووای ئەم قسانە هەستاو بێ ئەوەی چاوەڕووانی وەڵامی من بێت تا دەرگای ژوورەکەی دەگەڵمان هات و داوای لە ئاجوودانەکەی کرد تا خوارێ لەگەڵمان بێت و بەرێمان بکات.

ئەمە نمونەی شێوە کاری حیزبی بەعس بوو کە لە شۆڕش یان با راستر بڵێن کودیتاکەی ١٩٥٨دا، سەرکردەکانی کودیتاو حیزبە سیاسیەکانی دژ بە رژێمی پادشایی و هەروەها پارتی دیمۆکراتی

کوردستانی عیراق (لە ناوچەی کوردستانی عیراق لە جیاتی حیزبی دیمۆکرات، وشەی پارتی دیمۆکرات بەکار هێندراوە،و تەنیا جیاوازی دوو حیزبی "دیمۆکراتی ئێران "و عیراقە)،و سەرۆک عەشیرەکانی کوردو عارەب هاوفکرو یاریدەدەری یەکتر بوون. جا چ بگات بە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق کە چەندین ساڵە لە نێزیکەوە ئاگاداری زوڵم و زۆرو ناڕەوایی و فەرق و جیاوازیەک کە لەگەڵ کوردەکانی نیشتەجێی ئێران، تورکیە، سوریە، عیراق و سۆڤیەت کراوە، جا هەر بۆیە هەلێکیان بۆ ڕەخساوە کە تۆڵەی ڕابردوو بکەنەوەو هەرچی لە دڵیان دایە بیلێن.

ئەمە هەر هەمان پارتی دیمۆکراتە کە بە هۆی نەبوونی سەرۆک بەلانی کەمەوە بیست ساڵ تێکۆشانی نهێنی هەبووەو دووای شۆڕشی ٥٨ دەستی کرد بە دەرهێنانی رۆژنامەو گۆڤاری وەک "خەبات" کە شای ئێران باسی کردبوو، کە بە بیرێکی تەسک و پێنووسێکی تیژو تۆڵە ئەستێن هێرش دەکاتە سەر هەموو کەس. مێژووی تێکۆشانی سیاسی کوردەکان دووای دابەشکردنی ئیمپراتوری عوسمانی لە شەری یەکەمی دنیاگر و لەت و پەت کردنی کوردستان کە لە هەزاران ساڵ لەمەوپێش پێکەوەو لە چوارچێوەی ئێراندا دەژیان و بە پێکهێنانی هەوەڵین حکومەت و دەوڵەتی ماد کە بوو بە سەرەتای دامەزراندنی رژێمی پاشایەتی لە ئێران و جگە لە هاورەگەزی، هەرگیز لە هیچ کات و دەورانێکدا لە کوردێکی کورد زبان مەسەلەی جیابوونەوە و نەبوونی هاوپێوەندی نەبیسراوە. میللەتی کورد بە هۆی خۆشەویستی و عەلاقە بە وڵاتی باب و باپیرانی، ئێران، لە میللەت و وڵاتانی دیکە کە تێدا نیشتەجێن جگە لە بیرەوەری ناخۆش و زوڵم و زۆر شتی دیکەیان لەوان نەدیوە.

شیکردنەوەو باسی تێکۆشانی سیاسی کوردەکان و پێوەندی پێنج دەوڵەت دەگەڵ ئەم میللەتە کەونارایە و نیشتمان پەرەستی ئێرانی و شی

کردنەوەی زولم و زۆرو بێ عەدالەتیەکی کە لەوان کراوە لەم باسەدا جێ ناگرێتە. لێرەدا تەنیا جێگایەک لەبەرچاو گیراوە، ئەویش بۆ باسی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق کە بەداخەوە رێبەرایەتیەکەی بەدەست مەلامستەفا بارزانیە.

تێکۆشانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق-یش درێژەی تێکۆشانێکە کە دووای شەری یەکەمی دنیاگرو بەستنی پەیمانی سیڤەر (SEVERS) لە دەرەوەی پاریس کە سەربەخۆیی درایە کوردستان، کوردەکانیش شێخ محمودی حەفیدیان بە رێبەری خۆیان هەلبژارد کە خەلکی سلیمانی و لە بنەمالەیەکی نەجیب و ناسراوی سەیدەکان بوو. بە دیتنەوەی نەوت لە ناوچەکانی موسل و کەرکوک، و بە زەختی ئینگلیسەکان ئەم دوو شارە لە کوردستان جیاکراوەو باسی سەربەخۆیی کوردستانیش وەلانرا،و لە پەیمانێکی دیکەکە لە جیاتی پەیمانی سیڤەر لە لۆزان بەسترا، لەبەر دلی مستەفاکەمال پاشا کە بە پشتیوانی هاوپەیمانانی ئینگلیس وفەرانسە،کەتەواوی کەرەستەی شەروسازوبەرگیجەنگی فەرەنسەویەکان کە لە ناوچە جیاوازەکانی ئیمپیراتوری عوسمانی دایانناپوو، بوە هۆی تێکشکانی یونانیەکان و لایەنگرانی خەلیفەی عوسمانی، و کوردستانی گەورەشیان لە نێوان پێنج ولاتدا دابەشکرد کە بەشی هەرە زۆری کەوتە بەر تورکیەی تازە لە دایک بوو کە ببوە جێنشینی ئیمپیراتوری تورکی عوسمانی. کوردەکان دە ملیۆن کەس بوون، و نیشتیمانەکەشیان بە ئەندازەی دوو ولاتی سوریەو لوبنان بوو، کوردەکان هەر لە سەرەتای ئەم دابەشکردنەی نیشتمانەکەیان دستیان کرد بە راپەرین و سەربزێوی کە مستەفا کەمال پاشا بە هێزێکی ئەرتەش و بە پشتیوانی رۆژئاوا شۆرشەکەیان لەسەر هەلداندا، خنکاند و ژنرال ئیحسان نوری پاشا رێبەری نیزامی شۆرشگێران پەنای بردە بەر ئێران و ناردیانە یەزد. سەرکردە

سیاسیەکانیش وەک شێخ سەعید و شێخ عبدالقادر نهری و یارەکانیان لە سێدارە دران. مستەفا کەمالیش لەگەڵ عیسمەت ئینۆنۆ کە خۆی کوردو خەڵکی ئاوایی ئینۆنۆی لە مەڵبەندی دیاربەکر بوو، هەروەها ئەنوەر پاشای کە لە سەرۆکەکان و شەرکەری تورک بوو، حاشایان لە بوونی کورد کرد لە تورکیاو بە تورکی چیا ناویان بردن و هێشتاش هەر بەم ناوەیان ناو دەبەن. وێنەی ئەم راپەرینەش لە مەڵبەندی کوردستانی عیراق و لە شاری سلێمانیە بە رێبەرایەتی شێخ مەحمود حەفیدزادە ساز بوو، کە بەناردنی هێزی ئینگلیسی و عیراقی و بۆمبارانی ناوچەکانی ناوبراو بە هۆی فرۆکەکانی ئینگلیسی راپەرینەکە سەرکوت کراو شێخ مەحمود گیراو بردرایە بەغداو لەویشەوە بۆ بەسرە وەتا دووا ئاخری ژیان لەو شارە دەست بەسەر مایەوەو هەر لەویش مرد. ئەم بێ بەزەیی و نادادگەرییانە سەبارەت بە کورد بوو بە هۆی دامەزرانی حیزبی سیاسی لە هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان لە وڵاتە جیاجیاکاندا. هەر وەکوو دامەزرانی حیزبی هیوا لە تورکیاو سازدانی حیزبی ئازادی کوردستان لە عیراق. جا ئەو پارتانە بە نهێنی دەستیان کرد بە تێکۆشان و ئەندامی زۆریان پەیدا کرد، بەڵام ئەوو لاتانەی کە بەرژەوەندیان لەو مەسەلەدا هەبوو لەگەڵ یارمەتیەکانی ئینگلیس و فەرانسە بونە هۆی پەرە نەگرتنی ئەو پارتییانەو بەردەوامنەبوونی تێکۆشانیان، تاشەری دووهەمی دنیاگر دەست پێکرا. ئینجا کوردەکانیش شان بە شانی نەتەوەکانی تر، بۆ رزگاری لە زوڵم و زۆرو بندەستی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەند کە تەواوی ناوچە و هۆزو نەتەوەکانی گرتبۆوە، راپەرین، و دەستیان کرد بە رێکخستنی حیزب و بلاوکردنەوەی چاپەمەنی و ئۆرگانی رەسمی حیزبەکانیان. لەوانە سازدانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق بە ئەزمونێکی زۆرەوە کە لە تێکۆشانی نهێنی خۆیدا هەی بوو، دەستیکرد بە تێکۆشانی بەرفراوان

له سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عیراق، و بوە هۆی هاندانی کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی دیکە. (پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئەمرۆ بە ناوی جیاجیا،چاپەمەنی جیاجیاکە بە ئۆرگانی ئەوان ناسراون کە لێرەدا جێی باسکردنیان نیە. گرنگ ئەمەیە ئەمە حیزبی سیاسی کوردی عیراقییە کە پێوەندیان دەگەڵ دەگیرێ و دەوڵەتی ئێران (ساواک) بۆ پاراستنی سوودو بەرژەوەندی خۆی بەرانبەر بە دەوڵەتی کودیتای ١٩٥٨ کەلکیان لێ وەردەگرێ. پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق دووای شەری دووەمی دنیاگر کە بە نهێنی و بۆ ماوەیەکی زۆر کورت بە ئاشکرا تێکۆشانی هەبووە خاوەنی بەرپرسانێک بووە کە هەرکامیان لە بواری کۆمەلایەتی و سیاسی و ناوبانگی باش و تێکۆشانی بەردەوام و کاریگەر و گیرو گرفت و تەنانەت بەندیخانەو ئاستەنگی دیکەش کە حکومەتەکانی وەخت بۆیان پێک هێناون، نرخ وگرنگی ئەوان بۆ بەرێوەبردنی رێکخراوێکی ئەوتۆ و دەستەی سیاسی بەتەواوی لەبارو مسۆگەرە. وەک پارێزەری عەدلیە تا سالی ١٩٥٣ سکرتێری گشتی بوە و بە لێهاتوویی تێکۆشانی نهێنی و بەربلاوی ئەو حیزبەی بەرێوە بردووە و رۆژ بە رۆژ پەرەگرتنی رێکخراوەیی و تێکۆشانی بەردەوام و شێلگیری لە هەموو ناوچەی کوردنشین لە زێدەیی بووە. لە ساڵی١٩٥٢ دووای پێکهاتنی کۆنگرەی حیزب (ئیبراهیم ئەحمەد) وەکیلی دادگوستەری و خەڵکی سلێمانی کە یەکێک لە مامۆستایانی ماف و حقوق و نووسەران و شاعیرانی بەناوبانگ و لە تێکۆشەران و لە پیاوە بەرچاوەکانی حیزب بووە، کراوەتە سکرتێری گشتی حیزب. لەم کاتەدا کە زۆربەی لاوانی خوێندەوارو تێکۆشەرو وەفادار بە نەتەوەی کورد لکان بە حیزبەوە و دەستیان کرد بە تێکۆشان لە سەرتاسەری کوردستانی عیراقدا کە لە سۆنگەی ئەوە ژمارەیەک لە ئەفسەران و غەیرە نیزامیانی کوردزمان بە

هۆی دەوڵەتەوە گیران و لە بەندیخانە توند کران. دووای دادگایەکی فەرمایشی لە زەمانی فەیسەلی دووەم و سەرۆک وەزیری ژەنرال نووری سەعید گوللەباران کران.

لەکاتی بەدیهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هێندێ لە ئەندامانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق(١) هاتنە مەهاباد و دەستیان کرد بە خەبات و تێکۆشان، بەڵام بە هەڵاتنی مەلا مستەفا لە عیراق و هاتنی بۆ مەهاباد باری تاکە تاکی ئەندامانی حیزب شێوەیەکی دیکەی پەیدا کرد،

چونکە مەلامستەفا حیزبی نەبوو، و بە شێوەی عەشایری و هۆزەواری و لەبەر پاراستن و راگرتنی خۆی نەک بەناوی پشتیوانی و پارێزگاری لە کۆماری کوردستان، و هەروەها بە هۆی نەبوونی یەک ڕێکخراوی سیاسی و باری نالەباری کۆماری کوردستان، و بەتایبەت تێکۆشانی ئاشکراو و نائاشکرای رووسەکان لە بەدیهێنانی ئەم کۆمارە، و هەروەها شوێندانان و باڵ بەسەرداکێشان بەسەر ئەم کۆمارەدا تاکە تاکی پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق بەرە بەرە بەناچاری خاکی ئێرانیان تەرک کرد و چوونەوە کوردستانی خۆیان و لەوێ دەستیان کرد بە تێکۆشانی حیزبایەتی. دووای هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ شاری مەهاباد و هەڵاتنی هێندێ لە بەرپرسان و کاربەدەستان لە مەهاباد بۆ مەڵبەندی جیا جیای عیراق لە تێکۆشانی پارتی دێموکراتی کوردستاندا مانەوەو لەگەڵ هەندێ لە کوردەکانی کوردستانی ئێران پێوەندیان دامەزراند.

عبدالرحمان قاسملو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی

---

١- نووسەر لە هەواوە قسەدەکا. ئە و دەم پارتی دێموکرات تازە دامەزرابوو.
- جگە لە یەک کەس، هیچ یەک لە کوردەکانی ئێران نەچوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

کوردستانی ئێران که له وین کوژرا، یەکێک له تاکه تاکی حیزبی بوو که بۆ ماوەی سالێک به نهێنی له مەهاباد دەژیا و تەنانەت جاروبار له مالی قازی محەمەدی له ناوبراو به وەسیلەی ژنەکەی و خزم و کەس و کاری دەپاریزراو رادەگیردرا تا توانی هەلێ و له ئێران دەرچوو. که له سەرەتاوە چووە عیراق و لەوێوە بۆ فەرانسه و ئەوسا بۆ ولاتەکانی رۆژهەلات، و خوێندنی تا پلەی دوکتورا تەواو کرد. دووای تێکچونی کۆماری کوردستان هەر له مەهاباد زۆربەی رۆلەکانی کوردزمان چوونه دەرەوەی ولات، سەرەرای خوێندن و تێکۆشانی حیزبی، هێندێک لەوانه کەوتنه نێو داوی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی. عبدالرحمان قاسملو به پێچەوانەی ئەوەی دەگوترێ که کۆمۆنیست بووە، یەک ئینسانی ناسیونالیستی ئێرانی و عەلاقەمەند به هەلسورانی خودموختاری یا خودیاری کوردستان و ئوستانەکان و هەریمەکانی تری ئێران (حکومەتی ناوەندی به وێنەی فیدرال). قاسملو هیچکاتێک واژەیەک که بۆنی جیابوونەوەی لێ بێت به زمانیدا نەهاتووە. لەبەر ئەوەی که بتوانێ یەک ژینگەی دیمۆکراتیک یان حاکمیەتی خەلک لەسەر خەلک نەتەنیا بۆ کوردستان بەلکو بۆ گشت مەلبەندو نەتەوەو هۆزەکانی تری ئێران لەژێر دروشمی "سەربەخۆیی و گەورەیی بۆ ئێران، خودموختاری یا به ئێویکی راستر حاکمیەتی خەلک بەسەر خەلکدا بۆ هەموو دانیشتوانی مەلبەندی ئێران". بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی هیچ کاتێک وچانی نەدەدا و لەم ریگایەشدا گیانی خۆی نا سەری. رۆحی شاد بێ. چەند جار له لایەن دووژمنانیەوە هەروەها دەستەو تاقمە دژەکانی تۆمەتی لێدەدرا بەوەی که ئەندامی حیزبی توده یان ئەندامی کۆمۆنیستی ئێرانه، یان بیری کوردستانیکی سەربەخۆی هەیە. بەلام بۆ ئەو کەسانەی که ئەوەیان له نیزیکەوە دەناسی بۆیان روون ببۆوە، که ئەم قسانه تۆمەتێکی هیچ و پوچه و ئەو تەنیا له شتێک بیری دەکردەوە که

ئەویش سەربەخۆیی و ئازادی ئێران و دامەزراندنی حکومەتێک بە شێوەی فیدرال بۆ سەرتاسەری ئێران، بۆ حاکمیەت و بەشداری کردنی خەڵک لە حکومەت کردندا. هەرگیز بیری بەلای کۆمۆنیستی و تودەییدا نەدەچوو. ئەو لە ماوەی شەرو کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە بە هۆی کۆمەڵەو پارتی دیمۆکرات داسەپابوو، هەرگیز نەکەوتبووە بن شوێندانانی دەوڵەتی سەدام لە عیراقدا، ئەوەی کە قاسملوو هەڤاڵەکانی بیریان لێ دەکردەوە راستەوخۆ ئەنجامیان ئەدا. چەندجار داوای هاوکاری لەگەڵ موجاهیدینی خەلک بە هۆی سەدامەوە لێکرابوو، و زەختیشی کەوتبوە سەر کە سەدام بە زۆر موجاهیدینی خەلک بنێرێتە کوردستان تا لەوێوە بەرەنگاری هێزی ئێران بن، قاسملو هەرگیز ملی بۆ ئەم کارە نائێنسانیە رانەکێشا. هەرچەند زۆربەی دەوڵەتەکان و تاقمێ لە گروهە بەناو سیاسیەکان و... هتد، کوشتنی قاسملو-یان بەسەر کۆماری ئیسلامی دا بریوە، بەلام بە یەک لێکۆلینەوەی ورد تێدەگەین کە قاسملو بەدەستی سەدامی خوێنمژ و موجاهیدینی جەنایەتکار ئەنجام دراوە. داهاتوویەکی نیزیک بێ لایانە لەم بارەوە داوەری دەکاو روورەشیش بۆ درۆزنان دەمێنێتەوە.(١)

پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق بە سکرتێری گشتی ئیبراهیم ئەحمەد کە بۆ بە ئاکام گەیاندنی شۆرشی ١٩٥٨ کۆشش و تێکۆشانی کردبوو، کەوتە بیر کە لە کەسایەتیەکی ئەوتۆ کەلک وەرگرێ کە لە

---

١- دەبێ چ شتێک ئاغای پژمانی واێکردبێ کە بکەوێتە دیفاع لە کۆماری ئیسلامی ئێران و لە کوشتنی دوکتور قاسملو کە وەک رۆژ روناکە، پاکانە بۆ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بکا.سەیر ئەوەیە مام جەلال تالەبانیش لە هەوەڵین دەربڕینیدا، سەبارەت بە شەهید بوونی دوکتور قاسملو، کوشتنی دوکتور قاسملوی بەسەر حکوومەتی عیراق داهێنا. و

کۆمەڵگای ئەو ڕۆژەدا خۆشەویستی خەڵک بووبێت یان لە مەزلومیەت و چەوسانەوەی خەڵک بەرگری کرد بێ، و بۆ پەرەدانی ڕێکخراوەو زیاتر تێکۆشانی حیزب و بۆ دابینکردنی ئەم بیرو بۆچوونە کۆنگرەی حیزبی بەدی هێناو بە پێشنیاری سکرتێری گشتی، بە تێکرای دەنگ مەلا مستەفا کە هێشتا لە شورەوی بوو، بە سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق هەڵبژێردرا. ئەم هەڵبژاردنە بەو مانایە نەبوو کە برایم ئەحمەد یان بەرپرسانی بالای حیزب مەلا مستەفایان بە چاکی نەدەناسی و بە بیرو پێشینەی ئەو ناسیاو نەبوون، بەپێچەوانە هەموو ئەوانە کە لە دووایيدا لەگەڵ تاکە تاکیان ڕووبەرو بووم و قسەو پەیڤینم لەگەلا کرد بوون، مەلا مستەفایان بە پیاوێکی خۆویست دەناسی، کە لایان وابوو سەرەرۆ، عەشایرمەسلەک، نەخوێندەوار، قانزاج ویست و هەڵپەرەست، کە زۆر نەرمەو زوو شوێنی لەسەر دادەندرێت، بەلام لەبەر ئەوەی لە ژیانیدا زۆری زولم و زۆر دیبوو،و لەگەڵ دەولەتەکانی پێشووی عیراق شەرو لیکدانی دیبوو، و بۆ دابینکردنی سودی کەسایەتی خۆی یان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی ئینگلیسەکان، و بە پێی ڕوانگەی داخوازی ئەوان کە لە سالانی ڕابردووەوە لە تەمەنی لاوی و لەو ڕۆژگارەی کە سەرکرێکار بووە لە مەلبەندی هەولێردا لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوان بۆ وێنە لەگەڵ سەرهەنگ ئێدمۆنس هاوکاری هەبووە، خۆشەویستیەکی بەدرۆ بۆ ئەو لە نێو چینی بێ ئاگا، هەرەمەی خەڵکی کوردستانی عیراق بەدی هاتبوو.

زیاد لەوەش دەولەتی کودیتاو خودی عبدالکریم قاسم بە ڕواڵەت خۆی بە چەپ و دۆستی سۆڤیەت نیشان ئەدا. لەم ڕوانگایەوە وایان بیر دەکردەوە کە مەلا مستەفا لەو هەل و مەرجەدا دەتوانێ بۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق بەکەڵک بێ. کۆری هەڵبژێردراوی پارتی دیمۆکرات بە سەرۆکایەتی برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی

حیزب لەگەڵ ژەنراڵ عبدالكریم قاسم سەرۆک وەزیر دیداری کرد، و داوای لێکرد کە دەستور بدا مەلا مستەفاو هاورێکانی کە تا پێنج سەد کەس دەبن لە سۆڤیەت بگەڕێنەوە. عبدالكریم قاسم ویستەکەی ئەوی قبول کرد،و هەر خێرا چ بە هۆی وەزارەتی دەرەوە و چ بە هۆی خۆ نیشاندانێکی تاکە تاکی حیزبی لەبەر دەم باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا گەڕانەوەی مەلا مستەفایان لەوی داوا کرد. کاروانی مەلا مستەفا لە سۆڤیەت کەوتە ڕێ(١)، و هاتە بەندەری ئێسکەندەریە لە میسردا، دووای چاوپێکەوتن و وتووێژ لەگەڵ جەمال عبدالناسر ڕێبەری میسر هاتەوە عیراق و لەبەندەری بەسرە هەزاران کەس لە کوردو عارەب چوونە پێشوازی، و زۆر بە ڕێزو حورمەتەوە هێنایانە وەزارەتی بەرگری و دیداری سەرۆک وەزیرانی کرد. ئەوسا چووە کۆشکی فەیسەڵی لەناوبراوی کوری گەورەی ژێنراڵ نوری سەعید دووایین سەرۆک وەزیرو وەزیری بەرگری ڕێژیمی پاشایەتی کە لە فرۆکەوانانی شیاو و ناوداری هێزی هەوایی عیراق بوو، کە ئەو ماڵەیان بۆ مەلا مستەفا لە پێش چاو گرتبوو، و لەوێدا نیشتەجێ بوو. کورد، فارس، عارەب، عەجەم، شیعە و سوننی و سەرئەنجام لە هەر چینێک خەڵک دەچوونە دیداری بارزانی و گەڕانەوەی ئەویان پیرۆزبایی دەگوت. سەرانی هۆزەواری باکوری عیراق و تاکە تاکی ناوداری هەرێمەکانی تر دەهاتنە بەغداو دەچوونە دیداری بارزانی. بێجگە لە مەحمودئاغای زێباری سەرۆک هۆزی زێبار کە لە زووەوە رقی لێی بوو،و دووژمنی بوو، و لە راستیدا سەرۆک هۆزێک

---

١- بە پێچەوانە مەلامستەفا خۆی بە تێلگراف داوای گەڕانەوەی لە عبدالكریم قاسم کرد و چووە چکۆسلۆڤاکیای پێشوو لەوێوە بەرەو میسرو کوردستان گەڕایەوە. ئەچوە بەندەری بەسرەو بە فرۆکە لە قاهیرەوە ڕاست هاتەوە بەغدا.

بوو که مەلا مستەفا و بارزانیەکان لە رابردووەوە بە بەشێ لەو هۆزە دەهاتنە ژمار. دووای دیدارو هاتووچۆ بۆ لای بارزانی، لە کۆڕێکی گەورەدا کە لە ژمارەیەکی زۆری حیزبی و غەیرە حیزبی لە یەکێک ستادیۆمەکانی وەرزشی بەغدا پێکهاتبوو، برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی حیزب، دووای بەیانکردنی تێکۆشانەکان و ملە بە ملانیەکانی بێ وچانی مەلا مستەفا لە ڕێگای کورد و کوردستاندا، لیبرانی کومیتەی ناوەندی بۆ هەڵبژاردنی مەلا مستەفا بۆ سەرۆکایەتی حیزب راگەیاند. خەڵکەکە دەستیان کرد بە شادی و پلە زیقان و چەپلە ڕێزان و خۆشی لەو ستادیۆمەدا. مەلا مستەفاش بە پێی خەسڵەتی خوی هەمیشەیی خۆی بێ چکۆلەترین هەستێک یان دەربرینی واژەیەکی سوپاس بۆ رێزدانان لە حازران لە کۆرەکە چووە دەرێ.

بۆ ماوەیەکی کەم بە بۆنەی بەرنامەی جەژنی قوربان یا رەمەزان چووە باکووری عیراق. پێشوازی و بەرێکردنی ئەو لە شارەکانی سەر رێگا تا گەیشتن بە بارزان بێ وێنە بوو. مەلا بۆ لابردنی دووژمنایەتی دێرینە، کچی مەحمودئاغای زێباری وەک سێیەمین ژنی لە خۆی مارە کرد. لەم ژنە چەند زارۆکی بووە، یەک لەوان مەسعود بارزانیە کە چکۆلەترین مندالی بارزانیە، مەسعود بارزانی ئێستا رابەرایەتی بەشێ لە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراقی بەدەستە(١)و لە سەرەتای شەر لە نێوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و هەروەها شەری ئێران و عیراق، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاوکاری دەکاو پێشمەرگەکانی ئەو توانیویانە لە مەڵبەندی جیا جیای

---

١-نووسەر هەر لەسەر بیری کۆن دەروا. ئێستا پارتی تەک نوویەش نییە بەڵکو "یەکگرتو"شی لێ زیاد کراوە و مەسعود سەرۆکی پارتیە. و.

باکوری عیراقدا شەر بکەن و سەرکەوتنێک وەدەست بهێنن.

ئەم سێ کورەی مەلا مستەفا: لوقمان، ئیدریس و مەسعود لەوانی دیکە بەناو بانگ ترن، بەپێچەوانەی باوکیان خوێندەواریان هەیەو تا ئەو شوێنەی لوقمان بۆ وەزیری راوێژکاری سەدام هەلّبژێردرا. ناوبراو بە تۆمەتی بێجێ کە لە تەک تاکە تاکی هەندەران پێوەندی هەیە گیراو لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا لە داردرا. ئیدریس بارزانیش دوو، سێ سال لەمەوبەر بە راوەستانی دل مرد. ئەمرۆ تەنیا مەسعود بارزانیە کە جێنشینی باوکیەتی و خەریکی تێکۆشانە کە دووای ئاگربەس لە ١٩٧٥ لە نێوان کوردو دەولەتی عیراقدا هاتوتە ئێران و زۆربەی تاکە تاکی پێوەندیدار لەگەل ئەو بارزانی و کەس وکار و هۆزەکەیەتی، کە نەخوێندەوارن و لە رێکخراوەو تەشکیلاتی حیزبی دا زۆربەیان بێ ئاگان. وریاو لێهاتو وخوێندەوار پتر لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەتەوە، بە رێبەرایەتی جەلال تالەبانی، ئەم حیزبەش خۆی بەجیا لەسەرەتای شەری ئێران و عیراقدا لەگەل کۆماری ئیسلامی هاوکاری کردووە.

گەرانەوەی مەلامستەفا بۆ عیراق و چوونی ئەو بۆ باکورو مەلّبەندی جیا جیای کوردستانی عیراق شوێنێکی زۆری کردە سەر بیروباوەری کوردەکانی ئێران و کوردەکانی دانیشتوی تورکیە، سوریەو روسیە، هەروەها شوێنی لەسەر چینەکانی جیا جیای ئەو کوردانە دانا کە لە ولاتە ئوروپاییەکان خەریکی خوێندن یان کەسب و کار بوون. ئەم شوێن دانانە لەو پروپاگاندەیە سەرچاوەی دەگرت کە حیزب بە سکرتێری گشتی برایم ئەحمەد بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی حیزب ئەنجام ئەدرا، نەک کەسایەتی و تێکۆشانی مەلامستەفا چونکە ئەو لە بنەرەتا باوەرو بروای بە حیزب و تەشکیلات و سازدانی حیزبی نەبوو، نە خوێندەواری هەبوو نە وەزمو بەرێوەبردنی حیزبی هەبوو.

پێ بە پێی حیزبەکانی دیکەی دیمۆکرات لە وڵاتەکانی تر، تاکە تاکی ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوەی خۆیاندا ئاڵ و گۆڕێکیان بەدی هێنا بوو، و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەندامان و ئۆگرانی حیزبی زیاد دەبوون. جا لەبەر ئەمە بە ڕێکخراوەی ئاگاداری (جاسوس)ی هەریمەکانی ڕۆژئاوای وڵات دەستوری شێلگیر درابوو کە وشیاری تێکۆشانی نهێنی کوردەکان بن، بۆ بەدیهێنانی ترس و مەترسی لە هەریمداو هەروەها بۆ بەرگری و لەناوبردنی هەرچەشنە شوێنەوارێکی تێکۆشانی حیزبی دیمۆکرات، ئیدارەی گشتی ئەمنیەتی ناوخۆی (ساواک) بۆ گرتن و بەند کردنی ژمارەیەکی زۆر نیزیکەی دووسەد، سیسەد کەس لە هەموو ناوچەکان دەست بەکار بوو تۆمەتی ئەوانەش ئەندامەتی یا ئۆگرداری لە حیزبی ناقانونی تودە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا هۆی گرتنی ئەوان تێکۆشان لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا بوو، کە دووای ماوەیەکی کورت بەو هەموو هەڵاو بگرە کە لە ناوەوە پەیدا ببوو، زۆربەی گیراوەکان بێ تاوان بوون و ئازاد کران.(١) ئەم گیران و بەندکردنە لە مەڵبەندەکانی باکوری عیراق و بەغدا و ناوەندی تێکۆشانی کوردەکان لە ئوروپا دەنگی دایەوە و چاپەمەنی جیا جیای کورد، عارەب و باقی زمانەکانی هەندەران بە دژی شای ئێران و ساواک دەستیان کرد بە هێرش و تەنانەت لە ڕادیۆکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا هاودەردی و هاودەنگی خۆیان نیشان ئەدا.

من لە هەر بارو بابەتێکەوە ئامادەییم پەیدا کرد کە سەرەرای

١- نووسەر باسی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە ناکا کە ئەم گیراوانە لە گرتوخانەی ساواک توشی هاتن و لە سێ ساڵەوە تا ئەبەد هەموویان لە دادگای قولابیدا مەحکوم کران. و.

ئەنجامی ئەرک و ئەسپاردە لە جێی ماموریەتی خۆمدا، سەفەر بکەم بۆ کوردستانی عیراق، تورکیە، سوریە و لوبنان (لە لوبنان مەڵبەندێکی تایبەت بە ناوی کوردستان یا تێکۆشانێکی بەرچاو لە هیچ سەردەمێکدا نەبووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە کوردی تورکیە و سوریە لە بێروت و شارەکانی دیکەی لوبناندا نیشتەجێن). هەروەها لە وڵاتانی ئورووپاییدا کە زۆر لە کوردەکان بۆ خوێندن یا کارکردن لەوێ دەژین، بڕۆم و لە نیزیکەوە لەگەڵ زۆربەی سەرۆک هۆزەکان و پیاوە گەورەو بە نفوزەکانی کورد ناسیاو بم و قسەیان لەگەڵدا بکەم. لەباری ژیان و تێکۆشانی ئەوان بەگشتی ئاگادار بم. پێ بە پێی ئەم تێکۆشانە ئەوەی کە گونجا بوو پێشتر لە بابەت عیراقەوە موتالاو لێکۆڵینەوەم هەبوو بەناوی جیاوازو لە ڕێگای ئاشکرا و نهێنیدا چووبوومە عیراق، و لە نزیکەوە لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و...هتد ناسیاویم پەیا کردبوو. دەیهێنمەوە بیر کە جارێکیان بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەت چەند مەبەستێکەوە چووبوومە پاوە و نەوسود لای هەورامانی لهۆن کە بەشێکە لە کرماشان، بە لێکۆڵینەوەیەک لەگەڵ تاکە تاکی خەڵکی ئاگاداری ئەوێ، بێ ئاگاداری مەرکەزوتەنانەت بێ ئاگاداری سنورەوانی نەوسود سەرهەنگی سوار ئاشوری کە چووبوومە ماڵی ئەوان، بەشەو لەگەڵ یەک نەفەر ناسیاو و چاوساغ بە جلی کوردیەوە لە سنور پەڕیمەوە و لە ماوەی ڕۆژێکدا خۆم گەیاندە سولەیمانی. لە سولەیمانیە بە هۆی تێکۆشانی سەختی حیزبی کە لە هەموو بارێکەوە لە ژێر چاوەدێری حکومەتدا بوو چومە ماڵی یەکێک لە ناسیاوەکانم کە بۆ هەوەڵین جار منی دیبوو، بەناو دەیناسیم. بۆ ڕۆژی دوایی بە ناوی یەکێک لەوانەی کە کاری هەبوو، چوومە سەرکۆنسولگەری ئێران و توێنەری ساواک، محمەد رحیم زادە، کە لە ژێر نێوو ئێشی یارمەتیدەری کۆنسولگەری کاری دەکرد و لەباری کاری ئاگاداریەوە(ئیتلاعاتی) کارمەندی من بوو.

هەر کە دەرگاکەم کردەوە و چاوی بەمن کەوت هەستاو وتی چ کارت هەیە!؟ منیش خێرا پێچ و کلاوی کوردی و چاویلکەکەم دانا، لەبەر سەرسورمان توانای قسە کردنی نەبوو، نەیدەتوانی باوەر بکا کە بەو جۆرە توانیبێتم بێمە سەرکۆنسولگەری. دووای وتووێژێکی کورت لەگەڵ ئەودا چوومەوە مالی خانەخۆیەکەم و لەویشەوە گەرامەوە ئێران، لەو سەفەرەدا لە ڕێگا لە بیارە کە ڕووبەڕووی ئەوسوودە چوومە دیداری شێخ عوسمان نەقشبەندی ڕێبەری فرقەی نەقشبەندی کە لە زۆربەی ولاتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست مریدی هەیە، ناسیاویم پەیدا کرد. هەر ئەم ناسیاویە بوە هۆی ئەوەی کە بە ئاسانی ڕێی بۆ بکەمەوە تا ئەو و بنەماڵەکەی پەنا بێننە بەر ئێران، و تا شۆرشی ١٣٥٧ لە ئێراندا مانەوەو ئێستا لە بەغدان

دووای ئەوەی گەرامەوە بۆ تاران منیان خستە ژێر پرسیارو پێیان وتم لەوە دووا بێ ئێزن لە ولات دەرنەچم. لە سەفەرێکی دیکەدا بۆ باکوری عیراق بەناوی ساختەو و کاری مامۆستای مێژوو جوغرافیا کە بۆ لێکۆلینەوە لە بابەت مێژوو جوغرافیای باکوری عیراقەوەچووبوومە ئەوێ، لە کەرکوک و دادگوستەری ئەو شارە توانیم لەگەڵ برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق دیدارو وتووێژ بکەم کە بە هۆی تێکۆشانی سیاسی سەخت لە سولەیمانیە شار بەدەر کرابوو بۆ کەرکوک و لەوێ خەریکی وەکالەت بوو. وێنەی ئەم جۆرە سەفەر و ماموریەتانەم بۆ ولاتەکانی تر کردووە و ئاگاداری بە کەلک و سەرنج ڕاکێش و سەیروسەمەرە م لەبارەی کوردستان و کوردەکانی نیشتەجێی ئەو ولاتانە بەدەست هێناوە، کە هەرکام بۆخۆی بوون بە باشترین مایەو سەرمایەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکی دووایم.

مەسەلەیەکی سرنج ڕاکێش کە هێشتان نهێنییەو لە کاتی سەرۆکایەتی سپهبۆد بەختیارقسەی لێکراو بەرێوەبرا، بەدی هێنان و

چاپکردنی ڕۆژنامەیەک بوو بە زمانی کوردی کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا لە تاران بە هۆی ساواکەوە لە چاپ ئەدراو بڵاو ئەکرایەوە. ئەم مەبەستە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە کاتێ لەگەڵ دوکتور کامران بەدرخان مامۆستای کورسی زمانی کوردی لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس، دانیشتم دەولەتی ئێرانی سەبارەت بە پێشگری لە تێکۆشانی فەرهەنگی کوردەکان کە لە هەر شوێنێکا نیشتەجێن لە تەک ناسیونالیزمی ئێراندا پێوەندی هەیەو شانازی پێوە دەکەن، زۆرجار دەگیرین و ئازارو شکەنجە دەدرێن. دوکتور کامران بەدرخان لەم بابەتەوە دەولەتی ئێرانی سەرزنشت کردو داوای لەمن کرد بۆ نیشاندانی دڵپاکی دەولەتی ئێران سەبارەت بە کورد ئیجازە بدرێ تا ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی چاپ و بلاو بکرێتەوەو چوار کوردیش کە لە دادگای نیزامی مەحکوم بە مەرگ کراون، لە لایەن شاوە ببەخشرێن و لە زیندان ئازاد کرێن. کاتێک گەرامەوە تاران قسەکانم بۆ سەرهەنگ دوکتور پاشایی سەرۆکی خۆم گێراوە. ئەویش پێی خۆش بوو، و قسەکانی منی بە گوزارشت نارده لای کاربەدەستانی سەرتری ساواک و خۆشی بە شوێنیان کەوت تا بەڵێنی وەرگرت کە سپهبۆد بەختیار بە شای ڕابگەیێنێ، و بەو جۆرە ئەو چوارکوردە لە مردن ڕزگار کران. من لەبەر ئەم کارە کە کردبووم کەوتمە بەر تانەو تەشەری بەرپرسانی ساواک، تەنانەت یەکێک لەوانە گوتبووی بەداخەوە ناتوانم دەنا سەرگورد پژمان-م لەباتی ئەو چوار کەسە دەکوشت. هەواڵی بەخشینی ئەوانەم بە دوکتور کامران بەدرخان و بەرپرسانی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس کە هێشتا هەر ماوە و کاری فەرهەنگی و سیاسی کورد دەکا ڕاگەیاند. ئەم خەبەرە لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی فەرانسەو لوبنان دەنگی دایەوە، کە ئەو ڕۆژنامانە دەیانتوانی لەم بارو بابەتەوە شت بنووسن.

له تاران رۆژنامەیەک بەناوی "کوردستان" بە بەرپرسی و سەرپەرستی خوالێخۆشبوو بەدیعالزمان کە کورد زمان و یەکی لە زانایانی بەناو بانگی کوردستان و مامۆستای زانکۆی تاران بوو، هەروەها بە هاوکاری دلسۆزانەی هەندێ لە نووسەرانی کورد بۆ وێنە خوالێخۆشبو دوکتور محەمەد سدیق مفتی زادە و بە پارە و پشتیوانی ساواک چاپ و بلاو دەکرایەوە. ئەم رۆژنامەیە بۆ ئەو ولاتانەی کە کوردی تێدا بوو بەرێ دەکرا. مەبەستەکانی ئەو رۆژنامەیە ئەوەندە جیاجیاوسرنج راکێش بوون کە هەر ژمارەیەکی لە عیراق بە دینارێک(بیست تمەنی ئەوکات) دەکردرا. بۆ پێشگیری کردن لە چاوو را و دنەدانی کوردەکانی عیراقی و کوردەکانی دانیشتووی ئورووپادژی دەولەتی ئێران سەبارەت بەرەفتاری حکومەت لەگەل کوردەکان، پازدە دەقیقە بەرنامەی کوردی لە رادیۆ تاران بلاو دەکراوە کە دووایە بوو بە سەعاتێک و لە شارەکانی مەهابادو رەزایە(ورمێ) و سنەو مەشەدیش بەرنامەی کوردی رادیۆیی دامەزرا.

دووای دامەزراندنی تەلەفیزیۆن لە ئێران، بەرنامەی هونەری، شایی و هەلپەرکێ و سازو ئاواز و گۆرانی کوردی حەوتووی جارێک بۆ ماوەی سەعاتێک بەرێوە دەبرا. ئەمجۆرە کارانە شوێنێکی زۆر باشی دانا لە مەلبەندەکانی جیا جیای کوردستانی ئێران و ولاتەکانی تر کە کوردیان هەیە، ئەم کارە لە توندیەتی و چاوو راو هاندانی کوردەکان دژ بە دەولەتی ئێران کەم کردەوە. هەروەها بوو بە هۆی ئەوە کە من بتوانم لە دیداری خۆم لەگەل کوردەکانی عیراقی دلپاکی دەولەتی ئێران لەبابەت کوردەکانەوە راگەینم، و لەمەر بابەتێکەوە هێندێک لەم کارانە کە لە ئێران دەکرێ بیدەم بە چاویاندا. تا ئەوجێیەی دەگونجا، لە دیدارو وتووێژ لەگەل رابەرانی کوردی عیراقی یا کەسانی دیکە کە لە دووایێدا ئەیانتوانی بۆ ئەنجامدانی کارەکانم بەکار بێن، دریغم نەدەکرد و رۆژ

بە رۆژ پەرەم بەو دیدارانە دەدا. رۆژێک بانگیان کردمەوە بۆ تاران و لەوێ لەتەک سەرۆکی خۆم دیدارم کرد. مەبەستێکی زۆر گرنگی هێنا گۆڕێ، کە ئەگەر بە کردەوە بکرابایە، دەبوو بە یەکێک لە شاکارە گرنگەکانی ساواک لە دەرەوەی ولات. سەرۆک وتی: "دووای لێکۆلینەوەیەکی بەرێوە چوە جگە لە چاوەدێریەکی کە ئیدارەی ئەمنیەتی خۆجێی ساواک لە بارەی کوردستانەوە دەیکاو ئەم هەنگاوانەی لە بواری جیاوازی کولتوری و تەبلیغاتی یەوە بۆ راکێشانی خۆشەویستی و هۆگری و هەروەها پێوەندی کوردەکان بە گشتی لەگەل ناسیونالیزمی ئێران کراوە، بەس نەبوون، ئەوەی لە تواناو دەرەتاندا هەبێ، درێژەی پێدەدرێ. بەلام دام و دەسگای عبدالکریم قاسم و باقی پارتە سیاسیەکان چ کورد و چ عەجم و عارەب لەو ولاتەدا، باوەریی ئەوتۆیان بە ئێران نییە، هەرچەند ئەگەر باوەریشیان هەبێ لە ترسی جمال عبدالناسر ناتوانن تەنانەت بە روالەتیش شتی وا بکەن. ساواک بە پێی گەلالەیەک کە ئامادە کردووە و پەسەند کراوە، دەیەوێ کە هۆو کەرەستەی رووخانی دەولەتی عبدالکریم قاسم ئامادە بکات و بۆ گێرانەوەی رێژیمی پاشایەتی لە عیراق ئەوپەری تەقەلا و تێکۆشان بەکار بێنێ. ئەنجامدانی ئەوکاری بە تۆ سپاردووە، کە زۆر بە وردی لێی بکۆلییەوە وراپەراندنی ئامادە بکەی، دووای پەسند کردن ئەنجامی بدەی". منیش کە سەرم لەو کارانە دەخورا، ئامادەیی خۆم راگەیاند، بەو مەرجەی کە پیاوی وریاو ئاگادارو بەنفوز چ لە عیراق یا دەرەوەی عیراقداله ئیختیارم بنێن. ئەوانیش وتیان لەو بابەتانەوە هیچ جێگای نیگەرانی نیە، سپهبۆد بەختیارو دۆستانی کە لەگەل کەسانی ناسراو و جێگای بروای عیراق دۆستایەتی و ناسیاریان هەیە لەو رۆژانەدا لەگەل یەکێک دەتکەنە ناسیاو تا کەلکی لێ وەربگری. دووای چەند رۆژ لە مالێکی نهێنیدا لەگەل پیاوێک

بەناوی رەشید کلیدار، کە عیراقی و شیعە، و برای شێخ عەلی کلیدارـی کاظمین بوو، بووم بە ئاشنا. هەرچەند بە رواڵەت وای نیشان ئەدا کە یەکێ لە خاوەن پلەو پایەکانی رێژیمی رابردووی عیراق بێ، بەڵام وانەبوو. ئەو تەنیا کارێکی گرنگ کە دەیتوانی ئەنجامی بدا، دوستی و ناسیاوی لە تەک سیاسی و گەڕێنەرانی دەوڵەتی پێشووی عیراقدا بوو. ئەو دۆست و ناسیاوی زۆری هەبوون کە دووای شۆڕشی ١٩٥٨ لە ترسان رایانکردبوو لە هەندەران نشتەجێ ببوون. هەروەها لە عیراقیشدا لە نێو چینە جیاوازەکانی خەڵکدا دۆستانێکی هەبوو کە دووای شۆرش کاری گرنگیان لە دەوڵەتی کودیتادا بەدەستەوە بوو. کارکردن لەگەڵ ئەو بۆ ئامادە کردنی بیوگرافی کەسایەتی جیا جیا لە نێو گشت چینەکانی رێژیمی بەر لە کودیتاو دووای کودیتا کە ئاگاداریکی باش هەبوو، سرنج راکێش و بەکەڵک بوو، ناونیشانی زۆربەی ئەوانەی دەزانی کە لە دەرەوەی عیراقدا بوون ، و جۆرێکی نیشان ئەدا کە زۆر بە ئاسانی بتوانم لەگەڵ هەر یەک لەوانە دیدار بکەم و بیانبینم، و تەشکیلاتێک لە هەندەران بە هۆی ئەوان لە دەرەوەی وڵات یا لە نێو عیراقدا ساز بدەین. دیارە من بۆ کار قایمی خۆم وام پێ باش بوو کە تاکە تاکی ئەوانە کە دەیانەوێ لەگەڵ ئێمە کار بکەن ببینم و بارو دۆخی ئەوان لە تێکۆشانی نهێنی و لەم مەسەلە گرنگەدا هەڵسەنگێنم. چوومە بیروت و لەوێ چاوم بەچەند کەس لە پیاوە گەورەکانی رێژیمی پێشوو کەوت، وەک بنەماڵەی چەلەبی و هەندێ لە رابەرانی گەورە پیاوی کورد کە دووای کودیتا بە ناچار چووبوونە بیروت. نەتیژەی کارەکانم بە مەرکەز راگەیاند و هیوام دەربری تابەڵکو بتوانم ئەم تەشکیلاتانە چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی عیراق پێکەوە پێوەند بدەم و لە کات و ساتی دیاریکراودا نەخشەو گەڵاڵەی رووخاندنی رێژیمی بەغدا بە هۆی ئەوانەوە بە ئەنجام بگەیێنم. من

نیازم نەبوو، و لە پایەو پلەیەکدا نەبووم تا بزانم شای ئێران ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ کێ و چ کەسایەتیەکی بێگانە یا دەوڵەتێ بێگانە هێناوەتە گۆڕێ ، ئەگەر بشم ویستبا نەمدەتوانی مافی ئەوە بە خۆم بدەم و ئاگاداری بم. بەلام سەرۆکی خۆم و چەند کەس لەو سەرتریش ئەوەندەیان بروا بە من بوو، کە هیچیان لە من نەدەشاردەوە. مەگەر شتێک کە پێویست نەبوایە کە من بیزانم. لەو روەوە بێجگە لە دەوڵەتی ئوردونی هاشمی و خودی مەلیک حوسێن و لە سەرچاوەو کەسایەتی دەوڵەتانی تری بێگانە ئاگاداریم نەبوو، و لەم بابەتەوە شتێکیان بە من نەگوت و منیش نەمپرسی. من ئەرکی خۆم ئەنجام دەداو بەکاری خۆشم بروام هەبوو، کە دەبێ ئەو ئەرکەی بە من سپێردراوە لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجامی بدەم. لەوانەیە خوێنەران وا بیر بکەنەوە کە روخاندنی رژێمی عبدالکریم قاسم و گەڕانەوەی رژێمی پاشایەتی چ پێوەندیکی لەگەڵ بەستنی قەراردادی ١٩٧٥ـی ئەلجەزایردا هەیە؟ بەلام ئەوانە وەک زنجیر پێکەوە گرێ دراون و هەر یەکە لەوان تەواوکەرەوەی ئەوی دیکەیە، جا ئەگەر یەکێ لەوانە لە قەلەم بکەوێ، خوێنەر جوان بۆی ناچێتەوە سەر یەک. دەبێ عارەبی سوننی و قەومی لەگەڵ عارەبی شیعەی بەعسی و هەردووکیان لەگەڵ کوردی بە رەگەز ئێرانی و دانیشتووی عیراق پێکەوە نزیک بکرێن و چاویان بە یەک بکەوێ تا بگەنە یەکترو هەموویان پێکەوە بۆ یەک ئامانج تێبکۆشن، تا ئەو کوردانەی کە بۆ دابینکردنی بیروراو ویستی دەوڵەتی ئێران لەبەرچاو گیراون بزانن و بفامن کە لەتەک چ دەوڵەت و چ هێزێکدا کار دەکەن. ئەگەر لە کورد لە رێبازی ئامانجیدا کەلک وەرنەگیرێ، هاوکاری ناکا، یا ئەگەر هاوکاریش بکا، رواڵەتییە، باوەڕ وبروای نە بەکار دەبێ و نە بە کاردار.(١)

١ـــ بە کوردی و کورتی دەبێ بزانی کورد چۆن فریو دەدرێ و کڵاوی لەسەر دەنرێ، تا بتوانی بە قازانجی خۆت کەلکی لێ وەرگری. و.

من هەمیشە بۆ ئەنجامدانی کاروباری پێ ئەسپێردراو لەزم کردووە خۆم بە ئاوو ئاوو ئاگردا داوە، ئەوانەی دەمناسن و هەر ئێستاش زیندوون باوەریان بە قسەکانم هەیە. جا هەر لەبەر زوو ئەنجامدانی کارو بەرپرسی خۆم بێ هیچ سێ و دوویەک لەگەڵ بەرپرسی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق لە بەغدا دیدارم کرد کە بە بنەچەکە ئێرانی و لە خۆیندەواران و خەڵکی مەهاباد بوو، کە دووای رووخانی کۆماری کوردستان هەلاتبوو بۆ ولاتە عارەبیەکان و لەو سەردەمەیدا لە بەغدا دەژیا. هەر کە چاوم پێی کەوت ناسیمەوە، بەلام چەند ساڵ لەمەو پێش، کە لە یەکێ لە هۆتێلەکانی دیمەشقدا چاومان بە یەک کەوتبوو، بە ناوی خواستنەوە خۆمان بە یەک ناساندبوو، لە پاشان دووای وردبوونەوە زانیم ئەو کەسەم لە سوریە دیوە کە ئێستا بەرپرسەو لە بەغدایە (عیسا زەبیحی)یە. چونکە هەر دووکمان بە نێوی ئەسلی یەکتر ناسیاو ببووین، بڕوای زیاترمان بە یەکتر پەیدا کرد. ئێتر قەرارماندا وەخت و بێ وەخت لە کاتی پێویستدا چاومان بە یەکتر بکەوێ، هەروەها بیرو راو سیاسەتی مووافیقی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە کورد و ئەوکارانەی کە لەبابەت فەرهەنگی و ئەدەبی و پروپاگاندەوە ئەنجامدرابوو، بۆم شی کردەوەو داوام لێکرد کە ئەمانە بە رابەرانی پارتی و کەسانێ وەک برایم ئەحمەد، سکرتێری گشتی، جەلال تالەبانی، عومەر دەبابە هەمزە عەبدوڵلا و سەرئەنجام بە مەلا مستەفای رابگەیێنێ، جا ئەگەر بیرو رایەکیشیان هەبوو، پێم رابگەیێنێ. بەمجۆرە دەروازەی پێوەندی و دۆستایەتی لە تەک پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراقم کردەوە. هەر لەم دەرگایەشەوە دەمەوێ بچمە مەیدان، دیارە عیسا زەبیحی لە بەغدا لەو کەسانە بوو کە لەو کارەدا زۆری یارمەتی دام. ئەگەر بیروڕای یارمەتیدەری ئەو و تێگەیشتنەکانی پێشووی ئێمە نەبوایە لەوانە

بوو چوونە ناوی ئەو مەیدانە تا رادەیەک دەرەتانی نەبوایە. پێ بە پێی ئەم کارانە، لەگەڵ کوردەکان و چەند کەس لە کوردو عارەب کە لە تاران لەگەڵ رەشید کلیددار ناسیبوومن و لە عیراقدا کاریان دەکردو یا ئەگەر کاریشیان بە دەست نەبوایە دەیانتوانی ببنە هۆی پێوەندی، دیدارو وتووێژم کرد. کەم کەم خەریکی سازدانی تەشکیلاتی جیا جیا بووم لە نێو چینە جیاوازەکانی خەڵکیدا چ ئەوانەی لە ناو دەوڵەتدا یا لە دەرەوەی دەوڵەتدا بوون، لە هەر لایەکەوە لە کوردەکان و عارەبەکان بۆ تەواوکردنی ئاگاداری خۆم بێ ئەوەی هیچ یەکێ لەوانە لە پێوەندی ئەوانی تر لەگەڵ من ئاگادار بن، کەڵکم وەردەگرت. لەم بارو بابەتانەوە بەراستی نەتیجەی زۆر بەنرخم وەرگرت. شەوێک لە ماڵە خۆم دا بووم لە مەڵبەندی مەنسور لە دەوروبەری بەغدا، بیرم لێ کردەوە ئەی بۆچی بۆ رووخاندنی دەوڵەت لە کوردەکان کەڵک وەرنەگرم؟، کە ئەگەر بۆ وێنە گەڵاڵەیەک ئامادەو پەسەند بکرێ، ئەنجامێکی زۆر باش و گرنگ و پر قیمەتی لێ ساز دەبێ، ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت و هەر بیرم لەوە دەکردەوە جار جار لە حەوشەی ماڵەکەم داو جار جاریش لە شەقامی بەر دەرگای دەرێ کە لە نێزیک مەیدانی غارغارێنی ئەسب لە رێژیمی پادشاییدا بوو، دەهاتم و دەچوم و هەر بیرم لەو پلانە دەکردەوە.

بۆ رۆژی دوواییدا زووتر لە رۆژانیتر چوومە سەرکار بە تەلگراف داوای چاوپێکەوتنم لەگەڵ سەرۆکی سازمانی وەخت کرد. هەر ئەو رۆژە وەڵامدرایەوە تا بچمە تاران، لەو سەردەمەیدا بوو کە جاروبار لەملاو لەولا هەواڵی ناجۆر لەبابەت خوالێخۆشبو سپەهبود تەیموری بەختیارەوە بە شا دەگەیی. کاروباری ئەویی تەق و لەق کردبوو، تەنانەت خاوەن پایەکانی دەرەجەی دووەم و سێیەمی ساواکیش لەکارو ئاکاری ئەو خوالێخۆشبوە نارەحەت بوون. شا لە کودیتایەکی

سپیدا ئەوو خوالێخۆشبو عبدللا هیدایەت یەکەمین سەرۆکی ستادی گەورەی ئەرتەش، و سپەهبود حاجی عەلی کیا سەرۆکی شارەوانی گشتی ولات-ی لەسەر کار لابردو لە جیاتی تەیموری بەختیار، ئەو ئەفسەرە پاک داوین و دروستکارو زاناو نیشتمان دۆست و خەڵک خۆشەویست و بەدیهێنەری ساواک، خوالێخۆشبو سەرلەشکر پاکرەوانی کردە سەرۆکی ساواک، تیمسار سەرتیپ حەسەن عەلەوی کیا، ئەفسەری بە ئەزمون وکارزان، ئارام و لەسەر خۆ، خۆش نێوو بە ئەخلاق کە لەبەرا جێگری تەیموری بەختیار بوو لەسەر ئەوکارە مایەوە، هەروەک برایەکی میهرەبان، دۆستی بەوەفا، هاوکاری راست و خوێن گەرم تا دووایین سەردەمی کە دووای شۆرش لە ئێران بۆی دەرچوو، سەبارەت بە تیمسار پاکرەوان و سازمانێ کە بەرپرسی ئەو بە ئەستۆی بوو خزمەتی کرد.(هەرچەند سالەها بەر لە شۆرش لە کاتی لەسەرکار بوونی نەسیری بە پێی داواکردنی خۆی خانەنشین ببوو)...جارێکیان لەگەڵ تەیمور بەختیار بۆ چاو پێکەوتن و وتووێژ لەگەڵ دەولەمەندو خاوەن نفوزو کاربەدەستانی سەردەمی رێژیمی پاشایەتی عیراق کە رایان کردبوو لە بیروت دەژیان، چوومە لوبنان. بەختیارم لەگەڵ ئەوانە کردە ئاشناو لە گفتگویەکی درێژدا لەبارەی بەرنامەو گێرانەوەی رێژیمی پاشایەتی بۆ عیراق، ئەوانی بە لوتفی پاشای ئێران و هەنگاوەکانی رێکخراوی ساواکی هیوادار کرد. بەراستی کاتێک ئەوان بە تایبەت بنەماڵەی عبدلهادی چلبی تێگەیشتن ئەوکارە (گەلالەی پیرۆزو رووخاندنی رژیمی عبدلکریم قاسم) کەوتۆتە ئەستۆی تیمور بەختیار و ساواک زۆریان پێی خۆش بوو هەرچەند داوای پارەشی لەوان نەکردبوو، عبدالهادی چلبی ئامادەیی خۆی بۆ هەموو جۆرە یارمەتی مادی و هۆکاری ئینسانی راگەیاند. عبدالهادی چلبی نەک هەر لە بیروت کورێکی خۆی وەک

نوێنەرو ڕاپەڕینەری کارەکانی ساواک لە گەلالەی ناوبراودا، ناساند، بەڵکو یەکێ تریش لە کورەکانی خۆی نارده تاران کە یارمەتیان بدا بۆ ئەو کارە، لە ڕاستیدا هەرتکیان بە باشی کەڵکیان لێ وەرگیرا.

...... من ئەو کوردانەی کە لە ڕۆژگاری پاشایی عیراق خاوەن پلە بوون و دوای کودیتا چووبوونە بیروت، ئەوانم بە تیمور بەختیار ناساند، بەختیار نە تەنیا بۆ هاریکاری بۆ ڕزگاری عیراق، بەڵکو بۆ هاوکاری کردن لەبابەت کوردستانی عیراقەوە ئەوانی بۆ تاران داوەت کرد، کوردەکان لەبەر ناوی بەختیار باوەڕیان پەیدا کردبوو کە بە هۆی ئەو ئەتوانن بە مافی خۆیان بگەن، لەوە دەچوو باشیان فیکر کردبۆوە و زۆربەشیان یەک بە دووای یەک هاتنە ئێران و کەلکیشیان لێ وەرگیرا. (بەختیار لەوسەردەمەدا زۆر غەرە ببوو، بێجگە لە شا ئاوری لەکەس نەدەدایەوە، هەرچی دۆستان و هاوکارە دڵسۆزەکانی پێیان دەگوت، بەگوێیدا نەدەچوو، بە ئیعتبارو پشتیوانی ئەوەی کە لەسەفەر بۆ ئەمریکا چاوی بە پرێزیدێنت جان ئێف کەنەدی کەوتبوو، و چەند شتێ کە لەو دیدارەدا بە هاوکارەکانی گوتبو، بەگوێی شا گەیشتبوو، وەزعی ئەوی لەرزۆک کرد بوو، نەیدەزانی و یا دەیزانی و وەسەر خۆی نەدەهێنا، هەر بەرزایەک ، نزمی لە دووایە).

## پێشنیاری گەڵاڵەی سەرکەوتوو

دوای ئەوەی موافەقەت کراکەبی دیتن و وتوویژ لەگەڵ تیمسار پاکرەوان بچمەتاران،رۆژی دوایی کەوتمەرێ وگەیشتمەتاران ویەکسەر چوومە مالی پاکرەوان ومەسەلەکەم بەمجۆرە بۆروونکردەوەو گوتم: «... دیارە لەبواری تەمەن وخوێندەواری وئەزموونەوە لەمن زیدەتری ولەبارەی پێشینەی کاریشەوە لەمن ئاگادارتری. ئەگەربەوردیش لەرووداوەکانی رۆژی عیراق ئاگادار نەبی، لانی کەم بەگشتی دەتوانی بارودۆخی ئێستاورابردووی عیراق لێک بدەیەوە.

دەزانی ئێرانیەکان بەکوردوعەرەبەوە، سەبارەت بەسنووری هاوبەش وپێوەندی بنەماڵەیی وپێداویستی ژیان لەسەردەمی حکوومەتی عوسمانی ویاپێکهاتنی ولاتانی وردوەرشتی عەرەبی لەگەڵ عیراق هاتووچۆیان هەبوە. ئەوانە میوانی بانگ نەکراو وئاوارەبوون وبۆ درێژە پێدانی ژیان لەسنوور پەڕیونەوە. لەعیراق خەریکی کاری رەشی وەک : حەمباڵی وبۆیەچیەتی وشاگرد قاوەچییەتی وئاوفرۆشی وباخەوانی ونۆکەری وشتیوابوون. لەبەر ئەوەی بەقاچاخیش سنووریان پەڕاندوە، هەمیشە لەلایەن پۆلیسی عیراقەوە ئازاردراون.

دوای شۆرشی ١٩٥٨ یش دەوڵەتی شاهەنشاهی لەگەڵ عیراق توشی گیروگرفتی زۆربوە.لەبارەی ئێرانیەکانی دانیشتووی عیراقیشەوە، رەخنەوسکالای بەرپرسانی باڵیۆزخانەکانی ئێران ئەنجامیکی وای نەبوە. لەم ولاتە بەرواڵەت شۆرشی پەداکەس گوێ ناداتە کەس. کەوابوو دەبێ

خەتی سووربەسەر ئەم هەنگاوانەدا بکێشرێ وهیوامان بەکەلک وەرگرتن لەم هۆکارانە نەبێ. پاشان ئاخافتنی خۆم درێژە پێداوگوتم: دەمێنێتەوە عیراقیە شیعەمەزهەبیەکان وکوردەکان کەنەک هەر سەبارەت بەپێشینەی مێژوویی، بەلکوو خۆیان بەهاورەگەزی وهاوپێوەندی لەگەڵ ئێران شانازی دەکەن. ئەڤین وهۆگری ئاریایی وهاوپێوەندی وحەزی نهێنی ئەوان لەگەڵ ئێران لەئاگری شەوی نەوروزو تەقەی تفەنگ وئاگربازی دا خۆدەنوێنێ. ئەگەر کوردەکان نەک هەرپێنج پارچە، بەلکوو بکرێنە هەزاران پارچەش ودابەشیان بکەن، رەگەز ورەسەن وپێوەندیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئێران وکولتوروئەدەب وزمان وداب ونەریتی خۆیان لەبیرناکەن.

ئەوانەی لەو دیو یا لەم دیوی سنوور نیشتەجێن پێوەندیان بە ئێرانەوە هەیە، ئێرانیان بەدی هێناوە، یەکەمین حکومەتی پاشایی ئێرانیان دامەزراندووە، لەگەڵ ئێران هاتوونەتە دی، لە ئێران دەمرن بەلام ئێران هەمیشە زیندوو دەمێنێ. ئێوە دەبێ لەبابەت ئەم نەتەوەو ئەم قەومە کە ئەمرۆ ئاوەها ئاوارەن و تەنیا لە عیراقدا گیانی تازەیان هاتۆتەوە بەر و دیارە ئەویش ماوەیەکی زۆر ناخایێنێ، بیر بکەنەوە، پشتیان پێ ببستن و سەبارەت بە گەورەیی ئێران کەلکیان لێ وەربگرن. دوژمنایەتی مەعنەوی و جەنگی زیهنی لە مێشک دراوێن، وەرن لەگەڵ ئەواندا جیهانێکی باشترو خۆشتر ساز بدەن. بەلام عێراقییەکانی شیعە مەزەب هەرچەند لەباری مەزەبەوە خاوەن بیرو بروان، بەلام هەرگیزخاوەنی تەشکیلات و رێکخستن نەبوون. نەیانتوانیوە بۆ هاومەزەبەکانی خۆیان کەلکیان هەبێ. زیاتر لەوەی کە هۆگری سەبارەت بە ئێرانییە شیعەکان نیشان بدەن، نۆکەریی عیراقیەی سوننی مەزەبە دەسەلاتدارەکان دەکەن.

ئەوان خەلکێکی بێکارەو تەمبەل و هیچ و پوچن و مەگەر بۆ

قازانجی شەخسی، ئەگینا خۆ ناخەنە مەترسییەوە. مەزەبیش هەر لە منداڵییەوە چۆتە گوێچکەیان، دەنا بڕوایان پێ نیە و جاری وا هەیە لە شیعەش حاشا دەکەن و بە زاراوەی مەزەبییەکانی شیعە "تەقیە" دەکەن. من هیچ هیوام بەوان نیە، چونکە هەست بە مەترسی پێوە بوون دەکەم. بە کورتی بەم بیانوە کە ئەوان هاومەزەبی ئێمەن، دەبێ وازیان لێ بێنین و فاتحەیان بۆ بخوێنین. ئەوەی عەرزت دەکەم تەنیا بۆ ئاگاداری خۆت نیە، تکا دەکەم بە کاربەدەستانی دیکەش رابگەیێنە ، ئەوانەی دەستیان لە کاری عیراقدا هەیە.

عەرەبە سوننەکانی عیراق ئەوەندەیان دووژمنایەتی لەگەڵ شیعە هەیە، هەر باسی ناکرێ. ئەوان ناتوانن هیچ کارێک بۆ ئێمە بکەن. ئەوان نایانەوێ ئێران هەر سەریشی پێوە بێ، جا چ دەگا بە هاوکاری. هەموو جۆرە گەلالەو بەرنامەیەک بۆ کەلک وەرگرتن لەوان، بۆ دژایەتی دەوڵەتی عیراق بێ کەلک و بێ ئاکامە. من کە دەبێ ئەم گەلالەیە لە عیراق راپەڕێنم هیچ بڕوام نە بە گەلالەو نە بە خۆیان هەیە.

...... دووایی رووم کردە پاکرەوان و گوتم: ئەوەی بە کورتی لە بابەت پێوەندی رەگەزیی و قەومی خەڵکی کوردزمان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانیشیم کردەوە، راستییەکە کە حاشا ناکرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کوردەکانی عیراقی، بەو خوو ئاکارەوە لایەنگری دەوڵەتی ئێستای ئێرانن. ئەگەر ماوەیەکە لە رۆژنامەو چاپەمەتی حیزبەکانی کوردەکانی عیراقدا، هێرش ناکرێتە سەر رژیمی ئێران، لەبەر گۆڕانی سیاسەتێکە کە دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە کوردەکانی ئێرانی لەبەرچاوی گرتووە و نەتیجەی کار گەلێکە، لەو مەڵبەندە ئەنجامدراوە. ئەم کارانە لە چاپەمەنی ئورووپا دەنگی داوەتەوە و بە رابەرانی کوردەکانی نیشتەجێ لە ئورووپا و وڵاتانی تر راگەیێندراوە.

هەنگاو هەڵێنانەوە دژی دەوڵەتی عیراق لە مەڵبەندی رۆژئاوای ئێران دەنگدانەوەیەکی ناپەسەندی دەبێ، و زیان و زەرەری ئەوە بە کوردەکانی رووبەرووی سنوور دەگا. لە ئاکامدا دەبێتە هۆی نارازی بوونی زیاتر و نەتیجەی ئەوەندەشی نابێ. بۆ وینە لەم دوواییانەدا گەلالەیەکی بە ناو ئازاردەرتان ئامادە کردووە و ئاوی چۆمی (زاب)تان کە لە دەرەوەی قەسری شیرین دەرژێتە عیراق و مەڵبەندی خانەقین، بەرتان گرتوەو گێراوتانەتەوە. لە ئاکامدا چەندین هەزار دار خورما ویشک بووە و کشت و کال و مەزرای خەڵکی کوردزمانی بێچارە لە نێو چووە، دەوڵەتی عیراق لەوە کەڵکی وەرگرتووە، نەک هەر زەرەرو زیانەکانیانی بۆ بژاردوون، بەڵکو پروپاگاندەیەکی سەختی لە بەشی کوردی رادیۆی عیراق دژی دەوڵەتی ئێران دەست پێکردووە. ئەم گەلالەو ئەم جۆرە کارانە دەردێک دەرمان ناکەن، بە پێی ئەم قسە مەشهورە: عورزەی خۆت دەبەی و ئێمەش ئازار دەدەی. رۆژ بە رۆژ دنیا دەگۆردرێ، رۆژهەلاتی ناوەراست لەبارو بابەتی سیاسییەوە رەنگ و روویەکی دیکەی پەیدا کردووە. بیرو ئیدئۆلۆژی جیا جیا دێتە مەیدان کە دەبێ لەگەڵ رۆژگارو ئاڵ و گۆری دنیا بچنە پێشەوە، ئەگەر لە رۆژگارو لە کات و سات وەدووا بکەون هەموو شتێکتان لە کیس دەچێ. بەرواڵەت وەرن با پێکەوە دنیایەکی باشتر ساز بدەین. ئەوەی لە ماوەی بوونمدا لە عیراق لێی ورد بوومەتەوە، دەوڵەتی ژەنرال عبدالکریم قاسم، لەگەڵ ئەوەی بە رواڵەت دۆستی و خۆشەویستی رواڵەتی لەگەڵ کوردەکان بە تایبەت لەگەڵ رابەرانی، بۆ وێنە مەلا مستەفاو بەرپرسانی دیکەی حیزبی نیشاندەدا، بیرورای سەبارەت بەوان چاک نییە و ناشیهەوێت مادەی ٣-ی بەیاننامەی ژمارە ١-ی شۆرای بەرزی شۆرش کە ماوەیەکی درێژی لێ رادەبرێ، ببا بە رێوە و ئیجرای بکا. لەگەڵ پێداگرتن و

دیدارو وتوویژی رابەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەگەڵ عبدالکریم قاسم، وە باقی بەرپرسانی دەوڵەتی لە مەسەلەی کوردستاندا، هیچ جۆرە شتێک لە دڵپاکی ئەوان سەبارەت بە خۆیان هەست پێ نەکردووە. لە چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ رابیتی، بەرپرسی حیزبی لە مەڵبەندی بەغداو هەروەها لەگەڵ باقی سەرۆک هۆزەکان و پیاوە بە نفوزە کورد زمانەکانی نیشتەجێی بەغدام ئەنجامداوە، هیچ هیوایەکیان بە ئەنجامدانی کاری بەکەڵک لە لایەن دەوڵەتی عبدالکریم قاسم-ەوە نیە. دەزانن کە ئەو، مەبەستەکە بە کات رابواردن دەباتە سەر. ئەمە خۆی دەرەتانێ باشە و هەل و مەرجێکی لەباری بۆ کەڵک وەرگرتنی ئێمە بەدی هێناوە. بە ئاخەوتن لەگەڵ رابەرانی بەرپرسی حیزبی، ئەتوانرێ خالی وەرسوران و لە پێوەندی کوردەکانی عیراقی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بەدی بێت. هەل و مەرجێ ساز بکرێ کە بتوانرێت باشترین کەڵکی بۆ گۆرانی ئەم بارەی ئێستا کە لە ناڵەبارترین هەل و مەرج دایە بەدی بێت، و بەمەبەستی پێکهێنانی نفوز و سەرئەنجام دابینکردنی سوودو بەرژەوەندی ئێران،کارگەلێ شوێندانەر ئەنجام بدرێ. ئەمە مەسەلەیەکی چکۆلە نییە، زۆریش گرنگ و حەساسە و خاوەنی جوانی و زەریفی تایبەت بە خۆیەتی. ئێوە دەبێ دژو دووژمنانی ئێستای ئێران بکەنە دۆستی ئێران و سەرئەنجام ئامادە بکرێن تا راپەرن و شۆرش بکەن و مل پێچی لە دەوڵەتی مەتبوعی خۆیان بکەن. دەبێ کارێ بکرێ کە رابەران و بەرپرسانی کوردەکانی عیراقی لە عبدالکریم قاسم دوور بخرێنەوە، تا هەم کوردەکان لە هەر جۆرە گزی و فزی دەوڵەتی عیراق دوور بن و هەوەها دەوڵەتی عیراق نەتوانێ زیاتر لەوە، ئەوان بە داهاتوویەکی نادیار هیوادار و دڵشاد بکات و لەم رێگایەوە کەڵکیان لێوەربگرێ. لەم رێگاو رێبازانەوەیە کە دەوڵەتی عیراق دەتوانێ لە مەڵبەندی

خۆرئاوای ئێران کە بە تەواوی بێ پەرژینەوە لە بەرانبەر هاورەگەزان و برایان و خزم و کەس و کاری خۆیان قەراریان گرتووە دەست بکەن بە تێکۆشان و دژایەتی کردنی دەوڵەتی ئێران بە وێنەی ناوچەیی و باریێ کە تێیدان. هەرچەند دەتوانرێت لە رێگای هێزی چەکدارەوە، لە هەرجۆرە دەست درێژییەک بۆسەر سنووری وڵات بەرگری بکرێ، بەڵام بەر پرچدانەوەی هێرش و دەست درێژی لەو بەری سنورەوە، کە بە رێنوێنی و بە پێی نەخشە بێ و بە نهێنی بە دژی وڵات ئەنجام بدرێ، بە هۆی هێزی چەکدارەوە سەر ناگرێ و ناگونجێ. خەڵکی ناوچەو تاکە تاکی خەڵکی رۆژئاوای ئێران ئەگەر لە دڵپاکی دەوڵەتی ئێران دڵنیابن، خۆیان باشترین بەرگر دەبن بۆ وڵاتی خۆیان. خۆیان باشترین هۆی ئاگاداری و سەرئەنجام ئەبنە باشترین بەرێوەبەری کاروبار لەو ناوەدا. تاکە تاکی ئەم دیوو ئەو دیوی سنور، بە هاریکاری یەکتر و بە پشتیوانی دەوڵەتی ئێران نە تەنیا تەنگ بە هێزی چەکدار توند دەکەن، بەڵکو هەرجۆرە فروفێڵ و گزی و فزییەکیش پوچ دەکەنەوە، جا لەبەر ئەمە پێشنیار دەکەم:

بە زووترین کات و بەر لەوەی هەل و دەرەتان لە دەست بچێ، لە گەڵ رابەران و گەورە پیاوانی کوردی حیزبی عیراقی وتووێژ دەست پێ بکرێ. وە ئەوانە دنە بدرێن لە بەغدا برۆنە دەرێ و بچنە مەڵبەندەکانی باکورو لە ناوچەیەکی شیاودا دەست بکەن بە کۆ کردنەوەی لایەنگرانی خۆیان، و لە دەوڵەتی عبدالکریم قاسم، لەسەر بنەرەتی ئیعلامیەی ژمارە٢ـی شۆرای بەرزی شۆرش مافی خۆیان بخوازن، تا کوردەکان بە ناوی نەتەوەو خەڵکی ناعارەب بناسرێن و مافی رەوای ئەوان بە پێی قانون و یاسا دابین بکرێ و ئازادی و دیمۆکراسی پێک بێ و خەڵکی لە بەرێوەبردنی کارو باری نێوخۆیی کوردستان بەشدار بن و دەوڵەتی عیراقیش ئەوەی بسەڵمێنێ.

خوالێخۆشبو تیمسار پاکرەوان زۆر بە وردی سەیری کردم و وتی: "یانی ئێمە بەدەستی خۆمان ئاژاوەو سەرئێشە لە ناوچەی کوردستانی ئێراندا بۆخۆمان ساز بدەین، ئەوان دنە بدەین بۆ ئەو شتانە کە ئەمانیش داوای مافی خۆیان بکەن"؟ لە وەلامدا وتم: ئێمە کاری بە پێچەوانەی قانون ناکەین. ئەگەر کارەکانی ئێمە لەباری بەهێز کردنی کوردەکانی ئەودیوی سنور کە لە بنەرەتا بۆ کزو لاوازو بێ هێزکردنی دەولەتی عیراقەو ببێتە هۆ بۆ بەرێوەبردنی مادە ٣ـی بەیاننامەی ژمارە یەکی شورای بەرزی شۆرش، چ دەبێ کە لە ئێراندا قانونی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی لەسەرتاسەری ولات بەرێوە ببرێ. مەگەر تاکەی دەتوانین خەلک لە بەشداری کردن لە کاروبارو ئازادی و دیمۆکراسی وحاکمیەت بێ بەش بکەین، و لە هەلدان و پێگەیشتن و دادگەری بێ بەش بن. سەرئەنجام رۆژێ دەبێ کارەکانی سازمانی ئاسایش وبیرورای شای ئێران لەم رێبازەدا بەرێوە ببرێ، ئەگەر بەراستی ئەوشتانە لەسەر دلپاکی دامەزراوە. ئەبێ ئاسایش و خۆشی و مافی خەلک لەم رێبازەدا دابین بکرێ و سەرئەنجام خەلک بە خێرو خۆشی و ئازادی بژین. ئەگەر دەولەتی ئێران زوتر دەست بداتە داهێنانی ئەم کارەو داخوازی خەلک بە پێی قانونی ئەساسی دابین بکا، دەیباتەوە. دەنا هەل و مەرجێ پەدی دێ کە بەناچاری ئەنجامیان بدەین، یا لە بەرانبەریدا راوەستین و بە دژی خەلک و ویستە رەواکانی قانونی ئەوان ملە بە ملانێ بکەین. لە هەردو حالدائاکامی کار بە سودی رژیم تەواو نابێ. خوالێخۆشبو پاکرەوان رایگەیاند: چلۆن ئەعلاحەزرەت رێگادەداهاوکاری وپشتیوانی لە مەلامستەفاو لایەنگرەکانی بکەین و پشتیوانیان لێ بکەین، کە لە سالی ١٣٢٥ی هەتاوی لەو سەردەمەی کە هێزی ئەرتەش دەرۆیشتە کوردستان (مەهاباد، ناوەندی کۆمار) بە دژی ئەرتەش راپەری و

ژمارەیەکی لە ئەفسەران ودەرەجەداران و سەربازانی ئیمەی کوشت و لە پاشان ئاوای سوڤیەت بوو، و پەنای بردە ئەوێ، و لە روانگای دەوڵەتی ئێرانەوە مەحکوم بە مردن کراون موافەقەت دەکا.. وتم: مەلا مستەفا ئێرانی نییە تا لە دادگای ئێراندا بە بێ بەشداری خۆی تاوانبار کرابێ. هەرچەند کەواش بێ، گوناح و تاوانی ئەو ئینسان کوژە (جینائیە) دووای بەسەرچوونی ئەو هەموو ساڵ و مانگە، وەبەر مروری زەمان دەکەوێ و بۆ وەدوواکەوتن نابێ. بێجگە لەوە دەگونجێ بۆ دابینکردنی سوود و بەرژەوەندی ولات و میلەت تاوانباران بە مردن لە بەند ئازاد بکرێن و کەڵکیان لێ وەربگیرێ، ئەمە کارێکی بێ پێشینە نییە، چەند جار وابووە بە درێژایی مێژوو، و لە رۆژگارانی جیاجیادا، وە لە ولاتانی جیاجیا، وە تەنانەت لە ئێرانیشدا شتی وا روویداوە و بۆ بەرژەوەندی ولات کەڵکی لێ وەرگیراوە. مەبەست زۆر لەوە گرنگترە کە بروانینە رابردووی دوور و هەل و مەرجی ئێستا لە دەست بدەین، وە لە بیری دابینکردنی بەرژەوەندی ئێستای ئێراندا نەبین. هەم تۆ و هەم ئەعلاحەرزرەت روناکبیرن و جوانیش بو دوارۆژ دەروانن و برواتان بە بەڵگەو قسە هەیە. ئەگەر بیرورای من بە بێ بەڵگە دەزانن و پێتان نامەنتقییە، لێم وەر مەگرن. ئەم قسانە بە شاهەنشا رابگەیێنن تا هەرچی زوتر دەست بەکار بم. دەنا بە کۆکردنەوەی ئاگاداری بێ سەرو شوێن، و چاو پێکەوتن بەم و بەو، و خۆ خەریک کردن بە بیرورای دەوڵەتانی هەندەران، بێجگە لە سات و کات رابواردن و پول و دراو خەرج کردن و هێزو هزر بە فیرۆدان شتی تر نییە. بە درێژایی ئەم چەند ساڵە و کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئاگاداریانە چ بەر لە تەشکیلات و چ دوای ئەوە چ کارێکی بەسود و بەرهەمدار ئەنجامدراوە. ئەگەر لە بیرتە دووان لەوانە ناو ببە. پاکرەوان گوتی لەگەڵ ئەسلی مەتلەب موافیقم،

بەلام مەسەلەیەکی گەورەو گرنگ و قورسە. هەرچەند بە بوونی تۆ ئەوەندە ناهومید نیم. بەلام لەم کات و بارو دۆخە ناسکەدا، لە بەجێ گەیاندنی و پاراستنی نهێنی دا گومانم هەیە.

ئەگەر نەتوانین ئالاحەزرەت لەم بارەوە بەتەواوی قانیع و دلنیا بکەین و لەگەل پێشنیاری ئێمە موافەقەت نەکا. من دەزانم لەوە دەترسێ کە مەسەلەکە ئاشکرا بێ و ببێتە هۆی پێک هەلپرژانی دەولەتی ئێران و عیراق. لەکاتێکدا ئێمە دەمانەوێ هەر چۆنێک بێ ئەم نیوە پێوەندییە هەر بپارێزین. تەنیا رێگای گەیشتن بەو ئامانجە راکێشانی برواو دلنیایی دەولەتی عیراقە. ئەگەر لە بەجێ گەیاندنی گەلالەی پێشنیاری تۆدا بچوکترین ئاگاداری بگاتە دەولەتی عیراق، ئاکامێکی مەرگبارو زیانێکی لەقەرەبۆنەهاتووی بەدوواوە دەبێ.

گوتم لەگەل بروا بەبیروراو بۆچوونەکانی ئێوە، بەداخەوەسەبارەت بەکەمی کادری لێزان لەبەغداودوایەش لەناوچەی عەمەلیات کەدیارنیە کام ناوچەی سەرووی عیراق لەبەرچاودەگیرێ، کارێکی هاسان وسازگارنابێ. لام وایە هیچ کارێک نیە کەنەکرێ. بەدەست ئێمەیە وبەپشت ئەستوری بە برواو بەخۆمان وبەشوغل وئامانجی لەبەرچاوگیراو سەردەکەوین. ئەگەر بیروراو بۆچوونەکانم وەک گەلالەیەک پەسند بکرێن، ئەودەم رێگای جیاواز وباشتر لەبەرچاودەگرین ولەنێوباشەکاندا باشتریان هەلدەبژێرین. ئەوەندەی دەرەتان هەبێ بۆرازیکردنی شاوگەیشتن بەئامانج ودابینکردنی بەرژەوەندی ملک ومیللەت لەهیچ فیداکاریەک روو وەرناگێرین.

پاکرەوان بەدلنیاییەوە موافەقەتی خۆی راگەیاند وگوتی: چەندرۆژێک لەتاران بمێنەوە. تاسبەی ئەم مەسەلەیە لەگەل سەرهەنگ پاشایی باس بکەی وبیژە پێی پاش دیتنی تۆلەگەل هیچ کەسی باس نەکاتاچاوی بەمن دەکەوێ.

ڕۆژی دوایی چوومە لای سەرهەنگ پاشایی و هەموو ڕێگاکانم زیاتر لەوەی بەپاکرەوانم گوتبوو، بۆم ڕوونکردەوە. ناوبراو گوتی: لەگەڵ هیچ کەس باسی مەکەو بچۆوە چاوەڕوانی تەلەفونی من بکە. دوای نیوەڕۆ تەلەفونی کرد وگوتی: دوو ڕۆژی دیکە، واتە ڕۆژی پێنجشەمۆ مەسەلەکە لەگەڵ شا باس دەکرێ.

## هەوەڵین دیدار لەگەڵ شای ئێران

...پاکرەوان دووای ڕازی بوون و بەڵێنی دان وتی برۆ بۆلای سەرهەنگ دوکتور پاشایی، ئەویش زۆری پێ چاک بوو، لە ئاخیردا بۆ ڕوون کردنەوەی گەلاڵەی پیرۆز بە هۆی سەرلەشکر هاشمی نژاد چوومە لای شا، دووای دەست ماچ کردنی شا، پێی وتم لە بابەت هاوکاری کوردەکانی عیراقەوە چت بە پاکرەوان وتووە، بۆم باس بکە، منیش عەرزم کرد بە کورتی یان بە درێژی. وتی بلێ بزانم. منیش لە سیر تا پیواز بۆم ڕوونکردەوە. شا پرسیاری کرد تا چ ڕادەیەک بڕوات بە مەلامستەفا هەیە. ئەو کابرایە بەو ڕابردووە، لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئێرانیشەوە مەحکوم بە ئێعدامە، چۆن دەکرێ لەگەڵ ئەو کار بکرێ. جگە لەوەش کە دەڵێی جێگای باوەڕو دڵنیایی ئێمەیە، کەوابوو چۆن؟ بەکام دڵنیایی دەکرێ ئەو مەسەلە گرنگ و ناسکەی لەگەڵی باس بکرێ؟ لە وەڵامدا وتم، هیچ جێگای بڕوا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو و ڕابەرانی دیکەی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عیراق پێشنیاری ئێمە وەرگرن بە سودی ئێمەیە و دەتوانین زۆریان کەلک لێ وەربگرین، ئێمە لە سەرەتاوە هەندێکیان کۆمەک دەکەین، ئەگەر باش جوڵانەوە، یارمەتیان دەدەین، دەنا لێیان دەبڕین، تازە

ئەگەر چەند دانە تفەنگی برنۆ کە هەزاران لەوانە لە ئەنبارەکاندا بێ کەلک کەوتوون، یاچەند میلیۆن فیشەک وکەمێکیش پارە، ئەوەندە بۆ ئێمە گرنگ نییە لەو بابەتەوە یارمەتیان بدەین. ئەمە تاقیکردنەوەیەکە، تا بزانین چەندەیان کەلک لێ وەردەگرین. شاتاوێک راما. لەبارەی بارودۆخی عیراق وهەلکەوتی عبدالکەریم قاسم ونفوزی ناسر لەعیراق وبەتایبەت تێکۆشانی حیزبی قەومی عیراق ولایەنگرانی چەند پرسیارێکی کرد ووەلامم دایەوە. پاشان وتی برۆ کاری خۆت بە وردی ئامادە بکە و بیدە بە پاکرەوان. کاتێ لە لای شا هاتمە دەرێ یەکراست چوومە مالی پاکرەوان.

## ئامادە کردنی گەلالە و دەستکردن بە کار

دووای ئەوەی چوومە لای پاکرەوان، دەستوری پاشام بۆ گێرادەو، لە پاشان چوومە لای سەرهەنگ دوکتور پاشایی، ئەویش وتی قسەو باسەکە بۆ تیمسار سەرتیپ حەسەن عەلەوی کیا جێنشینی من بگێرەوە، لە پاشان بە رێنوێنی دوکتور پاشایی (گەلالەی پیرۆز)م ئامادە کرد. دووای پەسەند کردن لە لای شاوە، دەست بەکار بووم. یەکەم لەو مەسەلە گرنگانەی کە لە قۆناخی هەوەلدا، لەبەرچاو گیرا بوو، چاوپێکەوتنی من بوو لەگەل یەکێ لە سەرۆکەکانی هەلکەوتووی حزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەبەغدا کە لەگەل باسکردنی مەسەلەو راکێشانی موافەقەتی ئەو، رێبەرانی دیکە و بە تایبەت شەخسی مەلا مستەفاش لە مەسەلە ئاگادار بکەین. ئەبێ بزانین ئەگەر هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وسیاسی بەلێنیان بدایە، بەلام مەلامستەفا رازی نەبوایە، هیچ کارێک سەری نەدەگرت. (ئەمە بوو واتای ئازادی و دیموکراسی لە حیزبێکدا بەناوی دیموکراتی

کوردستان، رابەرە خوێندەوارەکانی دیکەی حیزب لەگەڵ ئەمجۆرە بیرورایەی مەلامستەفا دژ بوون، بەڵام نەیاندەتوانی لە قسەی بارزانی دەرچن، چونکە کاری خۆکردوو چاری نایێ، ئەمە بۆتێک بوو کە خۆیان دروستیان کردبوو، باشاریان نەدەکرد، دیارە حیزبەکانی دیکەش هەم لەعیراق و لە ولاتانی دیکەی رۆژهەلات هەروان!) جا بۆ ئەوەی زووتر دەست بەکار بم، بە گوێرەی ئاگاداریەکی لەبەغدا وەدەستم هێنابوو دەمزانی عومەر دەبابە، یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و سیاسی، چۆتە کۆی سنجاق، جارێک لەماڵی یەک لە سەرۆک عەشایری عیراق، دانیشتووی بەغدا ناوبراوم دیتبوو، سەبارەت بە مەسەلەی کورد و کوردستان باسێکی زۆرمان هەبوو، پێم باشبوو لە جیاتی چاوپێکەوتن و وتوویژ لەبەغدا لەگەڵ خەڵکی تر کە بێ ترس نەبوو، لە رێگای رۆژئاوای ئێران بە قاچاخی بچمە عیراق و هەر چۆنێک بێ چاوم بەو بکەوێ و مەسەلەکەی لەگەڵ باس بکەم و داوای لێ بکەم گورج بچێتە بەغدا و لە پێشدا مەسەلەکە لەگەڵ برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و سیاسی باس بکاو پاشان لەگەڵ مەلا مستەفاو نەتیجەش لەبەغدا بە هۆی بەرپرسی لقی حیزب لەبەغدا بە من رابگەیەنێ.

سەرئەنجام لە شاری کەرکوک چاوم بە عومەردەبابە کەوت، لەپاشان ئەو بەرەو بەغدا و منیش بەرەو تاران کەوتینە رێ کە زۆر زوو لەویشەوە برۆمەوە بەغدا، پاش تەسلیمی راپۆرتی هەوەڵین هەنگاو کە بوو بە مایەی خۆشحاڵی پاکروان و سەرهەنگ پاشایی، مەسەلەکە لەگەڵ شاش باسکرا. پاشان گەرامەوە بۆ بەغداو چاوەروان بووم تا رابیت یا بەرپرسی حیزبی لە بەغدا چ وەلامێکم بۆ دێنێ.

## بەڵێنی هاوکاری کردن

هەر بەو جۆرە لەبەرا رامگەیاند، ترسی ئەوەمان هەبوو نەبادا گێرەوکێشە لە لایەن دەوڵەتی قاسمەوە بۆ مەلامستەفاو بەرپرسانی دیکەی حیزب پێش بێ، ئەوە بوو لێبراین هەرکاتێ بەڵێنی هاوکاریان بە ئێمەدا پێیان بڵێین بە هەر بەهانەو هۆیەکەوە بێ بەرە بەرە لە بەغدا دەرکەوین و بچنەوە شیمال(باکور). دووای چەند رۆژ عیسا زەبیحی بەرپرسی لقی حیزب لە بەغدا کە بەشی هەرە گرنگی ئەرک و ئەسپاردەی ئەم لقە بە دەست هێنانی ئاگاداری بوو، لە ئیدارەکانی دەوڵەتی و عەسکەری و ئاگاداری(جاسوسی) و هەروەها کارگەلی پشتیوانی کردن و چاوورا وبوو، زەبیحی لەگەڵ رابیت هاتنە لام. بەو نیشانەی کە لەگەڵ عومەر دەبابەدامانابوو، بەڵێنی بنەرەتی مەلاو رابەرانی پێ راگەیاند، بەو مەرجەی لەگەڵ ئەوانیشدا راستەوخۆ قسە بکەم، لە خۆشیان واقم ورما بوو، لە خۆشیان لاقم وەعەرزی نەدەکەوت. مەسەلەی گریمانی مەترسی لەلایەن دەوڵەت و کەوتنە رێی وردە وردەی سەرۆکەکانی حیزبم بە بەرپرسی حیزب راگەیاند و وام لێکرد کە ئەگەر رووداێک هاتە پێش ئاگادارم بکا.

... دووای چەند رۆژ ئاگادار بووم کە مەلامستەفا بە بیانووی جەژنی قوربانەوە چۆتەوە مەڵبەندی بارزان، وە هەروەها بەرپرسانی دیکەش بە بیانووی جۆر بەجۆر گەرابوونەوە باکور ماڵە خۆیان و یا لە بەغدا خۆیان شاردبۆوە. لەبەرپرسی حیزب لەبەغدا داوام کرد تا عومەر

دەبابە و جەلال تالەبانی دیاری بکەن تا بە دزییەوە برۆنە ئێران تا لەگەڵ بەرپرسانی سەرەوەی ساواک دیدارو وتوویژ بکەن. لام وایە لەم چاوپێکەوتنەدا بۆ راپەراندنی گەلالەیەک کە ئامادەمان کردەووە و بەشێکی لە ئەستۆی حیزبە. تێگەیشتن و لێ حالی بوونی تەواو دێتە دەست.

لە چاوپێکەوتنی دووایی راگەیەنرا کە دوو کەس بەناوی عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری کە لە ئەندامانی کومیتەی سیاسی و لە کەسانی ناسراو و ئازاو بەجەرگی حیزبی بوون ناودێر کراون. من کە لێکم داوەو ئامادەیی زەینیم هەبوو، رۆژو سەعاتم دیاری کردکە ئەودوو کەسە لە نوختەیەکی سنووری بەرانبەری سەردەشت ئامادە بن کە لەگەڵ نوێنەری ئێمە شەو بێنە سەردەشت و لەوێوە بە بێ ئاگاداری کەسێک لە رێکخراوەکانی تری ئەرتەش یا مەدەنی بچنە تاران و لە ئەمیرابادی شیمالی لە مالی من نشتەجێ بن.

وەلامی هاودەنگی هاتەوە. من گورج چوومە تاران وتەرتیبی کارم ئامادە کرد بوو، کە پاکرەوان پێی راگەیاندم کە پاشا ئەمری کردووە خۆم بچمە سەردەشت و لەو پەری نهێنی دا سەبارەت بە هێنانی نوێنەرانی حیزب هەنگاو بنێم. هەر بەمجۆرەش دەست بەکار بووم. چوومە سەردەشت و شەو لە سنوور پەریمەوە لە گوندێکی نیزیک قەلادزە کە ملکی سەرۆک عەشیرەتێکی پشدەری عیراقی بوو، هەر تک کەسم چاو پێکەوت و دووای کەمێکحەسانەوە بە گورجی بە سواری ئەسب بە لارێدا لەگەڵ دوو کەسی چاوساخی خەلکی ناوچە و شارەزا گەراینەوە بۆ سەردەشت و بەسواری جیپێک کە لە تارانەوە هێنا بووم گەیشتمەوە تاران و لە مالی من دانیشتین. لە ماوەی پێنج رۆژدا کە ئەو دوو کەسە لە تاران بوون، لە تەواوی ئەومەبەستانەی کە لە گەلالەکەدا هاتبوو بەلێنی هاوکارییان داو هاتینە سەر ئەوە کە من

برۆمە باکورو لەگەڵ مەلامستەفاو رابەرانی دیکە دیدارو وتوویژ بکەم و لەگەڵ خۆشم چەک و کەل و پەلی پێداویست و پول و دراویان بۆ بەرم. هەر چەند پێم داگرت تا یەکێ لەو دووانە برۆنە دیداری شا، بەلام شا بەلێنی نەداو هەلی گرت بۆ دووایی. شا نەیدەویست خۆی لە سەرەتای کارەوە گیربدا کە نەکا ببێتە هۆی نابە دلّی لە نێوان ئێمەو دەولەتی عیراقدا. داهاتویش نیشانی دا کە حەق بە شا بووە، ئەو دووانەمان هەروەک هێنابوو، هەرئاواش بردمانەوە تا گوندێک نێزیکی قەلادزە. جا دووای شەوێک خۆم گەرامەوە بۆ تاران و خۆم ساز کرد تا برۆمە باکوری عێراق بۆ دیدار لەگەڵ مەلامستەفا و رابەرانی دیکەی حیزب.

## سەربادان و دەستپێکردنی شەری پارتیزانی لە کوردستانی عیراقدا

باسکردنی ئەم هەنگاوانەی کە بۆ ئامادە کردنی چەک وقۆرخانەوپارەوکەل وپەلی پێداویستی حیزب لە کاتی شەر لەگەڵ دەولەتی عیراق هاویژران لیرەدا بەپێویستیان نازانم. ئەوەندەیە هاتووچۆی من بۆ گەیاندنی پێداویستەکانی شۆرشی کورد لە پلەی تاقیکردنەوەدا زۆر سەرکەوتوانە بوو. لەو سەفەرە بۆ باکوری عیراق نەمتوانی چاوم بە مەلامستەفا بکەوێ، بەلام لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی قەرارم دا کە بەرە بەرە لە دەولەتی عیراق ویستی خۆیان بخوازن و بە هەرەشەو گورەشە دەست بدەنە چەک. لەم سەفەرەدا بوو کە بۆ دووەمین جار چاوم بە برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی حیزب و

جەلال تالەبانی و بەرپرسانی دیکەی کۆمیتەی سیاسی کەوت و لە گەڵ ئەو کەسانەی کە پێشتر ناسیاویم نەبوو، ناسیاو بووم و زۆرمان پێکەوە قسە کرد. دووپاتەم لەسەر ئەوە کرد کە ئەگەر لە قۆناخی هەوەڵی راپەریندا بتوانن راستی و دروستی خۆیان نیشان بدەن هیوایان بە وەرگرتنی چەک و تەقەمەنی و یارمەتی دیکە هەبێ. دەنا دەوڵەتی ئێران کاریکتان بۆ ناکات، لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو بەڵێنیانەی نوێنەرانی ئێوە بە من و پاشان لە تاران بە بەرپرسانی ساواکیان داوە ڕێزی لێ بگیردرێ و بۆ ئەنجامدانی تێبکۆشرێ. دووای گەڕانەوەم بۆ تاران گورج بەرەو بەغدا کەوتمە رێ و چاوەڕووانی نەتیجەی هەنگاوەکانی دووایی بووم.

لەسەرەتای فەوریە یا مارسی ١٩٦١ بوو کە هەواڵی کوژرانی پۆلیسێکم لە شاری سلێمانی بە هۆی داروودەستەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق و چەککردنی پاسگایەکی ژاندەرمەریم پێگەیشت. لە بەغدا قاوبوو کە مەلامستەفا چۆتەوە بۆ بارزان ئێتر ناگەڕێتەوە بۆ بەغدا و دەترسان کە لە باکور شەر دەست پێبکرێ. بەوجۆرەی بەرپرسێکی حیزبی لەبەغدا رایگەیاندبوو، ناوەندێکی عەمەلیاتی لە (ماوەت) سەر بە ناوچەی سلێمانی کە خاوەنی بارو بابەتێکی پتەو و ئاستەمە لە ڕوانگەی عەمەلیاتی پاتیزانییەوە. بە هۆی حیزبەوە دامەزراوە (ماوەت جێگایەکە لەبەر گرنگی هەڵسورانی چەکداری، لە شەری نێوان ئێران و عیراقدا چەند جار بە هۆی هێزی سەربازی هەر دوو وڵات دەست بە دەستی پێکرا). کوردەکان چ حیزبی و ناحیزبی ڕوویان دەکردە پایەگای ماوەت و دووای چەکدار بوون دەیاننادرنە ناوچە جیاوازەکانی چیا کە وردە وردە دەست بەکاری ئازاردان و پارتیزانی بکەن. من دڵم لێی دەدا، نەوەک کۆسپێک بێتە ڕێگای ئەم کارە. دووای سێ مانگ کە باش

دڵنیا بووم کە بە قسەی ئێمەیان کردووە چوومەوە تاران و خەریکی ڕاپەڕاندنی قۆناخی دووایی گەڵاڵەکەم بووم و ئەمە قۆناخێکی زۆر گرنگ و ناسک بوو، کەوتمە شوێن ئەوە تا پلەی دووەم دەست پێ بکرێ و دەبوایە زۆر بە نهێنی وبە دزیەوە هەنگاو هەڵێنینەوە، دیارە کەندو کۆسپێکی زۆرم لە ڕێگادا بوو بە تایبەت لە بردنی چەک و تەقەمەنی و هێنانە دەری ئەوانە لە ئەنبارەکان، بێ ئەوەی دەنگ بداتەوە. بەتایبەت کە ئەبێ شا دەستوور بدا تا بتوانرێ چەک وەربگیرێ. لە شاوە بگرە تا ئەنباردارو وەرگران و بەرپرسانی بارو گوێزانەوەی تەقەمەنی، کە فێر کرێن چلۆن ئەو کارانە ڕاپەڕێنن، بێ ئەوەی بە گوی هاوکاری خۆی کە پێکەوە لە هۆدەیەکدان ڕابگەیێنێ. هەرچۆنێک بێ تا ئەوساتە لقی ساواک لە سەردەشت نەبوو، دیارە پێویست بوو لقی ساواک لەوی دامەزرێ، ئەوە بوو یەکێک لە کارمەندانی کوردکە زۆر جێگای دڵنیایی بوو، دووای فێرکردن و بارهێنان بۆ ئەوکارە، لە سەردەشت کرایە سەرۆکی ساواکی ئەوێ و ناردرا تا بە خێرایی بۆ دۆزینەوەی شوێن و دامەزران و کردنەوەی هەنگاو بنێ. زۆر بە نهێنی و پارێزگاری بارکردنی چەک و قورخانە و پارەو شتی تر دەست پێکرا. بۆ داو و دەرمانکردنی بریندارن یا نەخۆشان دوکتورێک لە ساواک بە دەرمان و کەرستەی پێویست ئامادەکرا تا لەگەڵ دوکتورێکی کورد زمان کە لەنێو سەربزێوان یا بە قەولی خۆیان پێشمەرگەکان بوو بۆ سازدانی خەستەخانەیەکی دەشتەکی کار بکەن.

لە ڕاونگەی کۆنترۆڵ و کۆکردنەوەی ئاگاداری و ڕاگەیاندنی نیازی پێشمەرگەکان و بیروڕای بەرپرسانی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عیراق، پێویست بوو کە کەسایەتیەکی سەربازی بەرپرسی ئەوکارانە بە ئەستۆوە بگرێ. ئەوە بوو لە نێو ئەفسەرانی ساواکدا

سەهەنگ ئیرج منصور کە خۆی کوردو لەپاشان دەرەجەی سەرتیپی وەرگرت، بووە بەرپرسی ئەوکارە، کە چەند ساڵ لەمەوبەر مرد. بە گوێرەی قەرارومەدار بڕیاردرا یەک دەستگای بێسیمی قەوی بۆ پێوەندی کردنی سەرانی پارتی لەگەڵ تاران لە بنکەی ئەوان دابمەزرێ، ئەم دەزگا بێ سیمە لەگەڵ بەرپرس و یاریدەدەری و لەگەڵ کەل و پەلی پێویست ئامادە کراو بەرێکرا بۆ ناوچە. کاروانی بەڵێن دراو زۆر بەنهێنی لەگەڵ مندا بە نێو کوردستانی ئێراندا لە ڕێگای سەردەشتەوە بەرەو بنکەی حیزب بەڕێ کرا. لە بنکەی حیزب سەرهەنگ منصور بەناوی نوێنەری تەواو ئیختیاری ساواک بەسەرانی حیزب بەتایبەت بە برایم ئەحمەد کە سکرتێری گشتی و بەرپرسی بەرێوەبردنی ئەم کارانە بوو ناسێندرا، دەستگای بێسیم دامەزراو یەکەم پێوەندی لەگەڵ سەرۆکی ساواک لە تاران گیراو پێیان ڕاگەێندرا کە کەڵ و پەلەکانمان گەیاندۆتە بنکەی پارتی و تەسلیمیان کراوە. ئێتر پێویست بوو چاوم بە مەلامستەفا بکەوێ و هەرچی زوتر خۆم بگەێنمەوە بەغدا تا پیاوەکانی ئەمنی عیراق هەست بە شتێ نەکەن. جا ئەوە بوو لەگەڵ عومەر دەبابە فەرماندەی تازەی یەکێ لە هێزە پێشمەرگەکان و چەند کەسی دیکە لە پێشمەرگەکان چوینە بەرزاییەکانی شیرین جێگای دانشتنی مەلا مستەفا. تەواوی ئەو قسەو باسانەی لە نێوان من و هاوڕێکانی ئەو و بیروراو ویستی دەوڵەتی ئێرانم بۆ گێرایەوە و داوام لێکرد کە لە بارو دۆخێکی ئاوادا نەک هەر دەبێ پیاوانە کار بکا، بەڵکو دەبێ نیەت باشی خۆی و ڕاستی هاوکارانی بە دەوڵەتی ئێران نیشان بدا و ئەوان لەو کارە پەشیمان نەکاتەوە. بە زاراوی خۆی قەولی مەردانەی دا. هەندێ دراو کە لەگەڵ خۆم بردبووم پێم دا.

فرۆکە دۆزەرەوەکانی سپای دووی کەرکوک جارجار رووبان

دەکردە ئەو مەڵبەندانە. ئێمە کە لە چەند ڕۆژی دوواییدا لە بنکەیەکی بەر بلاو و پارێزراو کە سەنگەری ڕۆژانەی مەلا بوو، دانشتبوین، داوای لە من کرد نیازی پێشمەرگەکان و ژمارەی ئەوان زیاد لەوەی هەیە بە دەوڵەتی ئێران رابگەیینم تا چەک و شتی پێداویتسیان بۆ دابین بکرێ. ئەو دەیویست ژمارەی پێشمەرگەکان بە دە هەزار کەس بنوسرێ و بەو پێوەدانەش چەک و تەقەمەنیان پێ بدرێ. دوای دەمەتەقەیەکی زۆر وتم من کارمەندی ئێرانم و موچانە لەو وەردەگرم و دەرسم خوێندووە و بۆ خزمەتکردن فێرکراوم و بار هاتووم، ناتوانم بە پێچەوانەی ویژدانم کار بکەم، ئەگەر لات وایە کورد زمانم و ئەوەی تۆو رابەرانی حیزب دەتانەوی پێم بکەن، وا نیە، ئەمە هەڵەیە، من دەبێ، بێلایەنی خۆم نیشان بدەم و ئەوەی راستیە رای بگەیینم . ئێستا کە شاو بەرپرسانی ساواک بروایان بەمن کردووەو سوێندم خواردووە کە خزمەت بە مولک و میللەت بکەم کاری وام لە دەست نایە. خوێنەرانی بەڕێز، عومەر دەبابە زیندووە و ئێستا لە لەندەن دەژی، دەتوانێ لەم بارەوە داوەری بکا. گوێم نەدا قسەکانی مەلا مستەفاو بۆ سەر لە ئێوارە خۆم ئامادەی ڕۆیشتن کرد، مەلا مستەفا پاکەتێکی پڕ لە دیناری عیراقی کە خۆم ڕۆژی رابردوو چەند هەزار قاتی ئەوەم دراو پێدابوو، بەمنی دا، وتم: چییە؟ وتی: بۆ زارۆک و خێزانت دیاری پێ بکرە. لێم وەرنەگرت و پێم وت: من ئەو دراوەم نەهێناوە تا بەمن و کەسانێ وەک منی بدەی من موچانەی خۆم هەیە بەتایبەت کە لە ماموریەتی ئێرەدام زیاد لە رادە موچانە وەردەگرم. وتی: من لە ئێران بووم ئەفسەران دەناسم، تۆ بۆ چی وا دەکەی. وتم: ئەو ڕۆژگارە گۆڕدراوە و ئەفسەران وا نەماون، ئەمرۆ ئەوان تێرو تەسەلن و ئەیانەوی پیاوانە بژین.

نان و حەلوا، قەندو شەکر لە نێوان ئەو پێشمەرگانە دابەشکرا کە

لەگەڵ ئێمە هاتبوون لەسەرەتای شەو لەگەڵ عومەر دەبابە کەوتینە ڕێ، دووای دوو ڕۆژ لە سنور تێپەریم و خۆم گەیاندەوە تاران.

کاتێ چوومەوە تاران زیاتر لە ٢٥٠٠ پێشمەرگەم ڕانەگەیاند، هەرچەند کاتێک کە لەو چیاو چرە بووم، دیاری نەکرا ژمارەیان لەوە زیاتر یا کەمتر بوو، لەو سەفەرەدا بۆدڵنیایی خۆم بە بیانووی شای ئێران، لە مەلامستەفام ویست بۆ دڵنیایی شاو بەرپرسانی سەرەوەی ئێران پشتی قورئانم بۆ مۆر بکاو سوێندی وەفاداریم سەبارەت بە شاو دەوڵەتی ئێران بۆ بخوا. مەلا مستەفا وتی: من مەردم، بەڵێنیی کە داومە سەت قات پتر لە بەڵگەو سەنەد جێگای دڵنیایە، هەرچەند ئەگەر پێت وایە باشە ئەوەش دەکەم، منیش بێ یەک و دوو قورئانێکم پێ بوو لە کیفەکەم دەرم هێناو شتێکم لەم بوارەدا نووسی کە باسم کرد و پێمدا تا ئیمزای بکا. لە گەڕانەوەم بۆ تاران دام بە پاکرەوان تا بیدا بە شا. هەرچەند لە زۆر باروبابەتەوە باراستی و نادروستی ئەو دەرکەوت، کشگیری قورئان کاری تێکردو بە سزای خۆی گەیاند. باوە کە توشی سەرەتان(شێرپەنجە)ی خوێن ببوو، ساڵەهای ساڵ بوو ئازاری دەدا. دووای هاتن بۆ ئێران کە باسی لێ دەکرێ، بۆ چارە سەرکردنی نەخۆشیەکەی بەرەو ئەمریکا بەرێ دەکرا. دەواو دەرمان شوێنی بۆی نەبوو تا سەرئەنجام لە واشینگتۆن دی.سی مرد. بە پێی وەسیەتی خۆی تەرمەکەیان هێنایەوە ئێران و لە شنۆ لای سنور لە مەڵبەندی ئازربایجانی ڕۆژئاوادا، ناشتیان.

کارێکم لە تاران نەبوو، دەبوو هەرچی زوتر بڕۆمەوە بۆ بەغدا. هەرچەند هێزی پێشمەرگە وزەیان لە خۆ نیشان دەدا، دوو ئەوەندە هێزەکانی سەربازی عیراق بەرەو باکور دەکەوتنە ڕێگاو هەڵمەت بردن، بەڵام باشاری پێشمەرگەیان نەدەکرد، چونکە بروایان هەبوو، هەرچەند لەبابەت چەک و تەقەمەنی وەک هی دەوڵەتی عیراق تەیار

نەبوون، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە بە شۆڕش دەدراو ئاژاوە زۆرتر دەبوو. وای لێهاتبوو کە تەنانەت ئەفسەرو دەرەجەداری سەربازی و شارەوانی عیراق کە زۆربەیان کورد بوون، دەهاتنە نێو شۆڕشیان(١).

لەبیرمە سەرۆکی موخابەراتی پولیسی ئوستانی سولیمانی کە ئەفسەرێک بوو هەلات و چووە ماوەت بنکەی بزوتنەوەی سەربزێوان و لەوێ دەستی کرد بە خزمەت کردن کە لە کارو باری موخابەراتی دا، و زۆربەی تەلگرافی نهێنی هێزەکانی سەربازی عیراقی دەشکاند و لەو ڕێگایەوە هێزی پێشمەرگەی لە چکۆلەترین بزوتنەوەو عەمەلیاتی هێزەکانی عیراقی لەبەرا ئاگادار دەکرد. خزمەتەکانی ئەو ئەفسەرە کە بە صابر نێو دەبرا بە درێژایی دەسال خزمەتێ کە لەنێو شۆڕشدا کردی بەراستی زۆر بەر چاو و سرنج ڕاکێش بوو. بەلام لە سۆنگەی بێ ڕێزی یەک لە مەلامستەفا سەبارەت بەو ئەنجامی داو سوکی کرد، خۆی کوشت و گشت ڕابەرانی حیزب و پێشمەرگەو هاوسەنگەرەکانی ئەوی داغدار کرد. وەزعەکە دووسال بەمجۆرە بەردەوام بوو، و باشار نەکردنی هێزی چەکداری عیراق لە شەڕێکدا لە باکوری عیراق، بوە هۆی دلساردی خەلکی لە دەولەتی عبەالکریم قاسم و ڕۆژ بە ڕۆژ هۆی ئال و گوری پێک دێنا.

---

١-نووسەر لە هەموو شوێنێ وشەی "شورشی" فارسی بەکار دێنێ بە مانای سەربزێوی، ئاژاوەچی، وشەی انقلاب کە بە کوردی دەبێتە (شۆرش) بەکار نایێنێ. و.

## داکەوتن و سەرکەوتنی عبدالسلامەکان و
## باسی ساکە رەشە

هەر وەک لەبەرا رام گەیاند ژەنرال عبدالسلام عارف هاوکاری تاقانەی کودیتای ٥٨-ی عبدالکریم قاسم دووای ئازاد بوون لە بەندیخانە بە ئارامی دانەنیشت تێکۆشانی نهێنی خۆی لەگەڵ بەعسی یەکان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حسن البکر کردە یەک، ئەتیجەی تێکۆشانیان لە سالی ١٩٦٣ بوو بە شۆرشی دووەمی عیراق کە ژنرال قاسم پیاوی دەرەجە یەکی عیراق بو بە قوربانی. عبدالسلام عارف بوو بە سەرۆک کۆمارو بەکر بوو بە سەرۆک وەزیران. دەورانی قودرەتی قەومیەکانی لایەنگری ناسر کە عبدالسلام خۆی لایەنگری زۆر توندی ئەو بوو، پەرەی گرت، کوشت و بری بێ ژماری کۆمۆنیستەکانی عیراق لەم دەورەدا لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا بەناوبانگە. میسرو سوریە لەبەرا یەکێتیەکیان بەدی هێنا، هەرکە شۆرشی ٦٣ سەرکەوت، عبدالسلام عارف چووە قاهیرە و بوە هۆی پێوەندی و دۆستایەتیکی نیوە چڵە لە نێوان دەولەتی عیراق و میسردا. هەرچەندە ئەم سێ یەکێتیە بەرە بەرە لەبەر یەک هەڵوەشایەوەو سەرکردەکانی هەر یەک لەم وڵاتانە بە سەدان کفنیان رازاندەوە، ئێستاش شوێنەواری ئەو سێ ئەستێرەیە لەسەر ئالای عیراقەوە هەروا ماوەو پاک نەبۆتەوە.

عبدالسلام عارف وای بیر دەکردەوە تا لە دەست شەری کوردان

له باکور رزگار نەبێ ناتوانێ هیچ کارێ بۆ عیراق بکا. جا لەبەر ئەوە تێکۆشا بە هەر چەشنێک بێ، دووایی بە شۆرش بێنێ. ئەمەش لەو سەردەمەدا بوو کە دەوڵەتی ئێران پێوەندی خۆی لەگەڵ میسر بڕی بوو، و ناسر بە هەموو تواناوە بۆ ئاژاوە نانەوە لە ئێراندا خەریک بوو، ئەو یەکێتیە ناسری لە کانالی سوئێزو زەریای سورەوە هێنایە دەجلە، ئەویش بە هاوکاری عارف و بەعسیەکان کە دووژمنی ئێران و دەوڵەت و نەتەوەی ئێران بوون. لەم سات و کاتەدایە کە ئێمە دەبێ بە تەواوی هێزەوە پشتیوانی لە هێزی چەکداری کوردان لە باکوری عیراق بکەین و رایان بگرین. جا ئەوەی پێوەندی بە مەسەلەی عیراق بوو بە جیا و لە دەرەوەی مەسەلەی کوردەکان لە تەک عەوامیل و عەناسری دژی دەوڵەت و هێرش و دەست درێژی ناسر ئەنجامم دەدا.

لەگەڵ بەدی هێنانی شەبەکەی ئاگاداری کە لەپەرا لە نێو چینەکانی ئیداری و نائیداری دا هەبوون، لە هەنگاوە تایبەتیەکانی عبدالسلام عارف و هێزەکانی لایەنگری ناسرو رژیمی ئەو ئاگادار دەبووم و هەوالەکانم رادەگەیاند.

وتم عبدالسلام عارف یەکەمین کاری بەرچاوی خۆی بەدامرکاندنی کاری کوردەکان دەزانی لە وتوویژەکان و قسەهاویژەکانی خۆیدا هەمیشە لە برایەتی لەگەڵ کوردان و یەکپارچەیی عیراق و هەبوونی دەستی بیانی لە نێو کوردان و تاکە تاکە پیاوی خراپ و جاسوس لە عیراقدا دەدواو دەئاخەوت.

پێی بە پێی ئەم کارانە، بەرپرسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان شاخەی بەغدا خەبەری دەدامێ. کە هەیئەتێک لە ژێر چاوەدێری ژەنرال فوئاد عارف وەزیری راوتەگبیر "دەوڵەت" لە مەسەلەی باکور خەریکی تێکۆشانێکن. وەک ئەوە دەیانەوی چەند کەسێک بۆ

وتوویژ لەگەڵ مەلامستەفا بنێرنە باکور. من دڵنیا بووم بەو قەول و قەرارەی دەگەڵ پارتی، ئەو هەموو یارمەتی و پشتیوانی کردنەی چەندین ساڵە، و پێوەندی لەگەڵ مەلامستەفاو رابەرانی حیزب کە هەمانە، ناگونجێ بە بێ بیرو رای دەوڵەتی ئێران دەست بدەنە کارێ. دیارە ئەم دڵنیاییە لە لایەن رابەرانی حیزبەوە زۆرترە تا لە لایەن مەرلا مستەفاوە.

هێشتا راپۆرتی من بە تەواوی نەگەیشتبوە تاران کە بەیاننامەی شەرووەستانی نێوان شۆرشیانی باکورو سوپای عیراق لە رادیۆ بەغدا بڵاو کرایەوە. رۆژنامەنووسەکانیش لەم بوارەدا، بەتایبەت زۆربەیان هێرشیان بۆسەر ئێران بە درێژی نووسیان. ئەوەی لە بەیاننامەکەدا هاتبوو، هەبوونی دوو هەیئەت بوو، لە هەر دوولا بۆ وتوویژ کردن و دابینکردنی بیرورا و ویستەکانی مەلامستەفا رابەری پێشمەرگەکانی کورد. لەو بەیاننامەو نووسراوەی رۆژنامەکانیشدا هیچ ناوێک لە حیزب نەبرابوو، و نەهاتبوونە ژمار.

بێ درنگ بانگ کرامەوە تاران و دووای لێکۆلینەوە لە رووداوەکانی چەند ساڵەی عیراق، دووبارە گەرامەوە بۆ عیراق تا لەگەڵ مەلامستەفا قسە بکەم و بدوێم. بەر لە چاو پێکەوتنم لەگەڵ ئەو لە بنکەی حیزبدا چاوم بە سەران و بەرپرسانی حیزب کەوت، هۆی تالوکە کردن بۆ ئەو کارە بە بێ لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی ئێران و بە بێ ئەوەی لە بەرا دەوڵەتی ئێران لەو کارە ئاگادار بکرێ، لەوانم پرسیار کرد. هەموویان رایانگەیاند کە ئێمە بێ ئاگاین، تەنانەت برایم ئەحمەد رەخنەی لەو کارە هەبوو، قەرار بوو لە کۆمیتەی سیاسیدا قسەی لێ بکرێ و ئەوسا لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا بخرێتە بەر باس و لێکۆلینەوە. بەلام تا ئەو رۆژەی من لە بنکەی حیزب بووم، مەلا مستەفا لە سازدانی کومیتەیەکی ئاواو قسەو

لێکۆڵینەوە لەو بارەوە بەرگری کردبوو، بەناچار چومە ئەو شوێنەی مەلامستەفای لێبوو، لەو بارو بابەتەوە پرسیارم لێکرد، لە وەلامدا گوتی: ئێمە بە دژی بەرژەوەندی ئێران کارێکمان نەکردووە، لەگەڵ دەوڵەتی عیراق بە دژی ئێران یەکمان نەگرتووە. عبدالسلام عارف و بەرپرسانی دیکەی دەوڵەت کە زۆربەیان لە دۆستان و لایەنگرانی کوردن (مەبەستی ژەنرال فوئاد عارف کە کورد زمان و خەڵکی سلێمانی و وەزیری دەوڵەت "راو تەگبیر"ی عیراق بوو) ویستوویانە لە بابەت ویستەکانمانەوە قسەمان لەگەڵ بکەن. مەبەستی ئێمەگەیشتن بە ویستەکانمانە. ئەگەر ئەوان راست بڵێن کە هیچ کاتێکیش راستیان نەگوتووە و راستیش ناکەن، چ لەوە چاترە، ئەگەر کارێکیشیان نەکرد، ئێمە هەر براو هاوکارو هاویاری یەک بوین و هەین و هیچ ناکۆکیک بەدی نایێ. هەر جۆرە سەرکەوتنێکیش بەدەست بێنین، بەر منەتی محەبەت و لوتفی پادشای ئێران و بەرپرسانی دەوڵەتی ئێرانین. سەرەرای ئەمانەش پێشمەرگەکانیشمان ماندوو بوون. زۆربەی ئەوان چەند ساڵە بنەماڵەی خۆیان نەدیوە، بەڵکو هەڵێک بەدەست بێ کە ئەوانە بتوانن سەر لە ماڵ و منداڵیان بدەن و بە گیان و بیری باشترەوە ئامادەی کارو تێکۆشان بن، من بە ناچار لە راست ئەسڵی مەبەستەکەو ویستەکانیان نەمتوانی دژ بوەستم. بەلام بەم بیانوە کە چۆن و چلۆن بێ ئاگادار کردنەوەی دەوڵەتی ئێران بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی عیراق رەخنەم گرت و دژ وەستام، وتم: ئەم کارە بە پێچەوانەی ئەدەب و رەوتی دۆستی و برایەتییە. چونکە چ پاشای ئێران و چ بەرپرسانی دیکەی ئێران لە هەنگاوەنانێکی ئاوادا ئەویش بەمجۆرە نارازی و نارەحەتن و لە نەتیجەی کارو کرداری ئێوە نیگەرانن. رایگەیاند هەر بەوجۆرەی کە قورئانم ئیمزا کردووە، بە

زمانیش بەڵێنی دەدەم کە هیچ کاتێ بە دژی دەوڵەتی ئێران کار نەکەم و لەم بابەتەوە ئەرخایەن بن.

من لەبەر ئەوەی کە مەبەستەکە ئاشکرا نەبێ و لە کاروبارێکدا کە لە بەر چاوم گرتوە تەنانەت لەگەڵ بەرپرسانی حیزبیش وشەیەکم بە زارا نەهاتووە، لەم بابەتەوە لە بیرو سیاسەتمدا سەبارەت بە دەوڵەتی ئێران گۆڕانێک بەدی نەهاتووە، چا لەبەر ئەوەیە بە تارانم راتەگەیاند، دووای قسەکانی وتم: سەرانی حیزبیش لەوە نارازین و ئاگربەس بە بەرژەوەند نازانن. وتی: حیزب یانی من، سەرۆک یانی من، سەرو سەران یانی من، هۆزو سەرۆک هوز یانی من، بە هەر چەشنێک هەر کەس لە شەردایە، لە ژێر فەرمانی مندایە، سەرانی حیزب هەر غەڵەتێ دەیانەوێ با بیکەن، لە پاشان وتی سەلام و ڕێزی من بە شاو بەرپرسانی ئێران رابگەیێنە و لە لایەن منەوە بەڵێنیان بدەرێ کە بێ بیرو راو بەرژەوەندی ئەوان کارێک ناکەم.

بێ ئەوەی باوەر بە قسەکانی بکەم، بەجێم هێشت، تەنیا شتێکی کە داوام لێکرد، ئەوە بوو ئاکامی وتووێژی دوو هەیئەت بە هۆی سەرتیپ منصور بە تاران رابگەیێنێ. لە گەرانەوەمدا بۆ بنکەی حیزب بەرپرسانم لە قسەکان ئاگادار کرد. ئەوان لەو باروودۆخە نارازی بوون کە پێشهاتبوو. بەتایبەت کە مەلامستەفا سەر بەخۆ بێ ئەوەی بەوان بڵێ دەستی بەو کارە کردووە. عومەر دەبابە بە منی گوت: کە عبدالسلام عارف ساکێکی رەشی پر لە دیناری عیراقی بە دزییەوە بۆ مەلامستەفا ناردووە.

لە گەرانەوەمدا بۆ تاران، بە بێ ئەملاو لا قسەکانم بۆ بەرپرسانی ئێران گێرایەوە، لە دووایيدا کە شا بانگی کردمە لای خۆی، تەواو پێم راگەیاند، ئەویش وتی: لە بەرانبەر کارێکی ئاوا ئەحمەقانە کە مەلامستەفا ئەنجامی داوە، یارمەتی و پشتیوانی لێ

ببرن و بەرە بەرە ئەو کەسانەی کە لەوێن با بگەرێنەوە. وتم: هەرچەند بروام بە بەڵێنی مەلامستەفا نییە، بەلام نابێ لەو کارەدا تالوکەی بکەین. دەزانم عبدالسلام عارف و دەولەتی ئەو و دوکتور ئەورەحمان بەزاز کە مامۆستای زانستگاو پیاوێکی تێگەیشتوو ژیرە، بە هیچ جۆرێ ناگونجێ کە گوێ بداتە ویست و داخوازی کوردان. ئەمە جێگای هیوایە. بێجگە لەوەش بە نفوزێکی لە حیزبدا هەمانە، هۆگرێک کە سەرانی حیزب بە ئێمەیان هەیە و بە کردەوەش سەلماندوویانە، جێگای نیگەرانی نییە. ئەگەرچی مەلامستەفا سەربەخۆ دەستی داوەتە ئەو کارەو لای وایە، دەتوانێ سەرکەوێ، بەلام لە هەڵەدایە، چونکە زۆربەی سەرانی حیزب لەگەلی نین، مەگەر بارزانیەکان، کە ئەوانیش ناگەنە پێنسەد شەشسەت کەس و زۆربەشیان هی دەوروبەری خۆیەتی، هیچ جۆرە تواناو وزەیەکی نییە. سەرانی حیزبیش نایانەوێ دووبەرەکی خۆیان دەگەل ئەو دەربخەن. دەترسن ببێتە شەرو لەبەریەک پسانی هێزەکانی ئێستای ئەوان. موافقەت بکرێ کە لە هەل و مەرجی رۆژگار کەلک وەربگرین و وشیارو لە سەر هەست بین بێ ئەوەی ئێستا دژ کردەوەیەک نیشان بدەین، لە سەرکردەکانی حیزب ئەوپەری کەلک وەربگرین. ئەگەر هاتوو مەلا مستەفا لەم کارە دا سەرکەوت، ئەگەر سەرۆکەکانی حیزب بە دەستەوە بێ، بە دەستی ئەوان پێشی سەرکەوتنەکەی دەگرین تەنانەت ئەگەر شەری نێوخۆشیان لە نێودا ساز بکەین. شا چەند هەنگاو لە من دوور کەوتەوەو وتی زۆر باشە، ودرێژە بەکاری خۆت بدە و پێوەندی خۆت لەگەل حیزب راگرە تا بزانین چ دەبێ. لە سەرتیپ منصور پرسیار بکرێ بۆچی وا بێخەبەرە، ئەی لەوێ چ دەکا؟ لە بابەت چەند مەبەستێک دەستوراتێکی دا. چونکە ئێرە جێگای نییە قسەی لێ ناکەم. چومەوە بەغدا. چارو بار سەر لە

بەیانی یان کاتی شەو ژەنرال فوئاد عارف وەزیری راویژکاریم دەدی و لە کاروباری باکور ئاگادار دەبووم و هەواڵەکانم دەدا بە تاران. کەم کەم هەواڵی سەرنەکەوتنی وتوویژی دەوڵەتی عیراق لەگەڵ مەلامستەفا، کەوتە سەر زاران، زۆری پێ نەچوو دیسان ئاگری شەر لە باکور هەڵکراو بڵێسەی سەند.

لێرەدا نووسەر دێتە سەر باسی گرتنی عبدالسلام عارف وئەحمەد حسن البکرو سەرکۆماری عبدالرحمن عارف و حکایەتی زیادە کە پێوەندی بە ئامانجی وەرگێرانەکەی ئێمەوە نییەو بەسەریدا بازدەدەین.و.

لە سەرەتای دەستپێکی هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی عیراق تا کەوتنی عبدالسلام عارف ئالوو گۆرێکی گەورە لە کاری هەڵسوراندا پێکهاتبوو، کاروانی ناردنی چەک و قورخانەو خواردەمەنی و جل و بەرگ و دەرمان و شتی تر گەیشتبوە چەند هێنسترو جیب و کامیون، سەرێکی کاروان لە تاران و سەری دەکەشی لە بنکەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق، یان بە رووالەت ستادی جەنگی پێشمەرگەی کورد زمان بوو. ژمارەی نەفەرات بە ئەفسەرو دەرەجەدار غەیرەنیزامی، بە بێ لەبەر چاوگرتنی دەرەجەو پلەو پایەی شوغلیان لە سەرهەنگەوە تا بارگین دار، لەسەد کەس تێپەریبوو. بەو رادەیە کە ژمارەی یەکانی نیزامی و دەستەی بە زاراوی هێزەکانی دەوڵەتی پێشمەرگەو بە زاراوی شورشیان "جاش" زیاد دەبوو، هێزەکانی کوردی دژی دەوڵەتیش دەبوایە زیاد بکرێن. تا یەک دوو ساڵ کە چەکی قورسیشیان درایە. پێشمەرگەکان لە تفەنگی برنو و سیستمی جیاوازو هێندێ رەشاشی سوک و قورس کەڵکیان وەردەگرت. لەکاتێکا لەشکرەکانی دووەمی کەرکوک و پێنجەمی باقوبە لە گەڵ هێزی هەوایی کەرکوک و موسل لە هەموو چەکێک کەڵکیان وەردەگرت.

تەنیا شتێ لە مانەوەی هێزی حیزبدا دەوڵەتی ئێران پشتیوانی لێدەکرد، چیای چرو لێرەوارە ئەشکەوت بوو، لە هەمویش گرنگتر

پشتیوانی خەڵکی کورد زمان بوو کە بە دڵ و گیان یارمەتی پێشمەرگەکانیان دەدا بە دژی سپای دووژمن، هەروەها جاش و بەشێک لە سەربازەکانی عیراقی فیشەک و نارنجۆکی خۆیان بە خۆرایی یا بە قیمەتێکی کەم دەدا بە پێشمەرگەی پارتی و حیزب. ئەمەیش خۆی لە راستیدا جۆرێ چەک دارنینی دووژمن بوو. ئەرتەشی عیراقیش ئەمەی هەست پێ کردبوو، کەوتبوونە چارە کردنی. بەڵام قەت نەیانتوانی ئەم گۆرینەوەو کرین و فرۆشە لە ناو ببەن.

... لە ماوەی ١٢ ساڵ شەر لە نێوان شورشیانی کورد و سپای عیراق چەندە کوردی عیراقی جیابۆوە لە ئێران-مان بۆ دابینکردنی سوودو بەرژەوەندی مولک و میللەتی ئێران بە کوشتن داوە. کوژراو، زامدارو کەم ئەندامی سپای عیراق و هێزە بەناو پارتیزانەکانی عیراقی کە زیاتر لە پێشمەرگەی حیزبی دەکەوتنە مەترسی، لەناوچوونی چەک و تەقەمەنی و پارەو خەرجی راگرتن و پاراستنی بنەماڵەو ژن و منداڵ و کوژراوو..وهتد بێنە بەر چاو چەندە زۆرە. ئەمانە گشتی سەبارەت بە دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندی ئێمە بووە، هەر چەندە بە ناو دیفاع لە سنوور و نیشتمان یا بۆ لە نێو بردنی چەتەکان بووە.

## دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستان

بە لێکۆڵینەوەیەک کە لە بەغدا بە بەشداری عیسا زەبیحی بەرپرسی شاخەی بەغداو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و هەروەها یدوللا فەیلی یەکێ لە پیاوە ناسراوەکانی شاخەی بەغداو رابیتی من، ئەنجامدرا بەتێکرا کەوتینە سەر ئەو بیرە کە بێجگە لە

بەیاننامەی حیزبی کە بە نهێنی لە باکورو زۆر بە ترس و مەترسیەوە لە بەغداش بلاو دەکرێتەوە لەباری تەبلیغاتی یەوە ئەوەندەی شوێن نییە کە دلی پێ خۆش کرێ. ناچار بووین دەستگایەکی رادیۆ لە شوێنێکی چرو نهێن دابمەزرێنین کە بە یارمەتی دەلەتی ئێران دابنرێ و بکەوێتە کار (هەروەک رادیۆ نهێنیەکانی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کە کەس نازانێ لە کوێن!!)

بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە چوومە تاران، قسەکەم بە دوکتور پاشایی و خوالێخۆشبوو سەرلەشکر پاکرەوان راگەیاند. پاش وتوویژێکی درێژو چەند جار کۆبووتەوە گەیشتینە نەتیجەیەکی لەبار. بریاردرا پرس بە شا بکرێ و موافەقەتی ئەو وەربگیرێ. فەرمانی دابوو کە من خۆم بچمە کن مەلا مستەفاو سەرۆکەکانی حیزب و سەبارەت بە شوێنی دامەزران و بەرنامە و ئاگاداری دیکە تویژینەوە بکەم و نەتیجەی رابگەیێنم تا بریاری پێویست بدرێ. ئەم کارەم کرد. ئەو کارەم کرد و لە ئەلفەوە تا ئاخر قسەکەم بۆ حیزب گێرایەوە، بەتایبەت بۆ ئەوانە کە لە کاری تەبلیغاتدا شارەزا بوون و لە سازمانە تەبلیغاتەکانی عیراقدا کاریان کردبوو، بە تایبەت لەگەڵ ئەو خوێندەوارانەی کە لە ئالمان ژیابوون راوێژمان کرد. لە دووایدا لە لایەن شاوە هاتمە سەر ئەو باوەرە کە من برۆمە ئالمان بێ ئەوەی چاوم بە بەرپرسانی بالوێزخانەی ئێران لە بۆن یا بەرپرسانی ساواک بکەوێ، بە هاری کاری ئاکەکانی حیزب یەک دەستگا دەنگ هاوێژ "فرستندە" بکرم و بیهێنمەوە بۆ ئێران، بە کورتی بە یارمەتی کارناسیک و نوێنەری کارخانەی سازدەری ئەم دەستگایە هاتین تا گەیشتینە سنوور، لە مالی کاک عبدوللای جەلدیان کە یەکێ لە سەرانی هۆزی ئەو ناوەو دۆستی من بوو، مالێکی گەورەو لە دەورووبەری کۆشکی دروست کردبوو، و دابووی بە براکەی. دەستگاکەمان بردە ئەو مالە، بۆ

رۆژی دووایی بە سواری هێستر لە سنوور تێپەڕین، بەڵام ئێشمیت-ی ئاڵمانی، ئەندازیارو کارناسی ئەو دەستگایە، هێستر سواری نەدەزانی، هەر لە مەنزلی یەکەمەوە خۆی لە هێستر سواری لاداو بە پێیان ملی ڕێگای گرتە بەر، جا کاتێ لە بنکەی شۆڕشیەکان نزیک بوینەوە، چوین یەک دوو کەسمان لەوانەی کە کاریان دەزانی و ئەو ئەشکەوتەی کە لە سەفەری پێشوودا بۆ دامەزراندنی رادیۆ لەبەر چاومان گرتبوو، هەڵگرت و دەستگاکەمان بردە ئەوێ و دامانمەزراند. دیارە ئەو جێگایە لە نێو چیاو چڕێکی زۆر بەرزو نهێنی بوو، تەنانەت فڕۆکە شەڕانیەکانی بەعسیش کاریان تێ نەدەکرد. ئێشمیت کارگێرە کوردەکانی بە تەواوی فێری ئەو دەستگایە کرد.

قەرار بوو رادیۆکە بەناوی "دەنگی کوردستان" ناو بنرێ، بەڵام چوون خوالێخۆشبوو پاکرەوان و هەروەها شای ئێران لەبەر خاترو زیز نەبوونی دۆستانی خۆشەویست و بە وەفای تورکمان!! بەوناوە رازی نەبوون، ئەوە بوو، یەکەمین وتار بەناوی "دەنگی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق" بڵاو کرایەوە، لە ئێران بە سەرتاسەری سنوور دەستوور درا تا ئاگادار بن و بزانن ئایا دەنگی ئەو رادیۆیە دەبیسرێ؟ یا خەیر. وەڵام مسبەت بوو، کاتێ گەرامەوە بەغدا لە بەرپرسان و رابیتی حیزبم پرسی، دەنگی رادیۆکە چۆنە؟ وتیان تا ئەو دیوی سنووری سوریە دەنگەکە دەڕوا.

## شەرو پێکدادانی مەلامستەفا
## لەگەڵ
## سەرکردەکانی حیزبی

ئیدارەی جاسوسی لە ئەسلدا بە باشی دەزانن کە دەست بخەنە ناو ڕێکخراوەکانی دامەزراو بە تایبەت لە نێو هەیئەتی مودیرەو کومیتەی ناوەندی و بە گشتی دەزگای ڕێبەرایەتیدا ڕەخنە بکەن و بیانخەنە بەر دەستی خۆیان، دیارە ئێران ولاتی ئێمە کە ولاتێکی عەشیرەتییە، ساواک ویستویەتی هەمیشە لە نێو سەرۆک هۆزەکاندا ریشە داکوتێ. چونکە لە ئێران و عیراق و ئەم جۆرە ولاتانە حیزب و حیزب بازی لە ئەفسانەیەک زیاتر نیە و ناکرێ حیسابیان لەسەر بکرێ. بەڵام من لەسەر ئەو باوەرە بووم کە هەمیشە لەگەڵ چینی خوێندەوارو بە ئەزمون و ڕێکخەر سەروکارمان هەبێ. جا لەبەر ئەوە ئەگەرچی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق بە ناچاری دەستی نابووە ناو دەستی مەلامستەفاو ئەوی کردبوە سەرۆکی خۆی و ئێمە بەناچار پەیرەویمان لە سیاسەتی ئەوان دەکرد.

سەرلەشکر پاکرەوان و سەرهەنگ پاشایی موافیقی بیرو رای من بوون، بەڵام بیرو رای شای ئێران زیاتر سەرنجی بۆلای مەلامستەفا بوو، ئێمە لامان وا بوو ڕۆژێک عەشایرو عەشایربازی تیا دەچێ و خەلک لە باری بیرورا دەچنە پێش، جا هەر لەبەر ئەوە ئەگەر

ئێمە هەر لە سەرەتاوە زیاتر لایەنی حیزبمان بگرتبا، سەرمایەدانانێکی گرنگ دەبوو بۆ داهاتوو، مەلامستەفا نەیدەتوانی بۆ هەمیشە زیندوو بێ، کاتێ کە مەلامستەفا لە گۆردا نەبوایی، دیارە خەڵکی کورد زۆرتر روویان دەکردە حیزب و ئێمەش باشتر دەمانتوانی لەسەرکردە سیاسیەکانی حیزبی کەڵک وەربگرین.(١)

هەرچی من لە سەرکردەکانی حیزب نزیک دەبوومەوە، مەلامستەفا زیاتر تێک دەچوو، هەرکاتێ دەچوومە لای مەلامستەفا باسی خراپەی یەک یەکی ئەندماتی دەفتەری سیاسی دەکرد، تۆمەتی وای لێدەدان کە لە راستی نەدەچوو. ئەوان چینی خوێندەوارو ژیرو پاک و دروستکار بوون، کەمترینیان لە مەلامستەفا زۆرتر بەناوبانگ و خۆشەویست بوو.

مەلامستەفا لە نێو گشت چینی پێشمەرگە و دەفتەری سیاسی دا رایەڵکەی جاسوسی دانابوو، سەرە هەودای هەبوو، مەسەلەی مادی لەدەست ئەودا بوو، ئەویش ئەوەندەی لە توانادا بوو لەسەر راگرتن و یا ناردنی پارەی وەرگیراو بۆ بانکی سویس پێی دادەگرت، لە چکۆلەترین خشەو جولانەوەی ئەوان ئاگادار بوو، ئەوە ببوە هۆی نارازی بونی حیزبیەکان و ئێمە، سالی ١٩٦٥ بۆ من و تەنانەت بۆ دەولەتی ئێران سالێکی پر لە چەرمەسەر بوو، ئەمە بوە هۆی ئەوە تا مەلامستەفا بەناچاری بۆ لەنێو بردنی سەرکردەکانی حیزب پێشمەرگە بکاتە سەریان، برایم ئەحمەد، جەلال تالەبانی، عومەر دەبابە، عەلی

---

(١) واتە باشتر دەیانتوانی سەرکردەسیاسیەکانی حیزبی بکڕن و بفرۆشن وبەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان کاریان پێبکەن وەهەلیان سورێنن وەک ئێستا پێیان دەکەن، بەلام لەگەل مەلامستەفا ئەوەیان پێ نەدەکرا. و

عەسکەری، سەرهەنگ عەزیز عەقراوی و ئەفسەرەکانی دیکەی کورد کە لە دەست دەوڵەتی عیراق رایان کردبوو، و ببونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، نەیاندەویست لەگەڵ مەلامستەفا بەشەر بێن، تا دژایەتی لە نێوان ئەوان زیاتر نەبێ و نەبێتە هۆی کزی و لاوازبوونی راپەرینی کورد. ئەوان نەیاندەویست دەوڵەتی ئێران و عیراق بە دژایەتی نێوخۆی ئەوان بزانن و هۆی لاوازی ئەوان بەدی بهێنن. هەرچەند سەرکردەکانی حیزبی ناردیانە لای مەلامستەفا کە کارێکی وا نەکا لە ئاست ئەرتەشی عیراق لاواز بێ کەڵکی نەبوو. مەلامستەفا دەستی دایە رەشە کوژی چەند کەسایەتی حیزبی و لە کار وەلانانی کەسانی کۆنەکارو دەستڕۆیشتوو لە نێو حیزبدا. بەلام سەرکردەکانی حیزبی بە بێ لێبرانی کۆمیتەی ناوەندی نەیاندەتوانی کارێ بە دژی کاری نارەوای مەلا ئەنجام بدەن. هێزی پێشمەرگەی مەلامستەفا بە رابەری یەکێک لە تاکە تاکی ناسیاوەکانی بارزانی، کە لە مەڵبەندی نزیک بە بارزان رەوانە کرابوو، گەیشتە مەڵبەندی ماوەت لە خوارووی لای سولەیمانی، بەلام سەرکردەکانی حیزب دەستیان نەکردەوە، دووای تەق و تەقێکی کەم بەرەو سەردەشت پاشەکشەیان کرد. بۆ بەرگری کردن لە براکوژی و پەرەسەندنی دژایەتی لە سەرتاسەری مەڵبەندی باکور. هەواڵەکان بە سەرۆکی ساواک لە سەردەشت راگەیێندرا کە لەگەڵ دەسەلاتدارانی تاران پێوەندی و رێگا چارەیان لێ بخوازێ. بەداخەوە سەرنج نەدرایە ویستی ئەوان و بەناچاری لە تەک ژمارەیەکی پێنجسەد کەسی چوونە سەردەشت.

لە تارانەوە بانگ کرام، لەبەرا لە کارەساتەکە ئاگادار کرابوون، پاکرەوان وتی وا باشە کە ئەم چەند کەسە لە سەرکردەکانی حیزبی لەگەڵ ئەو چەند پێشمەرگەی وا لەگەڵ ئەواندا هاتوونە

سەردەشت، بۆ ماوەیەک لەوێ نەمێنن. شا فەرمانی داوە بۆ ماوەیەکی کورت چەکەکانیان بدەن بە سپای ئێران لە سەردەشت و بڕۆنە هەمەدان و لەوێ دامەزرێن. دەستوری پێویست بۆ ساواکی هەمەدان درا.(سەرهەنگ هوشمند بەرپرس بوو کە دووای شۆرش تیرباران کرا) راگەێندرا کە ئەگەر سەرکردەکانی حیزب و پێشمەرگەکانیان چەک نەکرێن، دەوڵەتی ئێران ناتوانێ بەناوی پەنابەر وەریان بگرێ، ئەبێ لە سنوری ئێران وەدەرکەون. دوای ئەنجامدانی ئەم شتانە سەرلەشکر فەروخ نیا فەرماندەی هێزی کرماشان کە لە کوردستانی عیراق بوو، چوە دیداری مەلامستەفا تا چاکتر لە مەسەلەکە تێبگاو لە بارزانی بپرسێ کە ئەو دژایەتیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها شای ئێران رایگەیاندووە ئەگەر دەیانەوێ هێزی باکور کز بکەن و کەندو کۆسپ بۆ ئێمەو خۆیان بەدی بهێنن، ناتوانن یارمەتیان بدەین.

من بەم پەیامە چوومە سەردەشت، سەرلەشکر فەروخ نیا لە مەهاباد بوو، پێکەوە گەراینەوە سەردەشت، مەحشەرێک بوو واحیدەکانی سپای نزیک سەردەشت چووبوونە نێو شار، هێزی پێشمەرگەش، ئەوانەی وا لەگەڵ سەرکردەکانی حیزب هاتبوون لە سەردەشت بوون. خەڵکی ئاواییەکان بەتایبەت ئەوانەی نزیکی شار بوون بۆ تەماشاو دەربرینی هاودەردی لەگەڵ ئەو رووداویە هاتبوونە نێو شاری سەردەشت. دەستوری شا بەوان راگەێندرا دووای قسەو باسێکی زۆر سەرکردەکانی حیزبی چەکەکانی خۆیان داناو بە سواری کامیونی سپایی بەرەو هەمەدان رەوانە کران.

دیارە گێرانەوەی ئەم کارەساتە بە قسە هاسانە، بەڵام بە کردەوە زۆر سەخت و دژوارە. دووای رۆیشتنی ئەوان و شارەزاییم بە رێگاو بانان چوینە لای پێشمەرگەکانی مەلامستەفا کە لە قەلادزە بوون و

لە فەرماندەی ئەوانم ویست بمبەنە لای مەلا مستەفا.

بۆ رۆژی دووایی دەمەو ئێوارە بە سواری هێستری، کە تایبەت بوو، بۆ سواری مەلا، کە تەنیا من بووم زۆر جاران سواری ئەم هێسترە نەجیب و ئارام و قەوی و ناسیاو بە رێگا دەبووم. ئەمەش لوتف و محەبەتێک بوو کە حەزرەتی مەلا سەبارەت بەمن دەری دەبری. چوومە لای مەلا مستەفاو دوو بە دوو لە هەموو شتێکمان کۆلیەوە، لە چاک و خراپی ئەو کارانەی کە کردوویەتی و دەنگدانەوەیەک لە ئێران و عیراقدا هەیبوە، وتووێژەکەمان کرد، لە وەلامدا پەیتا پەیتا لە بابەت خرابکاری و کار شکێنی سەران و بەرپرسانی حیزبی قسەی دەکرد و تۆمەتێکی لەوان دەدا کە بە هیچ سرێشێکەوە بەوان نەدەلکا. دەستوری شام پێ راگەیاند کە ئەگەر هەروا بکا ناتوانێ پشتیوانی لێ بکا. وتی ئێختیار بە خۆیانە هەر جۆر کە بیانەوێ بیکەن. من کە بەرپرسی ئەم کارانەم خۆم دەزانم ئەگەر بەرپرسانی ئێستای حیزب لەم هەریمەدا بن نەتەنیا سەر ناکەوین، بەلکو بە هۆی سپای عیراق و هێزە نامونەزمەکانی عیراقی تەفرو تونا دەکرین. تەنیا داوای من لە شا ئەوەیە ئەوانە لەم ناوە دووربخاتەوە و چاوە دێریان لێوە بکا تا خەیانەت نەکەن!

هەندێ پارەم کە بۆ بردبوو، پێم دا و ئەویش دەیەویست بەناوی دیاری هەندێکی بداتەوە بە من، منیش پێم گوت، من بۆ کرین و فرۆشتن نابم و ئەگەر جارێکی دیکە کاری وا بکەی نامبینیەوە. لە ماوەت هاتمە پێگەی حیزب و ستادی عەمەلیاتی. مەلا مستەفا هێندی کەسی دیکەی حیزبی لەوێ دانابوو. پاش چاوپێکەوتنی ئەفسەرو دەرەجەدارو دوکتورو کەسانی دیکەی لە خۆمان بۆ ئێران گەرامەوە. لە هەمەدان چوومە ئوردووگای میوانانی تازە هاتوو، پاش

دیدارو سەرلێدان بە یەک دوو ماشێن سەرۆکەکانی حیزبیم هێنا تاران. لە مزلێک کە پێشتر بە هۆی ئاغای ئەمانی ئامادە کرابوو، پاش ڕۆیشتنی من بۆ عیراق ئەو کرابوە بەرپرسی کاروباری کوردەکان، نشتەجێ کران. ڕاپۆرتی درێژی کارەکانم دا بە پاکرەوان و بۆ بەغدا گەرامەوە.

... چەند جار چومە باکوری عیراق بۆ ئەوەی مەلامستەفا رازی بکەم تا سەرکردەکانی حیزب و ئەو چەند پێشمەرگەی وا لەگەڵیان هاتبونە ئێران بگەرێنەوە باکوری عیراق. سەرهەنگ منصور نوێنەری ساواک ماندوو ببوو، کارێکی لە دەست نەدەهات. ئەوە بوو سەرلەشکر مودەریسی یەکێ لە ئەفسەرانی کورد زمان و خوێندەوار کە لە بنەماڵەیەکی دیندار بوو، کرایە جێنشینی ئەو، ئەم ئەفسەرە توانی دڵنیایی مەلا بەدەست بێنێ و لە ماوەی خزمەتی ئەم ئەفسەرە بوو کە مەلامستەفا ئیجازەی دا تا سەرکردەکانی حیزبی و ئەو پێشمەرگانەی وا لە گەڵیاندا هاتبوون بۆ ئێران و لە هەمەدان دانرابوون بگەرێنەوە، مەلامستەفا لەو دیدارەدا بۆ گەرانەوەی ئەوان بە ناوی دیاری کالیبر١٤ (یا بە قەولی کوردەکان براوزینگ ١٤خۆری) بە من دا. منیش وەرم گرت و گوتم سپاست دەکەم، من دیاری وا وەردەگرم کە بۆ ئەفسەران شیاوە، نەک پارەو دراو. پاش گەرانەوەم چومە لای شا، دووای گێرانەوەی کارەساتەکان بە شام وت مەلامستەفا دووجار تەمای وەبەر دەنام و پارەی دەدامێ، لێم وەرنەگرت، بەڵام جاری سێیەم کالیبر١٤-ە یەکی پێدام لێم وەرگرت، منیش لە سپام داوا کرد تا دەمانچەیەکی جوانم بۆ بکرێ، تا منیش وەک دیاری بیدەم بە مەلامستەفا. ئەو کارەم کرد تا بزانێ ئەفسەران ناکردرێن. شا زۆری بە کەیفێ بوو، پەیتا پەیتا سەری دەلەقاند کە نیشانی بدا باشە.

دەوڵەتی بەعسی عیراق باشاری پێشمەرگەی کوردی بۆ نەدەکرا. جا بە ناچار پەنای بە وڵاتانی عەرەبی یا ئەوروپایی دەبرد کە زەخت بخەنە سەر دەوڵەتی ئێران تا دەست لە پشتیوانی کورد هەڵبگرێ و دوستانە کەندو کۆسپی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی بەعسی عیراق لە نێو بەرێ. بەڵام چونکە ساواک لە کارو کردەوەی نهێنی و پشتی پەردە زۆر ئاگادار نەبوو، بەس دەیزانی کە عیراق بۆ کەلک وەرگرتن لە دەرفەت دەیەوێ لەگەڵ ئێران وتوویژ بکا تا لە هەلی خۆیدا زەربە لە ئێران بدا، ئەوان پێوەندی ئێمەیان لەگەڵ کورد بە درۆ دادەنا. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە عیراق لە ساواک دا نفوزی پەیدا کرد بوو. لە کات و زەمانێکی گونجاودا دەستی کرد بە گرتن و بەند کردنی ئێرانیەکان و کوردەکانی دانیشتوی بەغدا. سێ کەس کە کاربەدەستانی باڵوێزخانە کە مەسونیەتی سیاسیشیان هەبوو گیران، چەک و بەڵگەنامەو پارەو شتی ترکەوەدەستیان کەوتبوو، خستیانە بەرچاوی خەڵک و دەستیان کرد بە چاوورا وداخستن بە دژی ئێران. بەختیاریشیان بانگ کردە عیراق تا بنکەی پارتیزانی دامەزرێنێ بۆ روخانی رژیمی شا. ئەویش هاتە بەغداو دەستی بەکار کرد، بەڵام لە سەعدیەی سەربەناوچەی خانەقین کوژراو سەری لەو رێگایەدا دانا. دەبێ بڵێم بەختیار لە رێگای سەفەر بۆ سویس لە لوبنان گیراو قەرار بوو بدرێتەوە بە ئێران بەڵام بە هۆی ژەنرال شەهاب سەرکۆماری ئەوسەردەمەی لوبنان و قەشەیەک کە دۆستی تەیمور بەختیار بوو، ئازاد کراو چوە عیراق تا کارێ بکا رژیمی شای ئێران لەناو بەرێ.

کاری چاپ و لەچاپدانی بەیاننامەی حیزب لە بەغدا بۆ ئەندامانی حیزب زۆر سەخت و نەگونجاو بوو، بە تایبەت بڵاوکردنەوەشی لەوە چەتونتر بوو. بەناچاری بەیاننامەکانی پارتی

دیموکراتی کوردستانی عیراقم به هۆی رابیتەوە دەبردو ماشێن تایپمان دەکرد و شەوانە بە ئوتومۆبیلی عادی دەمان نارده شوێنی ناوەندەکان لە بەغداو دەوروبەری، هەمیشە لەوە دەترساین کە ئەگەر بگیردرایەن کەندو کۆسپێکی زلی بۆ پێک دێناین.

لە سەفەرێکدا بۆ تاران کە سەرلەشکر پاکرەوان سەرۆکی ساواک بوو لەو سەردەمەی کەتازە نێوانی مەلامستەفا لەگەڵ سەرکردەکانی حیزب تێکچوبوو، و سەرکردەکانی حیزب لە تاران بوون، پاکرەوان لێبرا بچێتە ناوچەو چاوی بە مەلامستەفا بکەوێ. داوای لە من کرد تا لەو بابەتەوە بکۆڵەوەو لە تاران تاکو ئەوێ و تا گەرانەوە باش بیدەمە بەر سەرنج. منیش دووای لێکۆلینەوەی پێداویست، شتەکەم پێ راگەیاند و ئەو رۆژە چووبوە لای شا و ئێواری تەلیفونی بۆ کردم کە شا رازییە برۆین و هۆی سەفەر پێک بێنە. چوومە لای مەلامستەفا لە حاجی عومەران و باسەکەم پێ راگەیاند، زۆری پێ خۆش بوو، بەلێندرا تا پێشمەرگەکان لە سەعاتی ٩ لە نێوان پاسگای کێلەشین و حاجی عومەران بن و ئێمە رێنوێنی بکەن.

پاکرەوان لە تاران بۆ تەورێزو لەوێوە بۆ ورمێ و لەوێشەوە بێ راوەستان بۆ خانێ هات. بە شەو چوینە پاسگای کێلەشین کە بە هۆی بومبارانی بەعسیەکانەوە لە غەواره چۆل بوو. لەوێ جلکی کوردیمان لەبەر کرد و لەگەڵ پاکرەوان چووینە سنووری عیراق و چەند پێشمەرگە بە ماشێنی جیب چاوەروانمان بوون، لەبەر قورو نالەباری رێگا، ماشێنەکان دەرنەچوون و بەناچار بە پێیان ملی رێگامان گرتە بەر تا چووینە ئەو شوێنەی مەلامستەفای لێبوو. فراوێنمان لای مەلا خواردو زۆرمان پێکەوە قسە کرد. لە پاشان هەستاین مەلا مستەفا تا ئەو شوێنەی ماشێنەکەنمان بەجێ

هێشتبوو بەڕێی کردین، دووایە چەند پێشمەرگە تا بەردەم پاسگای کێلەشێن دەگەڵمان هاتن.(١) جارێکی دیکە لە تاران کە قسەم لەگەڵ یارمەتی دەری ئاگاداری وەزارەتی دەرەوەی ساواک دەکرد، تێگەیشتم کە دوو وڵاتی ئەمریکاو ئیسرائیل لە پێوەندی و هاریکاری ئێمە لەگەڵ کوردان ئاگادار بوون، هۆی ئەوەم پرسی، لە وەڵامدا وتی شا دەزانێ و ئێمە دەسەلاتێکی وامان نییە. تەنانەت بۆم دەرکەوت کە ئەمریکا لەبابەت پارەوە یارمەتیدانێک دەکا. یارمەتی دەری دەرەوەی ساواک وتی: دەستوریان داوە کە چوار کەس، یانی سەرۆکی ستادی سپای ئیسرائیل، ئاجودانەکەی، سەرۆکی روکنی٢ و سەرۆکی روکنی٣ـی عەمەلیاتی ئەوان لەگەڵ خۆت بەریە لای مەلامستەفا تا چاویان پێی بکەوێ. پرسیم کێ ئەو دەستورەی داوە. وتی بێجگە لە شا کێ دەتوانێ دەستوری وا بدا. وتم ئەمە باش نییە، سۆزی خەلک پێ بزانن دەکەوینە بەر هێرشی چاووراوی وێرانکەری ناسرو وڵاتە عەرەبیەکانی دیکە، بروام بە سەفەرێکی ئاوا نییە. لەو کاتەدا دەرگا کراوەو فەرمان درا کە میوانەکانی هەندەران ئامادەن. چوار کەس، درێژو کورتە باڵا هاتنە ژورێ و یارمەتی دەری دەرەوەی ساواک ئێمەی بە یەک ناساند. ئاجودانەکە ئەفسەرێک بوو تابیعی ئەلمان و چەند جار پێکەوە چووبوینە خوزستان.

---

(١)نووسەر هەرچەندە لەوریاییدا شووی لێ هەلکێشاوەوکەسی لەخۆی ژیرت نەهێشتێتەوە، بەلام چونکە ئێستاش هەر ساواکی ماوەتەوەوساواکی بیردەکاتەوە، ڕێگاوڕێبازی ناوچەکانی کوردستانی لێ تێکچوە.پاسگای کێلەشێن کەوتۆتە سەرووی شنۆ ولەخانێ ولەحاجی ئۆمەران دوورە. و

دووباره رامگەیاند ئەم سەفەرە بە باش نازانم و چومە لای سەرۆکی ساواک، پێیان وتم تۆ بەڕێوەبەری فەرمانی برۆ کارەکەت بکە. بەناچار خۆمان ساز کرد، ئەوان بە فرۆکەی ئێرتاکسی لە فرۆکەخانەی خانێ(پیرانشار) دابەزین و خەبەریشم بە تەلگراف بە مەلامستەفای بارزانی دابوو، لە خانێ بێ وەستان چوینە پاسگای کێلەشین ، هەر بەوجۆرەی پاکردوانم بردبوو، ئەمانەشم بردو هێنامنەوە تاران، مەلا مستەفا زۆر خوشحال بوو، لەبەر خۆشیان نەیدەزانی چ بکا، لانی کەم تا سێ کیلۆمیتر هاتبوە پێشوازمان، بەلانی کەمەوە هەزار پێشمەرگە لەو مەڵبەندە ئامادە کرابوون.

ماوەیەک رابورد کە هەوالم زانی کە ئیسرائیلیەکان، دۆستانی ئازیزمان پێشنیاریان کردووە، تا چەند کەس کە فارسی و عارەبی و کوردی بزانن، لە گەڵ دارو دەستەی ئێمە با لە مەڵبەندی کوردستانی باشور جێگر بن. بەڵێ: جێگای سەرنجە ئەوەی ئێمە سالەهای سالە لە بابەت چەک و پێداویستی شەر، خواردەمەنی، پارە و دراو، گشت ئەو کەرەستەی زەوینی و هەواییانەی کە دابینمان کردبوو، رەنجمان بۆ کێشابوو، تا سەرکەوین و خۆشەویستی ئێران ببەینە نێو کورد، کارێ بکەین تەنیا هیوایان بە ئێران و دەوڵەتی ئێران هەبێ، ئێستا کەسانی دیکە کە هیچ زەحمەتێکیان نەکێشاوە و ئاگایان لە کارو بەرنامەیەکی وەها نەبووە، بێن و بەرهەمی ئەوە بەناوی فێر کردن و.....هتد وەرگرن و بیکەنە هونەری خۆیان و خۆیان کەلکی لێوەربگرن.

ئەوە شوێنێکی زۆر خراپی لەسەر کورد دادەنا کە بۆ قسە لێکردن نابێ، کردیان ئەوەی ویستیان. ئەوەی دەبوو بەسەر ئێمە بێ هات. ئێمە ئێتر ئەوەندەمان بایەخ لەلای کوردەکان نەمابوو. شۆرش و راپەرین بە هۆی ئێمەوە ساز درا، پارەو دراوەکەشی

ئەمریکاییەکان ئەیدەن، فێرکردن و ڕێنوێنیش کەوتە دەست ئیسرائیلیەکان، ئەی ئێمە چکارەین؟ هیچ. لەگەڵ ئەرتەشبود نەسیری باسەکەم هێنا گۆڕێ. ئەوەی پێویست بوو پێم ڕاگەیاند. وتم ئیزنم بدە تا برۆم بەم کارو بارە ڕابگەم. بە مەلا مستەفاو ئەوانی دیکە حالی بکەم ئەو جۆرەی کە بیری لێدەکەنەوە، وا نییە و ئەمە قاوێکە، کە بنەرەتی بۆ نییەو کە دووژمنانی هەر دوولا بڵاوی دەکەنەوە. ئەبێ بە گشت هێزەوە بەرگری لێوە بکرێ. ئەو کارەم کردو دەستکەوتی باشم لێوەرگرت. لەبەر زۆر مەسایلی حەساسی دیکە کە دەبێ هەر بەردەوام بێ و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و خۆپاراستن باسیان ناکەم تا دەرفەتێکی دیکە.

## پێوەندی لەگەڵ روس و خەیانەت بە قورئان

دژایەتی لە نێوان مەلا مستەفاو سەرکردەکانی حیزب ببوە هۆی لەت بوونی هێزی پێشمەرگەکان. مەلا لەبەر خۆ بە زل زانی و ئێرەیی و دیکتاتۆری و تەک ڕەوی، لە ناو شۆڕشیەکاندا لایەنگرێکی ئەوتۆی نەبوو. تەنیا ژمارەیەک پێشمەرگەی بارزانی و چەند کەس لەوانەی لە بەغداو شارەکانی دیکە ڕایان کردبوو کە حیزبیش نەبوون لە دەوری مەلامستەفا کۆ ببونەوە. پارەو دراو بە دەست ئەو بوو، نێوو نیشان هی ئەو بوو، وزەو هێز لە دەست ئەودا بوو، بەمجۆرەش خەنەکەی بێ ڕەنگ بوو. بە پێنسەد شەشسەت کەس لە پێشمەرگەی تایبەت بە خۆی و ئەوانەی لە بن فەرمانی ئەودا بوون، چاک پێیان ڕادەگەیشت، پێشمەرگە حیزبیەکان بە نێوی جۆراوجۆر لە نێو هێزی تایبەت بەو نفوزیان کردبوو. بەم هۆیەوە ڕابەلکەی ئاگاداری ئەوان بە هێز ببوو، و لە چکۆلەترین کارو

تێکۆشانی مەلا ئاگادار دەبوون، جارێک باوەڕیان پێکردبوو، ئەویش وەڵامی ئەوانی بە وتووێژی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق و ئاگربەس دابۆوە، ئیتر نەیاندەویست لەوە زیاتر فریو بخۆن.(١)

ئەفسەران و دەرەجەدارانی نێردراوی ئێمەش بۆ عیراق لەو هەلە کەڵکیان وەرگرت، سەرەرای ئاگاداری و نامەی پێوەندی دار بە عەمەلیاتی شەر، لە مەلبەندە جیاجیاکان کە هەموو رۆژێ بە سەرپەرشت و نوێنەری ساواک رادەگەیاند. لە کاروباری نێوخۆی مەلا و حیزبیش جوان ئاگادار دەبووین. منیش لە بەغدا لە عیسا زەبیحی و یەدوللا فەیلی چ لە کاروباری کوردان و چ لە کاروباری نێو عیراق ئەوپەری کەڵکم وەردەگرت. ئەو دوو کەسە لە رابەرانی شاخەی بەغدا بوون، نەتەنیا لە نێو کوردی حیزبی، بەڵکو لە نێو نەتەوەی کوردیش ناسیاو و لە خوێندەواران بوون و لە نێو هەر سێ هێزی دەوڵەتی لە یانەو دام و دەزگاکاندا دۆستانی زۆریان هەبوو. لەم روانگەیەوە بە سرنجدان بە گەڵاڵەی ئاگاداری بنەرەتی یا رۆژانە لە مەسەلەی جیا جیای عیراق بە تاقم و رێکخراوەیەک بە هۆی ئەوانەوە ناسیاویم پەیدا دەکرد و کەڵکی لێوەردەگیرا، تەنانەت بە شێوەیەکی لەبار نفوزمان کردبوە نێو رێکخراوی جاسوسی عیراق، بۆ وێنە من بۆ دیدار لەگەڵ حەردان تەکریتی کە لە سەردەمی عبدالسلام عارف لەو ئەفسەرە بەعسیانە بوو کە رای کردبوو، چوومە لەندەن و لەوێوە بۆ سویس، دوای چاوپێکەوتن و

---

١- لە قسەکانی پەژمان وا دەردەکەوێ کە حیزبیەکانی سەر بە مام جەلال و برایم ئەحمە لە ئەلف تا نون هەرچی قەوماوا راست لە مستی پەژمان و داروودەستە جاسوسەکەی - یان دادەنا. و.

وتووێژ، چوومەوە تاران و دووای هەواڵدانی ئەوە بە سەرۆکی ساواک و ڕاگەیاندنی بە شای ئێران چومەوە بەغدا. لە بەغدا هەواڵم زانی کە عبدالسلام عارف دەستوری لەبن چاوگرتنی منی داوە، دیارە ئەمە بۆ هەر ساواکیەکی وەک من مەسەلەیەکی گرنگ بوو، کە چلۆن سەرکۆمار فەرمانی کاری وەهای داوە. کاتێ جوان چوومە بنج و بناوان و لە مەسەلەکەم کۆڵیەوە تێگەیشتم کە حەردان تەکریتی، هەرچەند بەعسیە بەڵام لەگەڵ عبدالسلام عارف پێوەندی هەیە. لە ڕاستیدا هەم بە ئێمە و هەم بە حیزبەکەی خۆی خەیانەتی کردووە.

دووای چەند ساڵ بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا کودیتایان کردو کاروباری عیراقیان گرتە دەست. حەردان تەکریتی بۆ عیراق گەڕایەوە. جگە لە فەرماندەیی هێزی هەوایی، هاوکات پارمەتی دەری سەرۆک وەزیرانیشی گرتە دەست. ئەم بەعسیانەی حاکم لە عیراقدا سەرئەنجام پەیان بە خەیانەتی ئەو برد. بەر لە گرتنی، هەڵات و ماوەیەک لە ئەوروپا بوو، دووایی چوە کوەیت. بەعسیەکان ئەویان دۆزیەوە و نایانە ناو چەعبەیەک و بە نێوی کەرەستەی دیپلۆماتی قایمیان کرد کە لە گەران تەرخان بوو، بە فرۆکە ناردیانەوە عیراق و کوشتیان.

رابیتی حیزب هاتە لام و گوتی: چەند بارزانیمان لە بەغدا دیوە کە ژنەکانیان روسین و خۆیان پێشمەرگەن و لەبەرەی شەر دان. دووای چاوەروانێکی سەرنج ڕاکێش، حالی بووین کە ژنی روسی یەکێک لەوانە چاوی بە ئەندامێکی بالوێزخانەی روسیە لە بەغدا کەوتووە. پێشمەرگەیەکی حیزبی کە لە باکور بووە چاوی بەو ژنە کەوتووە کە ناسیاو بوون و تێ گەییوە کە هەموو مانگێ جارێک لە بەغدا دەچێتەبالوێزخانەو پارەیەک وەردەگرێ و بە هۆی مێردەکەیەوە،

دەیدا بە مەلامستەفا. منیش پێم سەیر بوو، کەوتمە جوڵە جوڵ و پرسیار و لێکۆڵینەوە تا بزانم ئەم قسانە لە دووژمنی کردن لەگەڵ مەلامستەفا دەکرێ یا راستیەکی بۆ هەیە و بەراستی و ناراستی ئەو کەسە بزانم.

بە سوێندەوە نوسا کە ئەو قسە راستە. گوتم جارێکی دیکە باش لێی بکۆڵەوە و خەبەرەکەم بدەوە. دووای بیست رۆژی دیکە هاتە لام و زۆر سور لە سەر ئەو قسە رۆیی و گوتی راستی راستە. زۆر نارەحەت بوم و وتم من لەکاتی خۆیدا بە شام وتووە کە مەلامستەفا بە هیچ جۆرێ جێی برواو دڵنیایی نییە، بەڵام بۆ کەڵک وەرگرتن دەبێ. دووای ئەوەی هەواڵەکەم بە پاکرەوان راگەیاند کە ئەویش بە شای رابگەیینێ، چوومە باکورو چاوم بە مەلامستەفا کەوت و قسەکەم پێ راگەیاند، ئەویش لە وەڵامدا گوتی چەند پێشمەرگە کە ژنەکانیان روسن و لەبەر ئەوەی کە پۆست کار ناکا، خزم و کەسیان هەندێ پارەیان بۆ دەنێرنە بالوێزخانە، یەکێ لەم ژنانە دەچێ و پارەکە وەردەگرێ و ئێتر شتی دیکە لە گۆر دا نییە. جا نازانم چۆن سوێندی بە درۆ خوارد، بەڵام دەزانم کە بە سزای خۆی گەیی و بە سەرەتانی خوێن تیا چوو.

## لە دەرەوەو لە نێو کاردا

هەر وەک لەبەرا رامگەیاند کاروبارەکەی باکورم ئەسپاردە دەست غەیرە نیزامیەکی لیسانسییەی قەزایی کە جێگای سەرنجی مودیری گشتی ئیدارەی دوەمی جاسوسی ساواک، منیش لە تاران بوومە سەرۆکی ئیدارەی دەرەوەی سنوور لە هەمان ئیدارەی ئاگاداری دەرەوەدا. جا دووای ئەوەی مەلامستەفا سەرانی حیزبی

دەرکرد و لە هەمەدان ئاوارە بوون، ئیتر هیچ کەس نەیدەتوانی بڵێ لەل، زۆر بە دیکتاتۆری حکومەتی دەکرد. سەرلەشکر مودەریس نوێنەری ساواک لای بارزانی بوو، ئەفسەرێکی هێدی و هێمن و مەتین و بە ئەدەب بوو. لە راست ویستەکانی مەلا دا هیچی پێنەدەکراو ناچار ئەوانەی بە تاران رادەگەیاند. پیاوی ئیسرائیلی وەک مێروولەو کوللە دەوریان دابوو. لەسەر هەرچی بێ رووی خۆشی نەدەدا بە من . باش دەیزانی کە من ئەو باش دەناسم. خالی بە هێزو لاوازی ئەو لە خۆی باشتر دەزانم، بۆ داهاتوو، و دابین کردنی بەرژەوەند و مەسەلەحەتی ولاتم، سەبارەت بە سەرۆکەکانی حیزبی روانگەیەکی لە بارم هەبوو. لام وابوو لە ئاخردا ئەوانە دەبنە میراتگێری راستەقینەی کوردەکانی عیراق و لە رێگای ئەوانەوە دەکرێ دەست بخرێتە ناو کوردەکانی دانیشتووی ولاتەکانی دیکەش. زۆربەی ئەوانە ناوبانگی جیهانی یان هەبوو. من خالە کزەکانی ئەوم دەناسی و لەگەڵ ئەودا نەبووم. من لایەنگری حیزبییەکان بووم، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی و سودی ولاتەکەم بپارێزم. لام وابوو ئەوانە میراتگری بەراستی کوردن لە عیراقدا و لە رێگای ئەوانەوە دەتوانرێ رەخنە بکرێتە نێو کوردەکانی دیکە. زۆربەی ئەوانە کەسایەتیەکی نێونەتەوەییان هەبوو.(١)

رۆژێک کاتژمێری نۆی شەو پاکرەوان تەلیفونی بۆ کردم و چوومە لای و وتی: شا لە کاروباری باکوری عیراق ئەوەندە نیگەران نییە،

---

١- پەژمان بەراشکاوی پەردە لەسەر نەخشەی ساواک لادەداو دەڵێ:..لەرێگای سەرۆکەکانی حیزبەوە(واتە مەکتەبی سیاسی کۆن) دەکرێ دەست بخرێتە نێو کوردەکانی ولاتانی دیکەش وبەقازانجی دەوڵەتی ئێران لارێ بکرێن. و

بەلام لە بزوتنەوەی ئێرانییەکانی هەلاتوو بۆ ئەودیو دەترسێ. ئێنجا تۆ دەبێ خەریکی کۆکردنەوەی هەوال بی. یەکەم، راگرتن و پاراستنی پێوەندی خۆت لەگەل سەرۆکەکانی حیزبی. دووەم، ئاگاداری لە تێکۆشانی نێوخۆی عیراق لە بارەی تەیموری بەختیارو هەلسورانی ئەو. سێیەم، پێوەندی لەگەل کوردە پەنابەرەکانی عیراقی لە ئێراندا و نابێ هیچ کەس لە ساواک بەم کارەی تۆ بزانێ. راپۆرتەکان بە دەستی بنووسە و بیاندە بە من تا بیانگەیێنم بە شا. حکومەتی بەعسی عیراق بۆ پوچکردنەوەی تواناو نفوزی ئێران لە سەرووی عیراق و لە نێو کوردەکانی شۆرش دەستیان لە هیچ کارێک نەگێراوە. رۆژ بە رۆژ هێزی زیاتریان بو سەرووی عیراق دەنارد. لە چەکی مودێرن کە رووسەکان دابویان بە ئەرتەشی عیراق بو سەرکوتکردنی پێشمەرگە کەلکیان وەردەگرت. میگی ١٩ و ٢١ فرۆکەی تۆپۆلۆف تەنگیان بە کوردەکان هەلچنی بوو. دەولەتی ئێران بریارەکانی پێشوو کە دەبووایە تەنیا چەکی سوک بدا بە کوردەکان، بە ناچار لە بەرانبەر پەلاماری فرۆکە دوورفر، چەکی دژی هەوایی و تۆپی ٧٥ی چیایی کە لە هێستر بار دەکران و لە قورخانەی ئەرتەشی ئێران وەلانرابوو، خستیە دەستی پێشمەرگەکان. فرۆکەی ئێرانیش جاروبار بۆ پەلاماردانی ئامانجی تایبەتی هاوکاریانی دەکرد.

لە هەوالەکانمدا پێشنیارم کردبوو کە بە هۆی فرۆکەکانی سپایی جلک و خواردەمەنی و شتانی پێداویست بۆ باکور بەرێ بکرێ، هەر چەند فرۆکە شەرانیەکانی بەعس ماوەیان نەدەدا.

شۆرای شۆرشی عیراق بە راسپاردەی ئەحمەد حسن البکرو کارگەردانی سەدام حوسین بریاریدا دەرگای وتوویژ لەگەل مەلا مستەفا بکاتەوە. دەست بە هاتووچۆ کرا. هەیئەتێک بە نهێنی بۆ سەرووی عیراق ناردرا. لەگەل مەلا مستەفا وتوویژیان دەست پێکردو وادەیان پێدا کە

ئەوەی پێویست بێ بۆ راگەیاندنی شەروەستان و لە کۆتاییدا راگرتنی شەڕی نێوان کوردەکان و دەوڵەتی عیراق ئەنجامی بدەن. مەبەستی دەوڵەتی عیراق ئەوە بوو کە هەرچۆنێک بێ تەنانەت بە دانی خودموختاریش بە کوردەکانی عیراق خۆ لەم بەلایە دەرباز بکات و ببێتە هۆی هاندان و هاروژاندنی کوردەکانی ئێرانی دژی دەوڵەتی ئێران. لە کاتی گەیشتن بەم ئاکامە دەیانتوانی، دەست پێشخەری لە دەست دەوڵەتی ئێران بێتە دەرو ببێتە هۆی ئاژاوەو نائارامی لە ناوچەی کوردستانی ئێراندا. بەڵام مەلا مستەفا نەیدەویست دەست لەم سفرە رەنگین و پڕ بەرەکەتەی دەوڵەتی ئێران هەڵبگرێ. بۆیە بیانوی دەهێناوەو نەیدەویست وتوویژ بە ئەنجام بگات. چونکە ئەگەر خودموختاری درابا بە کوردستانی عیراق جەنابی مەلا چکارە دەبوو؟ هیچ! بە بروای من دەبوو بچێتەوە گوندی بارزان و لە پەنا شێخ ئەحمەدی برای بێکار بایە.

نوکتە: بۆ زانین دەبێ ئەوەی بڵێم کە مەلامستەفا خۆی قەت لە هیچ شەڕێکدا بەشداری نەکردووە، مەگەر بە هەڵکەوت بۆ راو فیشەکێکی تەقاندبێ. سەوادیشی نەبوو، لە بنەمای ئیداری و سیاسی زۆر بێخەبەرو نائاگا بوو، بە کەسێکی وا کە لە باکوردا ئیمتیحانی خۆی بە کوردەکان دابوو چ کارێکت دەتوانی بەو پسپێری.

بە هەر چەشنێک بێ حیزبی بەعس لە عیراقدا بە یارمەتی دەوڵەتانی بێگانە (ناویان نابەم چونکە ئێستاش هەر نهێنییە!!!) کە دەسەلاتی بەسەر عیراقدا هەیە، دەبێ بەهەر شێوەیەک کە بلوێ مەسەلەی بەکوری عیراق چارەسەر بکرێ. ئەوەیش راست لە جەنگەی شەری هەر دوولادا بوو کە لە باکور رۆژانە سەددها کەس لە سپای عیراق و چەند کەس لە شۆرشیەکان دەکوژران. زەرەرو

زیانی دەوڵەتی ئێرانیش لە بابەت چەک و دابنیکردنی پیداویستەکانی هەزاران پێشمەرگە، سەرنج راکێش بوو. هەرچەند وتووێژی نێوان نوێنەرانی دەوڵەتی عیراق و مەلا مستەفا درێژەی دەکێشا ئەژمارەی هەتک لا زیادیان دەکرد و لە لایەن مەلامستەفاوە گیروگرفتی تازە پەیدا دەبوو. بەعسیەکان ناچار بوون واز لە وتووێژ بێنن و بگەرێنەوە بۆ بەغدا. هەیئەتی ناردراو بە شۆرای شۆرشی راگەیاند کە ئاستەنگی سەرەکی لە چارەسەرکردنی مەسەلەی شیمال مەلا مستەفایە. دەنا سەرۆکانی حیزبی بەوە رازین کە دەوڵەت داویەتی. ئەنخامی مادەی ٣ی بەیاننامەی ژمارە یەکی شۆرشی ٥٨ لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەو دانی خەسارەت بە بنەماڵەی ماڵوێران و یا کەس کوژراوو دروستکردنی مەدرەسەو بەرێوەبردنی کاروباری ناوچە لە لایەن ئەوانەوە ویستی سەرەکی ئەوانەو پێ رازین. بەلام مەلا مستەفا پێ دادەگرێ کە دەبێ دەستەبەرێک هەبێ تا شەر بوەستێنێ. مەلا مستەفا بە چەند کەسی گوتبوو کە بەعسی درۆ دەکەن، دەیانەوێ دەرفەت بێنن تا خۆیان بەهێزتر دەکەن و هەموو کوردستان وێران دەکەن، من بروایان پێ ناکەم تا دەوڵەتێکی وەک ئەمریکا، سوڤیەت، فەرانسە و یائینگلیز دەستەبەر نەبێ. لەوانەیە، ئەودەم هەقی خۆی بوە وابیر بکاتەوە. چونکە بە تەجروبە دەرکەوت کە قەراردادی نێو نەتەوەیی کە لە نەتەوە یەکگرتوەکان تۆمار کرا بوو خستیە ژێر پێ و دراندی.

## بیرو گەڵاڵەی تازەی بەعسیەکان:

بەعسی یە حاکمەکانی عیراق دلنیا بوون کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە سەرپشکی وەدەست ناهێنن، لە وتووێژی درێژو بەردەوام لەگەڵ بەرپرسەکانی حیزبی بە نهێنی و بە ناوی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ سەرووی عیراق بۆ وتووێژ لەگەڵ مەلا مستەفا گەیشتنە ئاکام، ئەوەی لە توانایان دا بوو سەبارەت بە بەهێز کردنی لەشکری شەرکەریان لە شیمال لە بواری نەفەرات و چەک و قورخانە و شێوەی جیاوازی شەر کردنیان و هەنگاویان بۆ هاویشت، لە هیچ بارێکەوە سەر نەکەوتن.

شورای شۆرش بە رێبەرایەتی ئەحمەد حسن البکر و صدام حسین وەک پارمەتی دەری سەرکۆمار، خودموختاری کوردستانی عیراقیان پەسەند کرد و ئامادە بوونی دەوڵەتی عیراقیان بۆ بەرێوە بردنی بریاری پەسندکراو و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و فێرکردن و بارهێنان و.....هتد راگەیاند و لە گشت کوردەکانیان داوا کرد تا بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامانە لەگەڵ حکومەت هاری کاری بکەن. بە گوێرەی بریاری شورای بەرزی شۆرش، تەواوی کارەکانی سەرووی عیراق لە بواری سیاسی و ئیداری و ئابووری و پەروەردەو کولتوری و ئاوەدانی و پێوەندیەکانی لە ماوەی پێنج ساڵدا ئەنجام دەدرێن و کوردەکان دەبنە خاوەن دەسەلات بە سەر چارەنووسی خۆیاندا.

زۆر بەلەز دەستی کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو بەڵێنیانە، هەرچەند

ئەم کارانە شوێنی گرنگی لە نێو کوردەکانی بن دەستی ئێران، تورکیە و سوریە دانا، هەرچەند ئەم سێ دەوڵەتە زۆر بە توندی و وشیاری ئاگایان لە کوردەکانی بن دەستی خۆیان بوو، کەچی نائارامی و ئاژاوە بە نهێنی لەو سێ وڵاتە دا دەستی پێ کرد. بەڵام بە هۆی دەوڵەتەکانەوە سەرکوت دەکران.

پروپاگاندە دژی ئێران زۆر توندو تیژ دەبوو. بە هۆی رادیۆ لە بەشی کوردی رادیۆ عیراق، کوردەکانی ئێرانیان بە نافەرمانی و شۆرش دژی دەوڵەتی ئێران دنە دەدران تا زیاتر راپەڕن.

جارێکی دیکە بە هۆی فەردوستەوە منیان بردە لای شاو ئەویش دەستوریدا زۆر بە نهێنی برۆمە لای برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە و پێیان بڵێم با مەسەلەی ناکۆکی و ناتەبایی لەگەڵ مەلامستەفا لەبیر بەرنەوە و لەوە زیاتر دژایەتی نەکەن. ئەوەی بۆ تەبلیغات لە رادیۆ یا بڵاوکردنەوەی بەیاننامە لە هەرێمی جیاجیای باکوری عیراق یا بەغدا پێداویستیان پێ هەیە، داوای بکەن تا بیان دەینێ. ئەگەر تا ئێستا پارەی تایبەتی شۆرش بە مەلامستەفا دراوە، لەمەودووا بە جیا پارە بۆ تەبلیغاتی پترو بەهێزبوونی روحیەی پێشمەرگەی حیزبی بە هۆی مرۆڤێکی بروا پێکراو بۆ حیزب رەوانە دەکرێ و پێتان دەدرێ. منیش دووای چوونم بۆ باکورو ئاخەوتن لەگەڵ سەرانی حیزب، نوری ئەحمەد تەها سەروانی پێشوی ئەرتەشی عیراقم دیت کە یەکێ لە بەرپرسانی حیزب بوو. ئەوم لەگەڵ خۆم بۆ تاران هێنا، نەخۆشیش بوو، دامە دەست دووکتۆرێک تا بە نەخۆشیەکەی رابگاو ئاگای لێ بێت. منیش هەموو مانگێ پارەیەک کە لە هوەیدام (سەرۆک وەزیری ئەوکات.م.) وەردەگرت، بەوم دەداو ئەویش دەیبردەوە بۆ باکوری عیراق.

## ئەسپاردنی کار لە شارەوانی گشتی وڵاتدا

ڕۆژێک وەزیرێکی پێشوی کورد زمانی عیراقی هاتە تاران و لە هۆتێل هیلتۆن میوان بوو، مرۆڤێکی شیاوو لە سیاسەتمەدارانی بەناوبانگ و ناسیاوی عیراق بوو، بردمە لای شا، لە پاشان شا وتی بچۆ لای فەردوست، چومە لای فەردوست، منی ناردەوە لای شا، شا وتی بۆ ئەوەی ڕاحەت و ئازادتر بە کارەکانت ڕابگەی لە شارەوانی گشتی وڵات ببە بە سەرۆکی ئیدارەی ئیتلاعات (مەبەست یانەی جاسوسیە. و.) تا باشتر بتوانی ئەو ئیدارە بخەیتەوە گەڕ، لەگەڵ مبصر ناسیاویت هەیە؟ وتم: بەڵێ لە مێژە، لەو کاتەی خوێندکاری زانستگەی ئەفسەری بوم و بە مەسلەحەت ببوومە ئەندامی حیزبی تودە و لە ڕێگای ڕۆیشتن بۆ ئازربایجان و چونە لای حکومەتی پوشالی و بێ دەسەلاتی ئازربایجان کە بە هۆی ئەو بەند کرام ناسیاویم هەیە. شا گوتی باشترە بچۆ لەگەڵ سپەهبود مبصر قسە بکە و بە موافەقەتی ئەو نچۆ لەوێ کار بکە.

من ئامانجم هەبوو، هەر وەک شا گوتبووی ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەوانیم کردە یەک ساواکی چکۆلە و پرکار.(دیارە مەبەست ساواکی کاتی نەسیری نییە بەڵکو کاتی پاکرەوان مەبەستە) بۆ دابین کردنی ویستی شا تا ئەو شوێنەی لە توانام دا بوو دریغم نەدەکرد.

## کاری سپەهبود تەیموری بەختیار پەرەی گرت

بەختیار شێرە پیاوێک بوو ئازا و دلێر، ئەم سەردارە لوڕزمانە نمونەی ئاوێنەیەکی گەورە بوو بۆ بەرەی داهاتوو کە چۆن خۆیان ئاگادارو تەیار بکەن بۆ خزمەت کردن بە ئێران. سپەهبود بەختیار لە ١٥ی خوردادی سالی١٣٤١ی هەتاوی (٦٣/٦/٤.م.) کاری چوبوە سەرو دەستی چاک دەرۆیشت. کاتێک صدام حسین وەک یارمەتی دەری سەرکۆمار بۆ جاری دووەم بانگی کردە عیراق، زۆر زوو دەستی کرد بە دامەزراندنی ناوەندی فێرکردن و بارهێنانی تەشکیلاتی پارتیزانی لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ئێران و کەسایەتیە بەناوبانگەکانی نارازی لە هەرێمی جیا جیای ئێراندا. هەروەها لەگەڵ ئەفسەران و دەرەجەدارانی هەلاتوو پێوەندی گرت و هەندی لە ئەندامانی حیزبی تودەی ئێرانیش کە لە ولاتانی ئەورپاو سۆڤیەت بوون بەوەوە لکان. منیش تا ئەو شوێنەی ئاگام لە کارو ئاکاری ئەو بوو، هەواڵم بە دەوڵەتی ئێران دەدا. ئەمریکاییەکانیش بە هۆی یانەی جاسوسی خۆیان، ساواکی ئێرانیان لە کارو باری بەختیار ئاگادار دەکرد. ئەگەر یانەی جاسوسی ئەمریکاو ساواک نەبوایە لەوانە بوو بەختیار بە دەستی کەسانی تر بکوژرێ. ئازایی و دلێری و دڵنیایی بێ جێ بە پیاوەکانی خۆی بووە هۆی تیاچوونی ئەو.

## صدام حسین کۆڵی نەدەدا

صدام داوای ئەروەند رووەی دەکردو بە هی عیراقی دەزانی، ئەهەر گەمی ئێرانی بێ ئالای عیراقی لەوێوە تێپەڕیبا هێرشی دەکردە سەر.

شای ئێران دووای گەرانەوەی لە ئەمریکا لە زانکۆی پدافەندی میللی ئامادە نەبوونی خۆی بە سەبەب و هۆکاری جیاواز بۆ دەستووردانی هێرش دژی عیراق راگەیاند. شا چارەی نەبوو، دەبوایە بە هەر هۆیەکی گونجاو لەگەڵ عیراق پێک بێ و پێوەندی دوو ولات سارێژ بێتەوە و ناکۆکی لەبەین بچێ. مەسەلەی خودموختاری لە کوردستانی عیراق کە قەرار وا بوو لە سالی ١٩٧٥ سەقامگیر بکرێ، نەیەڵێ بگاتە ئامانج و ئەنجام بدرێ. هاوکات لەگەڵ ئەم بیرو بۆچوونە کاروان هێشتادەرێدا بوو. شای ئێران هەولی دەدا لە رێگای دیکەوە و بە کەرەسەی دیکە شۆرشیان بە هێز بکا و بۆ بەربەرەکانی دژی هێزەکانی ئەرتەشی عیراق پشتیوانیان لێ بکا، تەنانەت لە کاتێکا کە ئێران ئامادە نەبوو دووسەت دانە چەکی سوکی لەکار کەوتووی وەک تفەنگ و موسەلسەلی برنو بدا بە پێشمەرگەکان لەو سەردەمەدا، دەستووری دا خومپارە، بازوکاو دۆشکەی دژی فرۆکە و ......بە یارمەتی دەرەجەدارەکانی ئێرانی بۆ وێرانکردنی سەدو بەربەندی ئاوەکان و... بدەن بە شۆرشیەکانی

کورد. شا هەمیشە لە بارەی بەجێگەیاندنی پەیمان و بەڵێنی و ئەنجامی بڕیارەکانی شۆرای بەرزی شۆڕش و هەروەها لە بابەت بەڕێوەبردنی خودموختاری کوردستان لە عیراقداو پێشوازی کردنی خەڵکی کورد، پرسیاری دەکرد. بە دانانی یەکێک لە کوردەکان بۆ ئوستانداری شاری سولەیمانی و هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی شارەدار لە زۆربەی شارەکانی کوردزمان، پینەو پەرۆکردنی جادەکان و... بیرو مێشکی شای ئێرانی بە خۆیەوە خەریک و تا رادەیەکیش ئاڵۆزی کردبوو. شای ئێرانیش بۆ ئەوەی تا رادەیەک ملە بە ملانی لەگەڵ عیراقدا بکات دەستی کرد بە ئاوەدان کردنەوەی شتی دیکە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردزمانی ئێران. بەڵام ئەم هەنگاوانە لە بەرانبەر خودموختاریدا کە ویستی هەموو خەڵکی کوردزمان بوو لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو وڵاتەکانی شوێنی نشتەجێی ئەوان، مەسەلەیەکی دیکە بوو. چوونکە خەڵکی کوردزمان بە گشتی لە دەسەڵات بە سەر وڵاتی خۆیان و هەروەها بەڕێوەبردنی ناوچە لە بواری ئیدارییەوە بەشدار نەدەکران. کەوا بوو هەرکارێکی دەکرا رواڵەت و مەسلەحەتی بوو، بڕوایان بە بنچینەیی ئەو نەبوو. ئەگەر لەم لایە ئەم کارانە لە ناوچەی کوردستان دەکرا لە لایەکی تر ساواک چار ناچار ژمارەیەکی خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی رۆژئاوای بە بیانووی جیاواز دەگرت. خەڵکی هەڵاتووی لە مەلا مستەفا وەردەگرتەوە، بە زیندانی یا ئیعدام مەحکومی دەکردن. ئەم سیاسەتانە لەگەڵ یەک ناتەبا بوون و ئاکامی ناڵەبارو پێچەوانەیان دەبوو.

## بەستنی پەیمانی ١٩٧٥–ی ئەلجەزایر

شای ئێران بە بێ هیچ پێشەکی یەک یا وتوویژو راوێژ لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی، ئاگاداری و نیزامی ولات بە ئامادە کردنی نهێنی و لە دەرەوەی جەغزی ئاگاداری کاربەدەستانی نێوخۆیی، لە ڕێگای کاربەدەست و کەسایەتیەکی هەلکەوتووی ئیتلاعاتی ولاتێکی دۆست، لەگەڵ ژەنرال بومەدین سەرکۆماری ئەلجەزایر کە لەگەڵ ئەو کەسایەتیە دۆستایەتی هەبوو، بۆ وەلانانی ناکۆکی نێوان دوو ولاتی عیراق و ئێران وتوویژی پێویستیان پێک هێنا. ئەنجامی ئەم وتوویژە و ناوبژیکەری بومەدین بە بۆنەی پێکهاتنی کۆبوونەوەکانی ئۆپێک، بو بە هۆی سەفەری پاشای ئێران بۆ ئەلجەزایر. لە ئاکامدا شا لە تەک صدام حسین کەوتە ئاخەوتن و بەیاننامەیەک لەو بابەتەوە بلاو کراوە و دەستەی نوێنەرایەتی بۆ وتوویژ دیاری کران و لە ژێر چاوەدێری ئاغای دوکتور قاسمی دا کە ئەو دەم سەرۆکی ئیدارەی یەکەمی وەزارەتی دەرەوە بوو، پەیمانی ١٩٧٥ کە بە قەراردادی ئەلجەزایر ناسرا، لە لایەن وەزیرانی دەرەوەی دوو دەوڵەتی ئێران و عیراقدا ئیمزا کرا. دووای ئیمزای قەراردادەکە شای ئێران بە ئەرتەشبود نەسیری دەستوری دا تا مەلامستەفا بانگ بکەنە تاران. کاتێ هاتە تاران شا پێی گوت: ئێمە ئیختلاف و مەشاکیلی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی عیراق کۆتایی پێ هیناوە و ئەمانەوی لەگەڵ عیراق

که جیرانەو زۆربەی خەلکەکەی شیعەیەو لانی کەم دوو میلیۆن حەشیمەتی ئەوی کوردەو لە هاورەگەزو برایانی ئێمەن، ئەمانەوی پێوەندیەکی دۆستانەمان هەبێ و قەراردادێکیش لەم بارو بابەتەوە ئیمزا دەکرێ، لە تۆش داوا دەکەم بە هەموو بەرپرسانی حیزبی و پیشمەرگە رابگەێنی کە لەم سەعاتەوە شەر لەگەل ئەرتەشی عیراق تەواو بوە و کەس هەقی نیە سەرئێشە بۆ دەولەتی عیراق ساز بکات. ئێمە لەمەو دووا بە هیچ چەشنێک یارمەتی بە درێژە پێدانی شۆرشی کورد ناکەین. ئەوەی پێوەندی بە ئێران و دەولەتی شاهەنشاییەوە هەیە ملە بە ملانی لەگەل دەکەین. ئێوەش لەگەل مالباتی خۆتان و هەر یەک لە سەرکردەکانی حیزبی یا پێشمەرگە و مالباتیان ئەگەر بتانەوێ یا بیانەوێ دتوانن پەنابەری ئێران بن و ژیان و ئاسایش و ئەمنیەتی گیانی هەمووتان دابین دەکرێ، و لە هەر شوێنێک دەولەتی شاهەنشاهی بیبەوێ جێگاو رێگاتان پێ دەدا. مەلامستەفا وەک هەمیشە پێی سەیر نەبوو، دەیزانی چی روودەداو چۆن دەبێ، بێ دەربرینی بیرورا ئیجازەی ویست کە بگەرێتەوە بۆ ناوچە، مەلامستەفا گەرایەوەو بۆ ناوچەی شیمال دەستوری دا هەموو سەرۆک و بەرپرسانی حیزبی و فەرماندەکانی لەشکرو یەکانی ناوچە جیاوازەکان لە شوێنی دانشتنی ئەو کۆبنەوە. قسەکانی شای ئێرانی گێراوەو گوتی، "من بۆ درێژە پێدانی شەر ئامادەییم نیە و دەچمە ئێران هەر یەک لە بەرپرسانی حیزبی و یا پیشمەرگەکان کە دەیانەوێ بچنە ئێران ناوو ئەژماریان بدەن بە من تا چۆنیەتی مانەوەو دانشتنیان بدرێ بە بەرپرسانی ئێرانی. هەرکەسێکی ناچێتە ئێرانیش خۆی دەزانێ دەچێتەوە مالی خۆی یا هەر بریارێکی تر دەدا. دیاریکردنی شوێنی مانەوەیان و ژیانیان لە ئێران بە دەست کاربەدەستانی ئێرانی یەو پێش ئەوەی بچنە ئێران دەبێ

چەک دابنێن یا لەگەڵ چوونی ئێران، بیاندەن بە بەرپرسانی سنووری ئێران، هەندێ لە سەرکردەکان و پێشمەرگەکان بە دژی ئاگر بەس وەستان و رایان گەیاند کە ئێمە سێزدە ساڵە بۆ بەدەست هێنانی مافی رەوای خۆمان لەم شاخ و داخە خەریکی شەرو بەرپەرچ دانەوەی هێرشی دووژمنین، ئێمە بە چنگ و ددان بێ یارمەتی شای ئێران تا دووا هەناسەی ژیانمان بەشەر درێژە پێدەدین. مەلامستەفا گوتی: ئەمە تەنیا لێ برانی شای ئێران نییە، دەوڵەتە گەورەو زل هێزەکانی تر بیرو رایان وایە کە یارمەتی کورد نەدەن. ئێستا وام پێ باشە شەر راگرین تا دەرفەت و هەلی ترمان بۆ دەرەخسێ. ماوەیەک پشو بدەین و هێزمان تازی کەینەوە تا بزانین چۆن دەبێ. جەلال تالەبانی و برایم ئەحمەد رایان گەیاند نیازێک نییە دانیشین تا بزانین چ دەبێ، ئەمرۆکە ئەو هەموو پێشمەرگە چەکدارەمان هەیە، ئەتوانین شەر بکەین سۆزی کە خۆ بدەین بە دەست دەوڵەتی ئێران و عیراقەوە و چەک بکرێن، بە چ هیواو هۆیەکەوە بتوانین دووبارە هەستینەوە ئێمە دژی شەرووەستان و چوونی ئێرانین. ئێمە بەشەر دێین تا دەکوژرێین یا بە مافی خۆمان دەگەین. مەلامستەفا لەگەڵ ئێدریس و مەسعودی کوریدا هاتنە ئێران و لە عەزیمییەی کەرەج لە خانوبەرەیەکی گەورە کە خاوەنەکەی رەزا ئێرەوانی شیرازی بوو، نیشتەجێ بوون.

برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی و رابەرانی دیکەی کوردستان کاتێ دیتیان یارمەتیەک بەوان ناگاو مەلاو دارودەستەکەی لەوان جیا بوونەوەو دەوڵەتی ئێرانیش ئیجازەی داوە بە سپای عیراق تا لە مەڵبەندی میهرانەوە بێنە ئێران و بچنە لای خانێ(پیرانشار) و لە پشت سەر پێشمەرگە دابەزین و ئەوانیان دەورەو ئابلۆقە دا. بەناچار ئەوانیش لە ئێران داوایان کرد تا بێنە ئێران، یا لەوێ بمێننەوە یا

ئیزنیان بدا بچنە هەندەران. ئێرانیش ئیجازەی دا. لەو سەروبەندە دا بوو کە جەلال تالەبانی کچی برایم ئەحمەدی خواست و ئێستا دوو کوڕی لەو هەیە کە لە ئینگلیس دەرس دەخوێنن. جەلال تالەبانی خۆی لە زانکۆی بەغدا لیسانسی حقوقی وەرگرتووە. ئەو چ لە کاتی دەرس خوێندن یا دووای ئەوە هەمیشە خەریکی حیزب و لە شەڕدا بووە، جا دووای هەوە لە ئێران ڕۆیی ماوەیەک لە سوریە مایەوە، سەرئەنجام برایم ئەحمەدو ئەو چوونە ئینگلیس و لەوێ بوونە پەنابەر. جەلال تالەبانی بەر لە شۆڕشی ئێران چووە قاهیرە و دوکتورای حقوقی لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرت، برایم ئەحمەدو جەلال تالەبانی ئەمنیەتیان وەرگرت و چوونەوە بەغدا و لەگەڵ سەدام وتوویژان کرد و بە ناوبراویان گوت ئەوان بۆ کارو پلەو پایەی وەزارەت خەباتیان نەکردووە، ئەوان پێشمەرگەی کوردن کە بۆ مافی خۆیان و میللەتی کورد شەڕیان کردووە. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە عیراق چوونەوە ئینگلستان. برایم ئەحمەدیش خوێندەواری حقوقی هەیە و پارێزەرو شاعیرو نووسەریشە. جەلال تالەبانی دووای جیا بوونەوەی لە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق ڕێکخراوێکی بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێک هێنا. لە دەست درێژی عیراق بۆسەر ئێران و لە ماوەی شەڕی داسەپاوی هەشت ساڵەی دا شان بە شانی هێزەکانی چەکدارو ڕێکخراوەکانی ئێران لە تەک سپای عیراقدا بەشەر هات و لە نیشتمانی خۆی ئێران پارێزگاری کرد.

بەشەکەی دیکەی پارتی دیمۆکرات هەر بەو ناوە مایەوەو لە سەرەتاوە ئیدریس بەرپرس بوو کە کوڕی دووەمی مەلامستەفایە. دووای مردنی ئەو کە بە ڕاوەستانی دڵ مرد، مەسعودی برای بووە بەرپرسی پارتی دیمۆکرات. ئەم حیزبەش دووای هێرشی عیراق بۆسەر ئێران کەوتە یارمەتیدانی جانبازانی ئێرانی بە دژی سپای

عیراق، سەرکەوتنی هەر دووبەشی حیزب لە هەریمی جیا جیای باکوری عیراق زۆر بەرچاو و جێگای شانازی بوو.

دووای نیشتەجێ بوونی مەلامستەفا لە سالی ١٩٧٥ لە ئێران بەرپرسان و لایەنگرانی ئەو هاتنە ئێران، دووای بەخشینی گشتی کە بە هۆی دەوڵەتی عیراقەوە راگەیندرا، هەندێ لە پێشمەرگەکان چوونەوە سەر خان و لانی خۆیان. ئەوانەش وا بروایان بە بەعسی نەبوو، هاتنە ئێران و لە هەریمی جیا جیای کرماشان نیشتەجێ کران.

بەمجۆرە ئاگرێ کە سێزدە سال بلێسەی دەکرد کوژایەوە. بۆنی خوێن و کەلاک و باروت و دووکەل کە لە سووتاندنی مال و مالباتی پتشمەرگەو کوردی بێ تاوان لە ئاسۆوە بەرز بۆوە. هیواو ئارەزوی کوردی نیشتەجێی ئەو مەلبەندەی جیاکراوە لە ئێران لە نێو چرە دووکەلدا دەچوە ئاسمان، بەلام:

هەزاران ئەفسەر، دەرەجەدارو سەربازی عیراق، بە سەدان کەس لە پێشمەرگەی عیراقی، بە دەیان کەس لە ئێرانیەکان کوژران. هەزاران خانوبەرە وێران و بە سەدان ئاوەدانی لە هەریمی باکوری عیراق لەگەل خاک تەخت کران. بە میلیارد پارە بۆ یارمەتی و پشتیوانی لە شۆرشی پێشمەرگانی کوردزمان و بە نەتیجەی سەرنج راکێشی پێشبینی نەکراو خەرج کرا، بە ملیۆن فیشەک، گوللە توپ، خۆمپارە، بازوکاو بۆمب تەقێندراو تیا چوو. دەیان کەسی بەرپرسی کاروباری جەبهەیی و پشتیوانی هێزەکانی شەرکەر و شەری پارتیزانی لە خاکی کوردستانی عیراقدا بوون.

تەنیا بە ئەندازەی قامکی یەک دەست گەلالە دارێژ، رابەری عەمەلیات و فەرماندەکان و سەرانی بەرپرس بۆ دابینکردنی سوودو بەرژەوەندی دەوڵەتی ئێران لە تەقەلاو تێکۆشاندا بوون. تەنیا دوو

وڵات لە دنیادا لە رازی نهێنی ئەم گەلالە گەورەی سێزدەساڵە ئاگادار بوون و دەستی تێوەردانی راستەخۆ یا نارستەخۆی ئەوان بوو کە بەراستی نرخی راستەقینەی دەوڵەتی ئێرانی دابەزاند کە سازدەرو بەڕێوەبەری گەلالەکە بوو لە راست شەرکەرەکانەوە. بەلام شای ئێران لە دەرەتانێکی شیاودا توانی رێبەرانی عیراقی مەجبور بکا کە مل بۆ ویستەکانی دەولەت و ئارەزوی میللەتی ئێران دانەوێنن ئاخرەکەی قەراردادی ئەلجەزایر کە بە پەیمانی ئەلجەزایر بەناوبانگەو نەتیجەو دەستکەوتێکی زۆر بەرچاوی بۆ دەوڵەتی ئێران بەدەست هێنا. ئەم رووداوە نەک هەر وەک شانازی بوو بۆ دەورانی سەڵتەنەت و دەسەلاتداریی ئەو لە مێژوودا تۆمار دەکرێ، بەڵکو هەموو بەرپرس و هەڵسورێنەرانی ئەم گەلالە مەزنە کە لە راستیدا هەر لە سەرەتاوە ناوێکی پر بە پێستی یان لەسەر دانا، واتە (گەلالەی پیرۆز) زیاتر سەربەرزو لە ویژدانی خۆیاندا هەست بە فیزو سەربەرزی و خزمەتگوزاری بەراستی بۆ ملک و میللەتی گەورەی خۆیان دەکەن.

## پێداچوونەوەی دەنگدانەوەی پەیمانی ١٩٧٥-ی لە نێو کوردەکاندا

وتوویژو چاوپێکەوتن و رێککەوتن و ئاخرەکەی پەیمان بەستن. شێوەی بانگ کردن و راگەیاندنی هەڵوێست بە مەلا مستەفا و بریاری خێرای شەر راگرتن و چەک دانان، هێنانی لەشکری ئێران بۆ پشت سەری پێشمەرگەکانی کوردی عیراقی کە ماوەی ١٣ساڵ لەو پەری ئازایەتیدا، لەبەرانبەر لەشکری عیراق شەریان کردبوو. شێوەی

وەدەرکەوتنی سووکایەتی بەرپرسان و پیشمەرگە لە ناوچەو هاتنیان بۆ ئێران و زۆر شتی تر ، بوو بە هۆی ئەوە کە بڵاوکراوەی نهێنی کوردەکانی ناوچە جیاکراوەکانی لە ئێران و پاشان بە ئاشکرا دژی دەوڵەتی ئێران و بە تایبەت شای ئێران تەبلیغاتی خراپ بکەن. چەپەکانی ئێران و وڵاتانی تر لە بارو دۆخ کەلکیان وەرگرت لەگەڵ ڕێکخراوە کوردیەکان گەڵاڵەی هاوکاریان دارشت. ئەو کوردانەی لە سەرانسەری جیهان لە کاتی شەری ١٢ ساڵەدا کە لەبارەی سیاسەت و شای ئێران پرسیاریان لێ کرابا، جگە لە ئافەرین و پیهەڵاگوتن و خۆ بە ئێرانی دانان، شتێکی دیکەیان بەسەر زماندا نەدەهات، لە هەموو دەرفەت و هەلکەوتێکدا، باسی بێ وەفایی کاربەدەستانی ئێرانی و پشت بەردانی ئەوانیان دەکردو بریاری تۆڵە ئەستاندنەوەیان دەدا. ئەم مەسەلەیە بوو بە هۆی ئەوە کە دەنگدانەوەی پەیمان لە نێو کوردەکانی نشتەجێی سەرزەمینەکانی جیابۆوەی لە ئێران و هەروەها سیاسی و خوێندەوارانی لە وڵاتانی جۆر بەجۆری ئوروپا لێکۆڵینەوە بکرێ و نەتیجەشی بە پاشا رابگەیەنرێ.

رۆژێک بە هۆی پاکرەوان چوومە لای شا، لە قەراردادی ئەلجەزایر زۆر شاد و بە کەیف بوو، بەڵام لە دژایەتی کردنی کوردەکان بە دژی شا لە هەندەران زۆر دڵگران بوو. دەستوری پێدام برۆم بە نهێنی لە هەندەران چاوم بە سەرکردەکانی حیزب و ئەو کوردانەی کە هاوکاریان لەگەڵ ئێمە دەکرد، بکەوێ کە بۆ چ ئێستا وا دژی ئێمە وەستاون. لەو کارو بارە بکۆڵەوەو رێگا چارەیەک بەۆزمەوە. منیش وتم چۆن شا دەستور بدەن ئاوا دەکەم. لە پاشان هۆی سەفەرم سازدا و لە سەرەتاوە چوومە لەندەن و پاریس و ئالمان کە ناوەندی تێکۆشانی مەکۆی سیاسی کوردەکان بوو. لە گەرانەوەدا سەرم لە سوریە، تورکیە، لوبنان و

عیراق داو دووای مانگێک هاتمەوە تاران. راپۆرتێکم ئامادە کرد، تەنانەت ئەو جوێنانەی وا بە دەرو دیواری مێترۆکانەوە بە دژی شا لەو ولاتانە نوسرابوو، تەنانەت ئەو مەقالانەی وا بە تەشەر لە رۆژنامەکانی هەندەران نووسرابوو، بە وردو درشتەوە نوسی و نامە دەفتەری تایبەت.

رۆژێک بە هۆی سپەهبود بەدرەیی کە خەلکی شارێک و دوستم و فەرماندەی گاردی شاهەنشایی بوو، چوومە لای شا، وتی: هەوالەکانی تۆم خوێندوە، پێم خۆشە خۆت بۆم بگێریتەوە، منیش دەستم پێکرد و بۆم گێراوە و وتم: کوردەکان لەو کارەی وا لەگەلیان کراوە نارازین، شا بە تورەییەوە، بە دەنگی بەرز وتی: دەیانەویست لەبەر ئەوان سودو بەرژەوەندی ولاتم بنێمە ژێر پێ، ئەمە چ فکرێکی ئەحمەقانەیە. وتم: ئەوان چاوەروانێکی وایان نەبووە و نییە، چون هەر کورد زمانێ لە هەر قژبنێکی جیهان دەژی خۆی بە ئاری و لەگەل ناسیۆنالیزمی ئێران بە پێوەندی دار دەزانێ. ئەوەی کە دووای سێزدە سال شەرو مالوێرانی و دەربەدەری و شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگەی کورد، بە سوکایەتی پێکردن دەربکرێن و سپای عیراق لە ئێرانەوە بێن و پشتیان لێبگرن و ئابلۆقەیان بدەن. شا بە سەر سوورمانەوە وتی: کێ و چ رێکخراوێک کاری وای لەگەل کردوون، وتم: بە هۆی ساواکەوە، وتی: بە پاکرەوان بلێ لەگەل نەسیری قسە بکا تا نەسیری ئەمەم بۆ روون بکاتەوە. هەرچەند ئاوێکم بە ئاگردا کردو شام لەو حالەتە دەرهێنا، بەلام ئاگری کینەو رقی نەسیریم سەبارەت بە خۆم هەلایساند. شا وتی: ئێستا دەبێ چ بکەێن؟ وتم: ئەگەر شا بیەوێ دەبێ لە دەرەوەی هێزی ساواک، تەنانەت بە بێ ئاگاداری ساواک ئەو کارانە ئەنجام بدرێ. لە وەلامدا شا

وتی: گەلاڵەیەک ئامادە بکە تا بزانم چبکەین! منیش گەلاڵەیەکم ئامادە کردو دامە دەست پاکرەوان و ئەوانیش بردیان و بێ وەڵام مایەوە، هەر کاتێک لە بابەت گەلاڵەکەوە پرسیارم دەکرد، وەڵامێکیان نەبوو، ئەم بێ وەڵامییە، بەردەوام ما تا بۆ دەرس خوێندن چوومە ئامریکاو دوویەش شا مرد.

## ئاڵ و گۆڕ لە بابەت من و ساواک

دووای ئیمزا کردنی قەراردادی ئەلجەزایر کار گەیشتە ئێرە کە ساواک دەست بداتە گۆڕینەوەی ئاگاداری و هاوکاری لەگەڵ عیراقدا بۆ بە ئاکام گەیاندن و بەرێوە بردنی ئەو قەراردادە. چەند کۆڕو کۆمەڵ بە نێوی جیا جیا هاتوچۆی هەر دوو وڵاتیان دەکرد. لە بابەت ملە بە ملانی کردنی لە گەڵ کۆمۆنیزم و چاوەدێری کردن لە بزوتنەوەی کوردو... هتد، چەند گەلاڵەیان دارشت و بردیان بە رێوە. هەرچەند بەرنامەی هونەری و غەیرە بۆ راگرتنی کوردەکانی ئێران بەرێوە دەبرا یا کاری باش لە بابەت دامەزراندنی کوردە پێشمەرگە پەناهێنەرەکاندا ئەنجام دەدرا، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردەکان ئازار درا بوون، ئەو کارانە ئەوەندە جێگای نەدەگرت.

لەو سەر دەمەی وا شا لە کاتی سەرکۆماری کارتێر-ی بادام فرۆش چووە واشینگتۆن لە لایەن ساواکەوە دەستوور درابوو کە لە سەرتا سەری ئامریکا هەر ئێرانیەک بیەوێ بۆ پێشوازی کردن لە شای ئێران بچێتە واشینگتۆن دی‌سی. خەرج و مەخاریجی سەفەرو سێ رۆژ مانەوەیان پێ دەدرێ. من لەگەڵ ئەوە دژ بووم و رامگەیاند لەوانەیە تودەییەکان، حیزبی و خوێندکارانی ئەندامی کۆنفیدراسیۆنەکانی دژی شاو رژیم بە پارەو دراوی ئێران بچنە

واشینگتۆن و بە دژی شا خۆ نیشان بدەن. ئاغای سەفی نیا سەرکۆنسولی ئەوەم لە سانفرانسیسکۆ و خوێندەوار، وتی: ئەمە ساواک بە قسەی شا ئامادەی کردوە، قسەی لێ نەکەین باشە. دیار بوو نەسیری لە ڕێگای خۆیدا ساواک، کە بۆ بەرژەوەندی و سودی نەتەوەی گەورەی ئێران پێک هاتبوو، لای دابوو. ئەوە بوو، بوە ئاژاوەو تیاچونی رژیم. کە سەرئەنجام هەموو ئەو تاقمانەی دژ بە شاو رژیم بوون یەکیان گرت و و لە بن چەتری ئایەتوللا روحوللا خومەینی دا لە پاریس راپەرین و بەخت و تەختی شاو ساواکیان تەفرو تونا کرد. من کە لە ئێران دوور بووم، بە رابردوو، و بە گشت ئەوانەی وا بە باهات و باروبی بیرم لێدەکردەوە. بە داهاتو، بە ئێرانێکی ئاوەدان، سەربەخۆو ئازاد و بەشداریکردنی خەڵکی ئێران لە دابینکردنی چارە نووسی خۆیان، بیرم لە پێگەیشتن و سەرکەوتن و تەرەقی و دادگەری کۆمەڵایەتی دەکردەوە. برواو باوەرم بەمەیە کە بەوانە دەگەین. بە هیوای ئەو رۆژە، بە یارمەتی و هێزی بێ زەوالی کۆمەڵگای گەورەی ئێران. چونکە هەر ئێرانیەک هەمیشە شانازی بە نیشتمان ویستی و گیان بەخت کردن بووە و هەیە. ئەمە رازی مانەوەی ئێرانە، ئەو سەررەویە پاکە ئاهورایە کە: ئێران هەمیشە زیندووەو دەمێنێتەوە.

تەواو بوو
ناسر ١٩٩٦

Isa Pezhman

# NIHINIEKANI BESTENI PEIMANI 1975- I ALJEZAIR

WARGER: Naser Ebrahimi